زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# رۆڵی دەزگاكانی چاودێریكردنی میدیایی، لە چاودێری كەناڵەكانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی كوردستان- عێراق دا

**(توێژینەوەیەكی ڕووپێوی یە)**

نامەیەكە

پێشكەشی ئەنجومەنی كۆلێژی ئەدەبیات- زانكۆی سەڵاحەدین- هەولێر

كراوە وەک بەشێک لە پێداویستییەكانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی (ماستەر)

لە راگەیاندن، لقی تەلەڤزیۆن.


لەلایەن

**گەشاو عەلی فەرەج**

بەكالۆریۆس لە راگەیاندن – زانكۆی سەلاحەدین, ٢٠١٤


بەسەرپەرشتی

**پ.ی.د. سامان جەلال مەولود**

هەولێر – كوردستان

حوزەیران ٢٠٢٠

**بەڵێننامە**

بەڵێندەدەم کە ئەم ماستەرنامەیە, پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە، هەمووی کاری رەسەنی تاکەکەسیی خۆمە، کە بە ناونیشانی (**رۆڵی دەزگاکانی چاودێریکردنی میدیایی، لە چاودێری کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان- عێراق دا**)، جگە لەو سەرچاوانەی کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردوون، هەموو نووسینەکان و دەرەنجامەکانی توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە، بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لەبەشی راگەیاندن/ کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەدین.

واژۆ:

ناوی قوتابی: گەشاو عەلی فەرەج

رێکەوت: / /٢٠٢٠

## پشتگیری و ڕەزامەندیی سەرپەرشت

ئەم (نامەیە) بە سەرپەرشتی من ئامادەکراوەو نووسراوەو نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی (ماستەر) لە پسپۆڕیی ڕاگەیاندن، من پشتگیری دەکەم و ڕازیم کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەشی لیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

واژۆ:

سەرپەرشتیار

پ.ی.د. سامان جەلال مەولود

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/١٥

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێ کراوەو هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندیی سەرپەرشت، من ئەو نامەی ماستەرە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

واژۆ:

سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن

د. هوشیار موزەفەر عەلی

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/١٥

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێکراوە، بۆیە ڕازیم کە ئەم نامەی ماستەرە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلێژ:

واژۆ:

شوان محمدأمین طه

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/١٥

# بڕیاری لیژنەی تاوتوێکردن

ئێمە ئەندامانی لیژنەی تاوتوێ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەی ماستەرە کە بە ناونیشانی (**ڕۆڵی دەزگاکانی چاودێریکردنی میدیایی، لە چاودێری کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان- عێراق دا توێژینەوەیەکی ڕووپێوبە**) لەگەڵ قوتابی (**گەشاو عەلی فەرەج**) تاوتوێ و گفتوگۆمان کرد لەبارەی ناوەڕۆک و سەرجەم لایەنەکانی تری نامەکەی کە پێداویستییەکانی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆریی ڕاگەیاندنی تێدایە. ئێمە بڕیارماندا بە پلەی (                ) بڕوانامەی ماستەری لە ڕاگەیاندن دا پێبدرێت.

واژۆ:

ناو: د. سامان جلال

ئەندام

ڕێکەوت:   /   /٢٠٢٠

واژۆ:

ناو:

ئەندام

ڕێکەوت: ٨/٩/٢٠٢٠

واژۆ:

ناو:

ئەندام

ڕێکەوت: ٨/٩/٢٠٢٠

واژۆ:

ناو:

ئەندام:

ڕێکەوت: ٨/٩/٢٠٢٠

## پێشکەشە بە:

- ڕۆحی پاکی باوکم
- دایکی دڵسۆزم
- جگەرگۆشەکەم (گەشاوی بچوک)
- براو خوشکە خۆشەویستەکانم
- مامۆستا بەڕێزەکانم
- ڕۆژنامەنووسان و میدیاکاران

توێژەر

## سوپاس و پێزانین

سوپاس بۆ خودای گەورە میهرەبان، سوپاس وپێزانینم بۆ هەموو ئەو بەریزانەی کە هاندەرو هاوکارم بوون تا تەواو کردنی نووسینی ماستەرنامەکەم ماندوو بوون لەگەڵم، وێرای چەندین ئاستەنگ کە هاتنە رێگەم، بە پشتیوانی خودای گەورەو دڵسۆزی خانەوادەکەم توانیم بەسەریاندا زاڵ بم و ئەنجامدانی کارەکانم بە سەرکەوتوویی تەواو بکەم.

بە پێویستی دەزانم سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی هەمووئەو بەرێزانە بکەم کە هاوکارم بوون لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا، بە تایبەتی سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم (پ.ی.د سامان جەلال مەولود) کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم توێژینەوەیەی لە ئەستۆگرت و هەمیشە یارمەتی دەرم بوو.

سوپاس بۆ بەرێوەبەری خوێندنی باڵای زانکۆی سەلاحەدین بەرێز (د. دڵشاد مەحمود عبدالرحمان)، سوپاس بۆ سەرۆکی بەش (د.هوشیار موزەفەر ئەمین) و هەریەک لە مامۆستا بەڕێزەکانی بەشی راگەیاندنی زانکۆی سەلاحەدین.

سوپاس بۆ ئەو بەرێزانەی کە بە تێبینی و پێشنیار و زانیاری و سەرچاوەی زانستی یارمەتیدەرم بوون، سوپاس بۆ هەموو ئەو مامۆستا و هاورێ و رۆژنامەوان و میدیاکارانەی شاری هەولێرو شارەکانی تری هەرێمی کوردستان، لە سەرجەم زانکۆو دامەزراوە میدیاییە فەرمی و نافەرمیەکان، کەهەریەکەو بەپێی تواناو پسپۆری خۆی یارمەتیدەرم بوون .

سوپاس بۆ بەرێوەبەران و فەرمانبەرانی کتێبخانەی زانکۆی سەلاحەدین، کتێبخانەی زانکۆی سلێمانی, لە دوا وتەمدا سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی بە وشەیەکیش بێ هاوکاروپشتیوانم بوون.

توێژەر

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (ڕۆڵی دەزگاکانی چاودێریکردنی میدیایی، لە چاودێری کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان- عێراق دا)یە. ئامانجی لێی خستنە ڕووی گرنگی دەزگای چاودێری یە بۆ کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن، هەوڵدان بۆ دامەزراندنی، وە دۆزینەوەی ئەو ڕێگا و شێوازانەیە کە بۆ چاودێری چالاکی میدیاو ناوەڕۆکی پەیامی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن گرنگ و پێویستن، بە مەبەستی (سانسۆر) لەسەرئازادیی رادەربرین.

ئەم توێژینەوەیە دراسەیەکی وەسفی یە بە بەکارهێنانی میتۆدی ڕووپێوی لەسەر ئەو بنەمایەی کە میتۆدێکی گونجاوە لەگەڵ ئەو ئامانجەی توێژینەوەکە دەیەوێ بەدەستی بهێنی، بەمەبەستی بەدەستهێنانی داتاو زانیاری و گەیشتن بە ئامانجی کێشەی توێژینەوەکە، کەخۆی لە نەبوونی دەزگای چاودێریکردنی میدیایی و لاوازی دامەزراوە کارگێڕییە فەرمییەکان یاساو کە پەیوەندارن بە ئامرازەکانی بینراو لە هەرێمی کوردستان کە بۆ چاودێری و ڕێکخستنی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن بوونیان هەیە.

ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە دەزگای چاودێری کردنی میدیایی لە هەرێمی کوردستان بەتایبەت بۆ کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن بەپێویست زانرا، وە هەموارکردنەوەی یاساو ڕێسابەرکارەکان کە مامەڵە لەگەڵ میدیا دەکەن, وە زیادکردنی بڕگەو مادەی تایبەت بە ئامرازەکانی بینراو و بیستراو لەو یاسایانەدا.

ئەو دامەزراوە ڕێکخستنەوەی فەرمیانەی کە پەیوەنددارن بە کاری میدیایی کەمکردنەوەی دەستوەردانی حیزبی تیایدا تا بتوانن سەرنجی زیاتریان لەسەر کوالیتی ناوەرۆک و پەیامی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن بیت لە هەرێمی کوردستاندا.

وە ئامادەکردنی پرۆژە یاسای نوێ تایبەت بە ئامرازەکانی بینراو و بیستراو، ئەو دەرئەنجامەی بەدەست هات لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە گەیاندینە خستنەڕووی چەند ڕاسپاردەو پێشنیارێک کە گرنگترین ڕاسپاردە دامەزراندنی دەزگای چاودێریکردنی میدیاییە بۆ چاودێری کردنی چالاکی میدیا بەگشتی و کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن بەتایبەتی بە مەبەستی جۆرێک لە چاودێریکردنی پیشەیی و بابەتی لەپێناو دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان ئازادی ڕادەربڕین و ڕێزگرتن لە مافی تاک و کۆمەڵگەو پاراستنی بەرژەوەندی گشتی لە پەیامەکانیاندا بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتان خاوەن ئەزموون و پێشکەوتوو لە بوارەکەدا.

بەهۆی نوێ بوونی بابەتەکەو گەورەیی کێشەکە وە نەبوونی یاخود کەمی ئەنجامدانی توێژینەوە لەبارەیەوە پێشنیار دەکەین هەوڵ بدرێت توێژینەوەی زیاتری لەسەر ئەنجام بدرێت، بە مەبەستی خستنەڕووی گرنگی زیاتری دەزگایەکی چاودێری میدیایی و شیکردنەوەی زیاتری ئەو ڕەهەندانەی کە لەم توێژینەوەیەدا نەتوانرا زیاتر لەبارەوە بدوێن.

# کورتکراوەکان

| کورتکراوە | رستە | واتاکەی |
|---|---|---|
| PCC | Press complaints commission | لیژنەی سکاڵای رۆژنامەوانی |
| RA | Radio Authority | دەسەڵاتی رادیۆ (بەریتانیا) |
| FCC | Federal communications commission | لیژنەی گەیاندنی فیدرالی |
| SWI | Swiss information | سەرچاوەی زانیاریی سویسرا |
| IPSO | Independent press standards organization | دەستەی پێوەری رۆژنامەوانی سەربەخۆ |
| SPJ | Society of Professional Journalists | کۆمەڵەی رۆژنامەوانانی پیشەیی |
| CNN | Cable News Net Work | تۆری هەواڵەکان |
| SCM | Syrian center for media and freedom | مەڵبەندی سوریا بۆڕاگەیاندن وئازادی ڕادەربرین |
| CMC | Communications and media commission | دەستەی ڕاگەیاندن و گەیاندنی عێراقی |
| IRIB | Islamic republic of Iran broadcasting | ئاژانسی هەواڵی کۆماری ئیسلامی ئێران |
| GIJN | global investigative journalism network | تۆری رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری جیهانی |
| CPJ | Committee to protect journalists | لیژنەی داکۆکیکاری رۆژنامەوانی |
| OFCA | Office of the communications authority | نوسینگەی دەسەڵاتی گەیاندن, وڵاتی چین |
| FICORA | The finnish communications regulatory | دەستەی ریکخستنی میدیایی و گەیاندن |
| V-chip | Viewing television responsibility | سەیرکردنی تەلەفزیۆن بەبەرپرسیاریێتی |
| OfCOM | The UKs communications office regulator | نوسینگەی رێکخستنی, پەیوەندیەکان لە بەریتانیا |

# پێڕستی بابەتەکان


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| بەڵێننامە | i |
| پشتگیری و ڕەزامەندیی سەرپەرشت | ii |
| بڕیاری لیژنەی تاوتوێکردن | iii |
| پێشکەشە بە | iv |
| سوپاس و پێزانین | v |
| کورتکراوەکان | vi |
| پێرستی بابەتەکان | vii |
| پێرستی خشتەکان | x |
| پێشەکی | ١ |
| **بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە** | ٤-١٧ |
| یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە | ٥ |
| دووەم: گرنگی توێژینەوەکە | ٥ |
| سێیەم: پرسیارەکانی توێژینەوە | ٦ |
| چوارەم: ئامانجی توێژینەوەکە | ٦ |
| پێنجەم: جۆری توێژینەوەکە | ٧ |
| شەشەم: ئامرازەکانی توێژینەوەکە | ٧ |
| حەوتەم: ڕاستی و ڕواڵەتی و جێگیریی | ٨ |
| هەشتەم: کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوە | ١٠ |
| نۆیەم: سنووری توێژینەوە | ١٠ |
| دەیەم: ئاستەنگەکانی توێژینەوە | ١٠ |

| | |
|---|---|
| یازدەم: توێژینەوەکانی پێشوو | ١١ |
| پێناسەو چەمک و ئەرکی میدیا | ١٤ |
| **بەشی دووەم: قۆناغەکانی دروست بوون و گەشەکردنی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان** | ١٨-٣٢ |
| **باسی یەکەم: قۆناغەکانی گەشەکردنی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان** | ١٩ |
| ٣-١: سەرهەڵدانی تەلەڤزیۆنی کوردی لە پێش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ | ١٩ |
| ٣-٢: سەرهەڵدانی تەلەڤزیۆنی کوردی لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ | ٢٠ |
| تەلەڤزیۆن و ئەرک و خەسڵەتەکانی تەلەڤزیۆن | ٢٢ |
| **باسی دووەم: سەرهەڵدانی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی (سەتەلایت) کوردی لە هەرێمی کوردستان** | ٢٦ |
| **بەشی سێیەم: ستەمەکانی چاودێری میدیایی** | ٣٣-٦١ |
| **باسی یەکەم: پێناسی دەزگای چاودێری میدیایی** | ٣٤ |
| یەکەم: چاودێری لەڕووی زمانەوانییەوە | ٣٤ |
| دووەم: چەمک و پێناسی دەزگای چاودێری | ٣٤ |
| سێیەم: چاودێری لە پێناسەیەکی گشتیدا | ٣٦ |
| چوارەم: جۆرەکانی چاودێری لەڕووی یاساو دەسەلاتەوە | ٣٧ |
| پێنجەم: چاودێری لەڕووی جێبەجێکردنەوە | ٣٩ |
| **باسی دووەم: چاودێری لە ستمی کارکردنی ناو دامەزراوەیەکی میدیاییدا** | ٤٧ |
| یەکەم: چاودێری لەڕووی کاتەوە | ٤٧ |
| دووەم: پاڵنەرەکانی پشت پیادەکردنی چاودێری | ٥٧ |
| **بەشی چوارەم: دەزگای چاودێری میدیایی لە دەسەڵاتی حوکمڕانی جیاوازدا** | ٦٢-١٠٦ |
| **باسی یەکەم: ستەم و ستمی سیاسی** | ٦٣ |
| **باسی دووەم: دەزگای چاودێری میدیایی لە دەسەڵاتی ستمی دیموکراسیدا** | ٦٦ |
| **باسی سێیەم: دەزگای چاودێری لە دەسەڵاتی ستمی تۆتالیتاری و دیکتاتۆرییەکاندا** | ٧٧ |

| | |
|---|---|
| ٨٧ | **باسی چوارەم: دەزگای چاودێری لە دەسەڵاتی حکومەتی ئینتیقالی دا** |
| ٩٣ | **باسی پێنجەم: دەزگای چاودێری لە وڵاتە عەرەبیەکاندا** |
| ١٠٢ | **باسی شەشەم: دەزگای چاودێری میدیایی لە عێراق** |
| ١٣٧-١٠٧ | **بەشی پێنجەم: لایەنی پراکتیکی، چاودێریکردنی میدیایی بۆ کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان** |
| ١٠٩ | تەوەری یەکەم/ پرسیارە تایبەتەکان |
| ١١٢ | تەوەری دووەم/ پرسیارە سەرەکییەکان |
| ١٢٠ | تەوەری سێیەم/ پرسیارەکانی پەیوەست بە بابەتی توێژینەوەکە |
| ١٢٧ | دەرئەنجام |
| ١٢٨ | ڕاسپاردە |
| ١٢٩ | پێشنیاز |
| R١٣٠ | لیستی سەرچاوەکان |
| A١٤٢ - A١٥٤ | پاشکۆکان |
| A-B | پوختەی ئینگلیزی |

# پێرستی خشتەکان


| ژمارە | ناونیشانی خشتە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| خشتەی (١) | ڕەگەزی سامپلی توێژینەوەکە | ١٠٩ |
| خشتەی (٢) | تەمەنی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٠٩ |
| خشتەی (٣) | شوێنی نیشتەجێبوونی سامپڵی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە | ١١٠ |
| خشتەی (٤) | بڕوانامەی سامپڵی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە | ١١٠ |
| خشتەی (٥) | پیشەی سامپڵی توێژینەوەکە | ١١١ |
| خشتەی (٦) | ئاستی تەماشاکردنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕووندەکاتەوە | ١١٢ |
| خشتەی (٧) | کاتژمێری ڕۆژانەی سەیرکردنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕووندەکاتەوە | ١١٢ |
| خشتەی (٨) | سەیرکردنی بەرنامەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕووندەکاتەوە | ١١٣ |
| خشتەی (٩) | گونجاوی ناوەڕۆکی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان دەخاتەڕوو | ١١٤ |
| خشتەی (١٠) | زیادەڕۆیی و زانیارییەکان و چوونە نێوژیانی تایبەتی کەسەکان ڕووندەکاتەوە | ١١٤ |
| خشتەی (١١) | هۆکاری ناڕوونی و نادروستی زانیارییەکان لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن ڕووندەکاتەوە | ١١٥ |
| خشتەی (١٢) | پێویست بوونی و فلتەرکردنی پەخشی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لە کوردستان ڕووندەکاتەوە | ١١٦ |
| خشتەی (١٣) | پەرتەوازەیی لە کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن ڕووندەکاتەوە لە نەبوونی دەزگای چاودێریی میدیایی | ١١٦ |
| خشتەی (١٤) | لە نەبوونی دەزگای چاودێری میدیایی لە هەرێمی کوردستان، ڕادەی زیان و زەرەر ڕووندەکاتەوە | ١١٧ |
| خشتەی (١٥) | دەزگای چاودێریی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا، پێویستە سەر بە چ ئۆرگانێک بێت ڕووندەکاتەوە | ١١٨ |
| خشتەی (١٦) | هۆکاری نەبوونی دەزگای چاودێریی بۆ چالاکی میدیاو سەرپەرشتی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لە هەرێمی کوردستان | ١١٩ |

| | | |
|---|---|---|
| | رووندەکاتەوە | |
| خشتەی (١٧) | هۆکاری ناپرۆفیشناڵی بۆ نەبوونی دەزگایەکی چاودێری میدیایی لە راپەراندنی ئەرکەکانی رۆژنامەنووسان رووندەکاتەوە | ١٢٠ |
| خشتەی (١٨) | هۆکاری دروستنەکردنی دەزگایەکی چاودێری میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا بەهۆی دابەشبوونی رۆژنامەنووسان بەسەر حزبە کوردییەکان رووندەکاتەوە | ١٢١ |
| خشتەی (١٩) | پیادەنەکردنی ئیتیکی کاری میدیا لەناو کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لە هەرێمی کوردستاندا رووندەکاتەوە | ١٢٢ |
| خشتەی (٢٠) | نەبوونی کەسانی شارەزاو ئەکادیمی لەبواری میدیا لە دەسەڵاتی باڵای حوکمرانیدا رووندەکاتەوە | ١٢٣ |
| خشتەی (٢١) | لاوازی لە برگەو مادە یاساو رێساکانی میدیا بەهۆی رێککەوتنی لایەنە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان | ١٢٤ |
| خشتەی (٢٢) | نەبوونی دەزگای چاودێری میدیایی بەهۆی موڵکداری کەناڵەکان لەلایەن حزبەکانەوە رووندەکاتەوە | ١٢٥ |
| خشتەی (٢٣) | لاوازی دامەزراوە فەرمییەکانی پەیوەندار بە میدیا ڕووندەکاتەوە | ١٢٦ |

# پێشەکی

بە بەردەوامی گرنگی میدیاو کاریگەرییەکانی زیاتر خۆیان بەرجەستە دەکەن، بەتایبەتی لە ژیانی ئەمڕۆدا کە میدیا توانیوێتی بچێتە نێو ژیانی تاک بە تاکی کۆمەڵگەو ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە دروستکردنی ڕای گشتی و گۆڕینی ئاراستەکان، کاریگەرییەکانی میدیا ڕەنگدانەوەی ئەو ژینگەیەیە کە کاری تێدا دەکات، بێگومان کاریگەرییەکان هەمیشە ناچنە خانەی ئەرێنی، بەڵکو زۆرجار بە ئاڕاستەی نەرێنیدا هەنگاو دەنێت.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی گرنگی و ڕۆڵی دەزگاکانی چاودێری میدیایی بۆ چاودێریکردنی کەناڵەکانی تەلڤزیۆن لە هەرێمی کوردستانی عێراق، لێکۆڵینەوە لە هۆکارو بەربەستەکانی بەردەم نەبوونی دەزگای ناوبراوە لە هەرێمی کوردستان کە ژینگەیەکی پڕ قەیراناویە، کارو چالاکی میدیاو پەیامی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن بەتایبەتی گەر بەشێوەیەکی ناپرۆفیشناڵی و دوور لە پێوەرە ئیتیکی و زانستییەکانی بواری میدیا هەنگاو بنێت، بێگومان دەبێتە دروست بوونی گرفت و ئاستەنگ بۆ خودی کەناڵەکەو میدیاکاران و جەماوەرو پاشان دەسەڵات، کۆمەڵگە بەگشتی، لەبەرئەوە چاودێریکردنی پەیامی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن بە کارێکی گرنگ و پێویستە لە هەرێمی کوردستان.

کاری میدیا هەر تەنها پەخش و بڵاوکردنەوەی زانیاری نییە بەهەرەمەکی، بەڵکو گرنگە لێکدانەوە بۆ قەبارەی کاریگەرییە نیگەتیڤ و پۆزەتیڤییەکانی بکرێت. بۆیە تێپەڕبوونی کۆی ئەو زانیاریانە بەفلتەرو ڕێ و شوێنی یاسایی و بابەتی گرنگە ، بۆ ئەو مەبەستە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ پیشاندانی گرنگی بوونی دەزگایەکی چاودێری کە کار لەسەر فلتەرکردنی ناوەڕۆکی پەیامی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن بگرێتە ئەستۆ، لەبەرئەوەی پانتایی جوگرافیای تەلەڤزیۆن فراوانەو کەناڵی هەستیارن و زۆرترین کاریگەری دەنوێنن لە کۆمەڵگەدا هاوکات لەپێناو بەرزکردنەوەی کوالیتی کارو چالاکی میدیایی و بەرەو پێش بردنی خودی کەناڵەکان و پاراستنیان لە شکست و پێشێلکاری ئیتیکی میدیایی و یاسایی، لەبەرئەوە ئەم توێژینەوەیە بۆ میدیایی کوردی و کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان بە پێویست دەزانرێت.

لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی یە بە پشت بەستن بە میتۆدی رووپێوی لە پێناو گەیشتن بە چارەسەری کێشەی توێژینەوەکە کە لە پێگەو ڕۆڵی دەزگاکانی چاودێریکردنی میدیایی بۆ

چاودێری کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان دەکۆڵێتەوە، پاش تیشک خستنە سەر ڕەوشی میدیای کوردی و کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنی لۆکاڵی و ئاسمانی لەچوارچێوەی یاساو ڕێسا بەرکارەکان و ئیتیکی کاری میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا، تا گەیشتن بە چەند ئەنجامێکی گرنگ. وەپێشکەشکردنی چەند ڕاسپاردەو پێشنیاریک بە ئامانجی بەرچاوڕوونی و زانیاری زیاتر دەربارەی ڕاوبۆچونە جیاوازەکان سەبارەت بە دامەزراندنی دەزگای چاودێری میدیایی، وە زانینی ئاستەنگ و لەمپەرەکانی بەردەم دروست بوونی دەزگای ناوبراو.

میدیا وەک بوارێکی چالاک و هەمیشە پێشەنگ لە گۆڕانکاری و تازەگەری، ئەو گۆڕانکارییانە کاریگەری لەسەر ڕاوبۆچوون و هەڵوێست و ئاڕاستەی تاکەکانی کۆمەڵگە دروست دەکات کە بە ئاسانی ناتوانرێ لایەنە شاراوەکانیان پەی پێببرێت.

لەبەرئەوە لەوانەیە نەمانتوانیبێ لەم توێژینەوەیەدا بە تەواوی درکمان بە لایەنە شاراوەکانی بواری کێشەکە کردبێت، هەربۆیە ئەم توێژینەوەیە بێ کەم و کورتی نییە.

ئەم توێژینەوەیە لە پێنج بەش پێک هاتووە: بەشی یەکەمی تایبەتە بە (چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە) کە یازدە تەوەر لە خۆ دەگرێت کە بریتین لە کێشەی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە، کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوە, سنووری توێژینەوەکەو، ڕێبازو ئامزارەکانی بەکارهاتوو لە توێژینەوەکەدا, پاشان پرسیارەکانی توێژینەوەو ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوەکە لەگەڵ تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو. لە بەشی دووەمدا باس لە قۆناغەکانی گەشەکردنی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لە هەرێمی کوردستان دەکرێت، لە بەشی سێیەم، سیستەمەکانی چاودێری میدیایی باسکراوە, وە ئەنجامدانی لە ڕووی یاساو دەسەڵاتەوە، لەڕووی جێبەجێکردنەوە، لە ڕووی کاتەوە، وەپاڵنەرەکانی پشت پیادەکردنی پرۆسەی چاودێری بۆ چالاکی میدیایی دەخاتە ڕوو. لە بەشی چوارەمدا باس لە چۆنێتی دامەزراندنی دەزگاکانی چاودێری میدیایی لە هەرێمی کوردستان- عێراقدا دەکرێت, بەشی پێنجەم پێکهاتووە لە لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە.

لە کۆتاییدا گەیشتینە چەندین دەرئەنجام کە گرنگترینیان دامەزراندنی دەزگایەکی چاودێریکردنی میدیا بۆ چاودێری کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان بە پێویست

دانرا. کەمکردنەوەی دەسەڵاتی حزب بەسەر کارو چالاکی میدیایی و پەیامی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن.

وە لاوازی لە پەیڕەوکردنی ئیتیکی کاری میدیای لە پەیام و ناوەڕۆکی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن ، وە بوونی یاسای تایبەت بە ئامرازەکانی بینراو و بیستراو کاریگەری بەرچاوی دەبێ لە ڕێکخستنەوەی کارو چالاکی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستاندا.

توێژەر

# بەشی یەکەم

## چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

## چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

**یەکەم: کێشەی توێژینەوە**

١- نەبوونی دەزگاکانی چاودێریکردنی میدیایی بۆ کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان.

٢- نەبوونی بڕگەو ماددەو یاسای تایبەت بە ئامرازەکانی پەخش و بڵاوکردنەوە.

٣- لاوازی لەبڕگەوماددەی ئەو یاساو رێسا بەرکارانەی تایبەتن بە بواری میدیا لە هەرێمی کوردستان.

٤- لاوازی لە جێبەجێکردنی رێنماییە کارگێڕییەکانی دامەزراوە فەرمییەکان کە رۆڵی چاودێکردنی و رێکخستنی میدیا بەگشتی، وە ئامرازەکانی بیستراو و بینراو بەتایبەتی دەبینن لە هەرێمی کوردستاندا.

**دووەم: گرنگی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە گرنگی لە چەند لایەن و بوارێکدا هەیە، یەکێک لە گرنگییەکانی هەڵبژاردنی خوی کێشەی توێژینەوەکەیە, ئەنجامدانی توێژینەوە لەبارەی بوونی دەزگایەکی چاودێری بۆ چالاکی میدیای کوردی گرنگی خۆی هەیە , وە چاودێریکردن بەمەبەستی فلتەرکردنی پەیام و ناوەڕۆکی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن و رێکخستنی میدیا بەگشتی، کە هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی بابەتەکەیە بەتایبەتی دوای دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر لە کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنی لۆکاڵی و دواتر ئاسمانی لەهەرێمی کوردستاندا ، لەگەڵ فراوان بوونی ئازادی رادەربڕین کەکەشێکی نائاسایی خوڵقاندووە لە میدیای کوردی لە هەرێمی کوردستان دا.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە، لەپێناو رێکخستنی سەردەمیانەی کارو چالاکی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنە لە هەرێمی کوردستان، وە بەرزکردنەوەی ئاستی کوالێتی ناوەڕۆکی پەیام و پڕۆگرامەکانیان ، هەروەها بەرزکردنەوەو گەشەکردنی ئاستی رۆژنامەنووسان و میدیای کوردی یە، تا ببێتە هۆکارێک بۆ کەمکردنەوەی گرفت و کێشە سیاسی و ئابوری و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و بوارە ژیارییەکانی تری کۆمەڵگە کە لە رێگەی پەیامی نابابەتی و ناپیشەیی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنەوە دروست دەبن.

**سێیەم: پرسیارەکانی توێژینەوە**

١- ئایا هۆکاری نەبوونی دەزگای چاودێریکردن بۆ چالاکی میدیا و رێکخستنی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان، بۆچی دەگەڕێتەوە؟

٢- ئایا یاساو رێسا و رێنماییە بەرکارەکانی میدیا لە هەرێمی کوردستان، لە توانایاندایە ئاسانکاری بکەن بۆ دامەزراندنی دەزگای چاودێریکردن و رێکخستن بۆ چالاکی میدیا لە هەرێمی کوردستان؟

٣- ئایا دامەزراندنی دەزگای چاودێریکردن بۆ کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان، دەتوانێ رۆڵی خۆی ببینی لە سەرپەرشتی وفلتەرکردنی پەیامی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن؟

٤- ئایا دامەزراندنی دەزگای چاودێری میدیایی بۆ چاودێکردنی کەنالەکانی تەلەڤزیۆن , دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی پانتایی ئازادی کاری میدیایی و دروست بوونی کۆت و بەند بۆ رۆژنامەنووسان و میدیاکاران؟

٥- ئایا ئەو بەربەستانە چین لەبەردەم دروست نەبوونی دەزگای چاودێریکردنی میدیا بۆ چاودێری و کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان؟

٦- ئایا ڕەوشی میدیا لەهەرێمی کوردستان , پێویستی بە دامەزراوەیەکی چاودێری هەیە ؟

٧- ئایا خاوەنداری لایەنە سیاسیەکان بۆ کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن وبالادەستیان بەسەر ئەدای کاری میدیا , بۆتە هۆکاری دروست نەبوونی دەزگاکە چاودێریکردنی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان؟

٨- ئایا نەبوونی کەسانی پسپۆڕو بە ئەزموون لە بواری میدیا لە دەسەڵاتی باڵای حوکمڕانی لە کوردستان، هۆکارە بۆ دروست نەبوونی دەزگای چاودێریکردنی میدیایی بۆ کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن؟

**چوارەم: ئامانجی توێژینەوە**

ئامانجی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە: (پێگەو رۆڵی دەزگاکانی چاودێری لە چاودێریکردنی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان دا).

١- گەیشتن بە هۆکارو ئاستەنگەکانی بەردەم نەبوونی دەزگای چاودێری بە مەبەستی رێکخستن وفلتەرکردنی پەیامی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنی لۆکاڵی و ئاسمانی لە هەرێمی کوردستان.

٢- هەوڵدان بۆ دروست بوونی دەزگایەکی چاودێری بۆ کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن بە پاڵپشت بە یاساو ڕێسا بەرکارەکانی بواری میدیا لە هەرێمی کوردستان.
٣- زانینی ئەو بەربەستانەی هۆکارن لە بەردەم دروست نەبوونی دەزگایەکی چاودێری میدیا بۆ کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان.

**پێنجەم: جۆری توێژینەوە**

توێژینەوەیەکی جۆری وەسفی یە بە پەیڕوکردنی میتۆدی ڕووپێوکردن (مسحی)،کە بە میتۆدێکی گونجاو دەزانرێ بۆ بەدەستهێنانی زانیاری دروست و پەیوەندار بۆ چارەسەری کێشەی توێژینەوەکە. کە نەبوونی دەزگاکانی چاودێریکردنی میدیایە لە چاودێری کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان دا ، بەوهۆیەوە توێژەر وەسفی بابەتی توێژینەوەکەی لەناو بواری شوێن و کاتی توێژینەوەکەدا کردووە.

هەروەها هەوڵی داوە لە ڕێگەی ڕووپێوکردنەوە لە پرسی نەبوونی دامەزراوەیەک بۆ چاودێری و ڕێکخستنی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان بکۆڵێتەوە ، لایەنە بەهێزو لاوازەکانی پرس و ڕەهەندەکانی کێشەی توێژینەوەکەی دیاریکردووەو کردوویەتە هۆیەک بۆ گەیشتنە ئەنجامێکی دروست.

**شەشەم: ئامرازەکانی توێژینەوە:**

ئەو ڕێگەو ئامرازانەی لە توێژینەوەکەدا بەکارهاتووە بریتین لە:

**١) فۆڕمی ڕاپرسی:**

بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە سامپڵی توێژینەوەکە توێژەر لەڕێگەی فۆڕمی ڕاپرسی یەوە ژمارەی پرسیارەکانی بەپێی سروشتی کێشەی توێژینەوەکە دیاری کردون، بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانیاریی دروست کە لە چارەسەرکردنی کێشەی توێژینەوەکە سوودی لێ وەربگیرێت, لە پاشکۆی ژمارە (١) نموونەی فۆڕمەکە خراوەتەڕوو.

**٢) تێبینیکردن:**

لە ڕێگەی تێبینیکردن بۆ پەیامی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان لەلایەک وەک بینەرێک، لە لایەکی دی وەک توێژەرێک ، لەمیانەی سەردانی کردنم بۆ چەندین کەناڵی تەلەڤزیۆنی لۆکاڵی و ئاسمانی ، تا ڕادەیەک توانرا لە نزیکەوە سەرنج لە چەندین حاڵەتی

پەیوەست بە کێشەی توێژینەوەکە بدەین، بەمەبەستی سوود لێ وەرگرتن و پشتڕاستکردنەوەی گومان و پرسیارەکان.

هەر لەمیانەی سەردانی کردنی توێژەر بۆ دامەزراوە پەیوەندارەکان بە کێشەی توێژینەوەکە , وە تێبنی کردنی تێڕوانین و ڕاوبۆچوونیان و سیاسەتی میدیایی کەناڵەکانیان بکات، لەگەڵ تێبینی کردنی چۆنێتی کارو چالاکی میدیاکاران و رۆژنامەنووسان لەبارەی بابەتی کێشەکەوە . هەروەها چەند ئاماژەیەک جێگەی سەرنج بوو لای توێژەر، کە بووە هۆی پشتڕاستکردنەوەی هەندێ لە گومانەکان، لە هەمان کاتدا سەرنج و تێبینی لە ئەدای کاری میدیایی چەندین کەناڵی تەلەڤزیۆنی دا لە رووی بەهەند وەرنەگرتنی ئیتیکی پیشەیی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و چاودێری خودی، کە دەرفەتێکی باشی دا بە توێژەر کە لە نزیکەوە ئەو پێشێلکارییانە ببینێ، کە بە مەبەست بێ یاخود لە رووی نەزانین و کەم شارەزایی ئەنجام دەدرێن.

## حەوتەم: ڕاستی ڕواڵەتی و جێگیریی:

ا. ڕواڵەتە ڕاستی (الصدق):

ڕواڵەتە ڕاستی بریتییە لە دەرخستنی چوارچێوەی گشتی تاقیکردنەوەکە واتە ئاستی گونجاوی تاقیکردنەوەکەمان بۆ دەردەخات لەسەر ئەو کەسانەی تاقیکردنەوەیان لەسەر دەکەین، ئەمەش لە ڕوونی ڕینماییەکان و ڕاستی و دروستی بەدوای یەکداوە هاتنی ئەو هەنگاوە بنەڕەتیانەی کە تاقی کراوەتەوە دەگرێتەبەر، لە تێگەیشتنی پرسیارەکان و چۆنێتی وەڵامدانەوەیان. (فؤاد البهي السيد, ص٥٥١)

بە مەبەستی دڵنیابون لە ڕێکوپێکی فۆڕمی راپرسیەکە و گونجانی لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکەدا ، دوای ئامادەکردنی بڕگەکانی راپرسیەکە، بە پشتبەستن بە ڕواڵەتی دروستی (الصدق الظاهري) ، لەلایەن ژمارەیەک (پسپۆڕی بواری میدیا)ەوە کە ژمارەیان (٩) ئەندامە(*١) ، پاشان سەرنجەکانیان تاوتوێکرا، بەپێی پێویست و گونجاندن گۆڕانکارییان تێدا

(*) ناوی ئەندامانی هەڵسەنگێنەری فۆڕمی راپرسی

١. پ.ی.د. رزوان خدر احمد، راگەیاندن (تەلەڤزیۆن)، زانکۆی سەلاحەدین.
٢. پ.ی.د. مەغدید خدر سەپان، راگەیاندن (رۆژنامە)، زانکۆی سەلاحەدین.
٣. پ.ی.د. هێرش رەسول موراد، راگەیاندن (رۆژنامە)، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.
٤. پ.ی.د. نەزاکەت حەمەسەعید حسێن، راگەیاندن (تەلەفزیۆن)، زانکۆی سلێمانی.
٥. پ.ی.د. عومەر احمد رەمەزان، راگەیاندن (رۆژنامە)، زانکۆی هەڵەبجە.

کرا. ئەو فۆڕمە لە ڕاستی ڕواڵەتی پەسەند کرا هەر هەمان فۆڕمە کە بەسەر سامپڵی توێژینەوەکەدا دابەش کرا لە دابەشکردنی فۆڕمەکەدا ڕەچاوی چەند خاڵێک کراوە، لەوانە وەڵامدانەوەیان لەناو کەناڵ و دامەزراوەکانی میدیاو شوێنی کاری خۆیان بووە، هەروەها گەر هەر بەرتوێژی پێویستی بە ڕوونکردنەوە بووبێت لەسەر هەر پرسیارێکی فۆڕمەکە، توێژەر بەپێی پێویست ڕوونکردنەوەی داوە، لەکاتی وەڵامدانەوەدا هەر فۆڕمێک پێویستی بە (٥- ٧) خولەک بووە. وە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هاوکێشەی (هۆلستی)یەوە ڕادەی دروستییەکە دەرهێنرا ، کە بریتییە لە(٨٢,٧) کە لە ڕووی زانستییەوە ڕێژەیەکی پەسەندکراوە، بڕوانە پاشکۆی (٢).

ب. جێگیری (الثبات):

بریتییە لە دڵنیابوون لەو پێوەرەی دانراوە بۆ پێوانەکردن، یاخود بریتییە لە ڕادەی جێگیری ئەنجامەکان توێژەر بە دەستی دەگات ، بە دووبارەکردنەوەی پێوەرەکان لەسەر هەمان خاسیەتدا. (شیماء الذوالفقار، ٢٠٠٩، ل٧٨)

بۆ دیاریکردنی ئاستی جێگیری (الثبات)ی ڕاپرسیەکە لە ڕێگەی کاتەوە، بەشێوازی دووبارەکردنەوەو بەپشت بەستن بە هاوکێشەی (هۆلستی)، توێژەر گەیشتە ئەوەی کە بەهای جێگیری بریتییە لە (٠,٨٣)، کەوا لەڕووی زانستییەوە ڕێژەیەکی پەسەندکراوە. بڕوانە پاشکۆی (٣).

**هەشتەم: کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوە**

أ) کۆمەڵگەی توێژینەوە مەبەست لێی وەرگرتنی بەشێکە لە کۆمەڵگەی سنووری توێژینەوەکە، کە بەپێی بنەماو شێوازی زانستیانە دەکرێتە سامپڵی ڕاستەقینەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە سەبارەت بە کێشەی نەبوونی (دەزگاکانی چاودێریکردنی میدیایی لە چاودێری کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان دا).

---

٦. پ.ی د. ئەحمەد محەمەد بالی، دبلۆماسیەت و پەیوەندییەکان، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی.
٧. د. هەژار محەمەد جەلال، ڕاگەیاندن (تەلەڤزیۆن)، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.
٨. د. شێرکۆ جبار محمد، ڕاگەیاندن (تەلەڤزیۆن)، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.
٩. د. صادق حەمەغەریب حەمەصاڵح، ڕاگەیاندن (ڕۆژنامە)، زانکۆی سەلاحەدین.

که پێک هاتوون له توێژی پسپۆڕانی بواری میدیاو رۆژنامەوانان و میدیاکاران له هەرێمی کوردستان دا.

ب) بواری مرۆیی/ سامپڵی مرۆیی بۆ توێژینەوە، مەبەست له وەرگرتنی بەشێکه له کۆمەڵگەی سنووری توێژینەوەکه تا بەپێی رێساو شێوازی زانستیانه بکرێته سامپڵێکی راستەقینەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگه له بواری (رۆڵی دەزگاکانی چاودێریکردنی میدیای، له چاودێری کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن له هەرێمی کوردستان دا)، که خۆی له راپرسی دەبینێتەوه بۆ نوخبەیەک له پسۆرانی بواری میدیاو رۆژنامەنووسان و میدیاکاران بەشێوەیەکی دیاریکراو .

**نۆیەم: سنووری توێژینەوە**

أ) بواری شوێن/ هەر چوار پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان وەک شوێنی جوگرافی توێژینەوەکه دەستنیشان کران، وەک پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجه).

ب) بواری کات/ لایەنی تیۆری توێژینەوەکه له رووی دەستنیشانکردنی کات، توێژەر رێکەوتی ئەنجامدانی توێژینەوەکه دەستنیشان دەکات که نێوان (٢٠١٩_ ٢٠٢٠)ـه.

**دەیەم: ئاستەنگەکانی توێژینەوە**

وەک زۆربەی بوارەکانی تر لەو گرفته بەردەوامه بێبەش نییه که کەمی سەرچاوەی زانستی یه تایبەت به بوارەکه.

بەهۆی نوێ بوونی ناونیشان و کێشەی توێژینەوەکه کەمتر سەرچاوەی پێویستی زانستیمان بەردەست کەوت بەتایبەتی لەسەر (تەلەڤزیۆن) بەڵام به گەڕان وهەوڵی زۆرو بەردەوامی کتێبخانەی گشتی و کەسییەکان و پێگه ئەلیکترۆنییەکان هەوڵدرا ئەو گرفته تارادەیەک کەم بکرێتەوە.

نەبوونی داتاو زانیاری پێویست سەبارەت به تێڕوانین و رای رۆژنامەوانان و میدیاکاران و پسپۆڕو کەسانی ئەکادیمی بواری میدیا بەگشتی و تەلەڤزیۆن بەتایبەتی له هەرێمی کوردستان سەبارەت به کێشەی توێژینەوەکه .

یەکێکی تر لەو ئاستەنگانەی که رووبەڕووی توێژەر بۆوە، کەمی یاخود تا ڕادەیەک نەبوونی توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی پێشوو بوو به مەبەستی سوودوەرگرتن لێیان، که کەم تا زۆر نزیک و پەیوەندار بێ به ناونیشان وناوەرۆک و کێشەی توێژینەوەکه،

بەهۆی ئەوەی بواری توێژینەوەکە تا رادەیەک نوێ یە بۆ میدیای کوردی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان.

هاوکات ئامادەنەبوونی ژمارەیەک لە کەسانی پسپۆڕو رۆژنامەوان و میدیاکار، بۆ بەشداربوونیان بە پێدانی راوبۆچوون و وەرگرتنی زانیاری لەبارەی کێشەی توێژینەوەکە، بەهۆکاری ئەوەی ئەم دەزگای چاودێرییەی کە کێشەی توێژینەوەکەمانە، ئەوان بە دەزگای (سانسۆر) لێی دەڕوانن، بەتایبەت ئەو رۆژنامەنووسانەی کە خۆیان بەبێ لایەن و سەربەخۆ دەناساند، لەلایەکی تر کەمترین بەشداری و هەماهەنگی لە شاری دهۆک بوو، وە زۆرینەی پەیوەندییەکانم لەگەڵ رۆژنامەوان و میدیاکارانیان بێ وەڵام بوو.

**یازدەم: توێژینەوەکانی پێشوو:**

خستنەڕووی ئەو توێژینەوانەی کە پێشتر لەلایەن توێژەرانی دیکەوە سەبارەت بەم بابەتەو لەسەر ئاستی جیاواز ئەنجام دراون، دواتر لەسەر بنەمای چەند پێوەرێکی دیاریکراوی زانستی لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا بەراورد بکرێن، بەڵام توێژینەوەیەکی زانستیمان دەربارەی (دەزگای چاودێریکردنی میدیایی چاودێری کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان) و هاوشێوەی نە بە زمانی کوردی و نە زمانی عەرەبی دەست نەکەوت. تا رادەیەک سودمان وەرگت لەو توێژینەوهانەی بە زمانی ئینگلیزی کراون، وە ئەم توێژینەوانەی ئاماژەی پێدەدەین تا رادەیەک پەیوەندارن بە چەند بەش و لایەنی ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە ، هەروەها بۆ پیشاندانی میتۆدی بەکارهاتوو، ئامانج و ئەو ئەنجامانەی توێژەری هەریەک لەم توێژینەوانە پێی گەیشتوون، سەرباری جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ هەریەک لەو توێژینەوانەی لەم باسەدا خراونەتەڕوو، بەڵام ئەمانەتی زانستی ئەوە دەخوازێت ئاماژەیان پێ بدرێت، رەنگە توێژینەوەی دیکەش هەبن کە توێژەر دەستی پێڕانەگەیشتوون.

**١) توێژینەوەی (حەسەن عیماد مەکاوی) ساڵی (١٩٩٣)**

تێزێکی دکتۆرایە بە ناونیشانی (اخلاقیات العمل الأعلامی-, دراسة مقارنة) زانکۆی قاهیرە لە وڵاتی میسر . توێژەر لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی (مێژوویی) بەکارهێناوە، لە خستنەڕووی بەرەو پێشچوونی ئازادی رادەربڕین و میدیا لە سەردەمە جیاوازەکاندا، هەروەها میتۆدی (بەراوردکاری) بەکارهێناوە بۆ بەراوردکردنی ئەو یاسایانەی کەئامانجیان پاراستنی ئاکاری گشتی یەلەبەرامبەر نائیتیکی میدیایی وەچاودێری ولێپرسینەوە بەسەر

کاری میدیا له کۆمەڵگەی ئەمەریکیدا دەکەن , وە بەراوردکردنیان بە یاساکانی میدیایی لە کۆمەڵگەی میسرِیدا وەک نموونەیەکی کۆمەڵگە تازە پێگەیشتووەکان. لەگەڵ هێنانەبەرباسی هەندێ یاسای وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ یاسای وولاتانی بەرِیتانی و فەرەنسی، کە پەیوەندارە بە شێوازەکانی پەیرەوکردنی پیشەییەوە بۆ هەندێک لەو کێشانەی کە سنوور بەزاندنی پێوەرە پیشەیی و ئیتیکییەکان دەیخولقێنێت, هەروەها لێکۆڵینەوە لە چەمکی ئازادی رادەربرین لە مێژووی کۆن ونوێدا.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە:

لێکۆڵینەوە لەبارەی گەشەکردنی ئازادی رۆژنامەنووسی لە چوارچێوەی دەسەلات، ئازادی، بەرپرسیارێتی کۆمەلایەتی و بەراوردکردن لە نێوان ئەو ئازادیيانە لە کۆمەڵگە خۆرئاوایی و کۆمەڵگە تازە گەشەکردووەکاندا , چاودێری دامەزراوە حکومیەکان و رۆڵی رێکخراوەناحکومیەکان لەچاودێریکردنی میدیا. لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژەری ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە بریتین لە:

پابەندبوون بە بەرپرسیارێتییە کۆمەلایەتییەکان دەسەپێنێت بەسەر رۆژنامەنووساندا لە بەرامبەر کۆمەڵگەدا.

رۆژنامەنووس، کاتێک بەرپرسیارانە رەفتار دەکات، لە کۆت و بەندی پێشوەخت و چاودێری سەپێنراو ئازاد دەبێت، چ لەلایەن حکوومەت بێت یان ئەو دەزگایەی کاری بۆ دەکات یاخود گرووپ و رێکخراوی فشار.

میدیای ئازاد راستییەکە نابێت دوژمنکارانە بێت, وەسەربەخۆ بێت لە بریارەکانی وە رەخنەگرتن لە سیاسەتەکانی بۆ بەرژەوەندی گشتی.

## ٢) ئەرجون راجخوا- Arjun Rajkhowa، (٢٠١٥)

زانکۆی لاتروب، ملبورن, ئوستراليا

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (رێکخستنی هۆکارەکانی میدیا و دڵەراوکێی سیاسی و رکابەری گشتی لە هیندستان) لە نێوان سالانی (٢٠١١- ٢٠١٣).

ئەم توێژینەوەیە باس لەو ئەرگومێنتە هەنوکەیی و سەردەمیانە دەکات لەبارەی ئامرازو هۆکارەکانی میدیاو ئینتەرنێت لە وڵاتی هیندستان، بەتایبەتی لەبارەی ئەو پرس و کەیسانەی کە لە نێوان سالانی (٢٠١١) بۆ (٢٠١٣) روویاندا، چونکە لەو سالانەدا هیندستان کێشمەکێشی سیاسی و گرژی زۆری تێدا روویداو کەیسی زۆری رۆژنامەوان و میدیاکاران رەوانەی دادگاکان کران.

ئامـانجی ئەم تـوێژینەوەیە بـریتییە لە ڕۆڵـی میـدیا لە خسـتنەڕووی هەڵسـەنگاندن و ڕاسپاردەکانی دادگای ئەو وڵاتە لە هەمبەر ئەو کەیسانەی خراونەتە بەردەستیان.

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی (شیکاری مێژوویی) بەکارهـاتووە بۆ هەڵسـەنگاندنی بڕیـارو ڕاسپاردەکانی دادگاو بۆچوونەکانی ڕووناکبیران و ڕۆژنامەوانان.

توێژەری ئەم تـوێژینەوەیە گەیشـتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە پرسـی ڕێکخسـتنی میـدیا لە وڵاتی هیندستان پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە دیوە ئەگەرچی پێویستی بە ڕێکخستنی زیاتر هەیە.

**٣) د. ئەدریانا مۆتو، Dr. Adriana mutu، (٢٠١٨):**

زانکۆی بەرشـەلۆنە-, ئیسپانیا

ئەم تـوێژینەوەیە بە ناونیشـانی (ڕێکخسـتنی ئامرازەکـانی بینـراو بیسـتراو، سـەربەخۆیی میدیا و دروستکردنی سیاسەتی میدیا لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی).

ئەم تـوێژینەوەیە ئامـاژە دەدات بە دووبـارە گرنگیـدان بە ڕۆڵـی چـاودێری و ڕێکخسـتنی میــدیایی لە نێــو وڵاتــانی ئەورووپــا ، بەتــایبەتی لە ڕووی ســەربەخۆیی خــودی ئەو دامەزراوانەوە ، لە ڕێگەی پشتبەسـتن بە میتـۆدی (شـیکاری، بەراوردکـاری) لە نێـوان (٤٣) دامەزراوەی چاودێری میدیایی بیستراو و بینراو لە وڵاتانی ئەورووپا.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە هەڵسەنگاندنی دامەزراوەکانی چاودێری میدیایی و ڕۆڵی لە ڕێکخستنی میدیا نیشتمانییەکان.

تـوێژینەوەکە گەیشـتۆتە ئەو ئەنجامەی کە ئاسـتی کـارایی و سـەربەخۆیی دامەزراوەکە زۆر گرنگ و پێویستە بۆ ئەوەی ئامانجی بنەڕەتی خۆی بە دەست بهێنێت.

**تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو**

دوای خستنەڕووی (٣) توێژینەوە, کە توێژینەوەیەک بە زمانی عەرەبی، (٢) توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی , توێژەر هەوڵی داوە لەم ڕووانەوە سوودیان لێ وەربگرێت:

- سوود وەرگرتن لە میتۆدو تەوەرەکانی توێژینەوەکان و ناوەڕۆک و هەنگاوە ئەکادیمییەکانیان، ئاگاداربوون لە شێوازی توێژینەوەی زانستی و ئاستی پێشکەوتوویی و هەڵسەنگاندنی زانیارییەکانیان.

- دۆزینەوەی سەرچاوەی پەیوەست بەم توێژینەوەیە, لە ڕێگەی سەرچاوەکانی ئەو توێژینەوانەوە .

- گرنگترین خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی بریتین لە:

* هەندێک لەم توێژینەوانە بە پشتبەستن بە یاساکانی وڵاتانی خۆیان تاوتوێی ڕەوشی میدیاو ئازادی رادەربڕین و دۆخی ڕۆژنامەوانیان کردووە، لەکاتێکدا جیاوازی زۆر لە نێوان یاسای ئەو وڵاتانەو یاساکانی هەرێمی کوردستان _عێراق دا هەیە.

* فاکتەری (کات، شوێن) کاریگەری لەسەر جیاوازی ئاڕاستەی توێژینەوەکانی دی لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە هەبووە.

* لە ڕووی ئامانجەوە ئەم توێژینەوە لەگەڵ توێژینەوەکەی (د. ئادریانا مۆتۆ، ٢٠١٨، ئەرجوت راجخوا) هاوشێوەیە، وەلەگەڵ توێژینەوەکەی (حەسەن عیماد مکاوی، ١٩٩٣) خاڵی لە یەکچوویان هەیە لەڕووی چاودێری حکومەت و ڕۆڵی ڕێکخراوی ناحکومی لەچاودێری کاریی میدیایی .

لە ڕووی میتۆدەوە ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو جیاوازە، هەندێ لە توێژینەوەکان سەبارەت بە لایەنی یاسایی چاپەمەنی و ڕۆژنامەنووسین، ئەو لایەنەیان کردۆتە ئامانجی سەرەکیان، بۆیە ئەو بابەتەی لێی دواون زیاتر بەو لایەدا شکاوەتەوە, کەمتر لە بواری پسپۆڕی ئامرازەکانی بینراو و بیستراو دواون، بەڵام گرنگیدانیان بە باسی ئیتیکی کاری میدیایی هاومەبەستە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا.

## پێناسەو چەمک و ئەرکی میدیا

### ٢-١: پێناسی میدیا:

میدیا لەڕووی زمانەوە

(میدیا- Media) وشەیەکی ئینگلیزی یە ریشەی لە وشەی لاتینی (Medum) هاتووە کە واتای (گەیێنەر) دەگەیێنێت، لێرەوە کە هەر ئامرازێکی گەیێنەری زانیاری لە چوارچێوەی واتای میدیادا پێناسە دەکرێت.

میدیا لە (معجم المصطلحات الأعلاميه) بەم جۆرە پێناسەی میدیا کراوە:

- (ئەو ناوەندە هاوچەرخەیە کە دەتواندرێت بەهۆیەوە پەیام ئاڕاستەی جەماوەر بکرێت، دەتواندرێت لە ڕێگەیەوە راوبۆچوون و زانیارییەکانیان پێ بگەیێندرێت، لە هەر کوێ بن لە ڕێگەی ناوەندێکی میدیاوە وەک ئامرازەکانی بینراو و بیستراو و چاپکراو کە ئەرکی میدیا و ئاراستەکردن و ڕێنمایی و هۆشیارکردنەوەو ڕۆشنبیری کردن وکات بەسەربردن و ڕەواجی پێدان دەبینن) (د. كرم الشلبی، ١٩٩٤، ل٦٠١).

### چەمکی میدیا:

پەیامێکی هزرییە و چەند ناوەڕۆکێکی جیاجیا و ئامانجی جیاواز لەخۆ دەگرێ، بەپێی ئەو ناوەڕۆکانەی کە گوزارشتی لێ دەکات، بەو ئامانج و نیازەی لە ڕێی هۆکارە جیاجیاکانی پەیوەندیکردنەوە لەگەڵ خەڵکیدا بدوێ.

بیرمەندی ئەمەریکی (کارل هۆفلاند /Carl Iver Hovland) [*]، لە پێناسەی میدیادا دا دەڵێت: میدیا پرۆسەیەکە کە تیایدا تاک "نێرەر"، ئاگادارکەرەوەیەک، هێمای زمانەوانی یاخود ئاماژە دەنێرێ و ڕەوانە دەکات، تاکوو ڕەفتاری تاکەکان "وەرگرەکان" هەموار بکات."

هەروەها بیرمەندی ئەمەریکی (ولبر شرام /Wilbur Schramm") [**] دەڵێت: میدیا ئەو ئامرازەیە کە لە یەکتێگەیشتن لە نێوان کۆمەڵگەکاندا مسۆگەر دەکات، کە بە سروشتی خۆی، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگەکانی تر جیا دەکاتەوە .

بە شێوەیەکی گشتی، میدیا بریتییە لەو پرۆسانەی کە تیایدا لایەنێک ، تاک، ناوەندێک، هەڵدەستێ بە ئاراستەکردنی پەیامێک، هەواڵ، زانیاری ، شرۆڤەکردن، لەسەر پرس و دۆزەکان بە شێوەیەکی پیشەیی و بابەتی و ڕاستگۆیانە ، بە ڕێگەی یەکێک لە ئامرازەکانی

---

[*] زانای دەروونناس، مامۆستا لە زانکۆی شیکاگۆ، ١٩١٢-١٩٦١.

[**] زانای ئەمەریکی توێژەری بواری پەیوەندییە جەماوەرییەکان، ١٩٠٧-١٩٨٧.

میدیا، بە مەبەستی ئاگادارکردنەوە و هۆشیارکردنەوەی بەرامبەرەکانی و دواندنی ئەقڵیان بۆ بڕیاردان و هەڵوێست وەرگرتن لەسەر پرس و دۆزە جیاوازەکانی تایبەت بە تاکەکانی کۆمەڵگە . (د. سامی زوبیان، ٢٠٠٨، ل٤١)

میدیا بەشێوەیەک لە شێوەکان گرێدراوەو کاریگەرە بەو سستمە کۆمەلایەتی و سیاسییەی پێوەی پابەندە ، گەر نەتوانرا بە پاشکۆ بکرێ ئەوا یەکتر تەواو دەکەن، هەروەک لە وڵاتە پێشکەوتوو و دیموکراسییەکان ئازادی رۆژنامەنووسی زۆر فراوانترەو ئامرازەکانی بینراو و بیستراو بە هەمانشێوە لە چاو ئەو وڵاتانەی کە میدیا کۆت و بەندی لەسەرە یاخود سنووربەندی بۆ پەیامی میدیا داناوە (د. کرم الشلبي، ١٩٩٤، ل٦٠٣).

بەهۆی هەستیاری ئامرازەکانی میدیا بە گشتی وە ئامرازی بینراو بە تایبەتی، ئەو هەستیارییەش بۆتە هۆی ئەوەی بە وردی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ ئەمەش لەو روانگەیەوە کە خراپ بەکارهێنانی هەر ناوەندێکی میدیایی بەتایبەتی ئامرازەکانی بینراو، کاریگەرییەکی خراپ بەسەر کۆمەڵگەوە بەجێدەهێڵێت. هەربۆیە زۆربەی لێکۆڵەران و پسپۆڕانی بواری میدیا هاوڕان لەسەر ئەوەی میدیا چەکێکی دوو سەرەیەو باش بەکارهێنانی خزمەتی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەو زامنکردنی مافەکانیان و بەرەوپێشبردن و چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی دەکات ،هاوکات خراپ بەکارهێنانی لێکەوتەی نەرێنی بەدوای خۆیدا دەهێنێت لەسەر کۆمەڵگە. (محمد محمود وهبیه، ٢٠٠٧، ل٣٨)

**- ئەرکەکانی میدیا:**

میدیا چەندین ئەرکی هەیە ، کە دەکرێت ئاماژە بە گرنگترینیان بدەین:

- میدیا ئەرکی ئەوەیە کە ئاستی رۆشنبیری و تێگەیشتنی وەرگر بگەیێنێتە ئاستێکی بالاتر، زانیاری نەزانراوی پێ بگەیێنێت وە شرۆڤەو شیکردنەوەی بۆ بکات بەمەبەستی باشتر تێگەیشتن و بیرلێکردنەوەی لەلایەن وەرگرەوە.

- هۆشیارکردنەوەی جەماوەر لە رێگەی گواستنەوەی ڕووداوە پەیوەندارەکان بە ژیانیان و ناساندنی کەیسە جۆراوجۆرەکان، چونکە هەر میدیایە دەتوانێت بە پرسە سیاسی و ئابووری کۆمەلایەتی و ئایینی و رۆشنبیری و فێرکارییەکان و سەرجەم پرسیەکانی دیکەی پەیوەست بە ژیانی مرۆڤەوە جەماوەری پێ ئاشنا بکات.

میدیا پێش ئەوەی پیشە بێت، کۆمەڵە پرەنسیپێکی ویژدانی و ئیتیکی یە هاوکات بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە، هەر ناهاوسەنگییەک کاریگەری نەرێنی دەبێ بۆ سەر کۆمەڵگە.

ئەرکی میدیایی خۆی لە کۆکردنەوەی هەواڵ و داتاو زانیاری وێنەو پەخشکردنیان دەبینێتەوە، دوای هەڵبژاردن و ڕێکخستنیان لە چوارچێوەی ئیتیکی میدیایی و پاشان بڵاوکردنەوەی لەپێناو وهۆشیاری کۆمەڵایەتی و خزمەتکردنی کۆمەڵگە، لەشێوەی دیالۆگ و گفتوگۆو لێکتێگەیشتن، وە زەمینەسازی بۆ گەشەکردنی مرۆیی لە ڕێگەی بەرنامەو پرۆگرامی رۆشنبیرکردن و پەروەردەییەوە، وەبایەخدان بە بەرهەمی فکری و دروست بوونی ڕای جۆراوجۆر، پاراستی زمان و گەشەپێدانی کلتوری هەروەها خۆشی و کات بەسەربردن (د. مصطفى المصعودى، ١٩٨٥، ل١٩٦).

هەروەها میدیا ئەرکی پێکهێنانی ڕا و بۆچوونە جیاوازەکانە لە لای تاک و کۆمەڵ چونکە ئەرکی میدیا یارمەتیدانی تاکەکانی کۆمەڵگەیە بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکان و ئاگاداربوون لە ژینگەی دەوروبەر، بۆ ئەوەی خۆیانی لەگەڵدا بگونجێنن.

ئەرکی دامەزراوەکانی میدیایە ئاشنایی و شارەزابوون بە میدیاو بەرپرسیارێتی و سیاسەتی بەڕێوەبردنی میدیا لای وەرگرو جەماوەر بەگشتی دروست بکات، چونکە ڕاستەوخۆ تێگەیشتنێکی دروستی لەبارەی ڕۆڵی هەر دامەزراوەیەکی میدیایی لە کۆمەڵگەکەیدا لەلا دروست دەبێ و ڕوانگەی خودی بۆ بایەخی میدیاو سروشت و جۆری مامەڵەی لەگەڵ ئامرازەکانی میدیا بە دروستی ئەنجام دەدات.

# بەشی دووەم

## قۆناغەکانی دروست بوون و گەشەکردنی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان

باسی یەکەم: قۆناغەکانی گەشەکردنی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان

باسی دووەم: سەرهەڵدانی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی (سەتەلایت)ی کوردی لە هەرێمی کوردستان

## باسی یەکەم: قۆناغەکانی گەشەکردنی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان

تەلەڤزیۆن وەک بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی رۆژانەی خەڵک و شارستانیەتی جیهانی بەشێوەیەکی یەکسان لە هەموو شوێنێک وەک یەک پێشنەکەوت , بەڵکو پێشکەوتنی ئامرازی تەلەڤزیۆن لە هەر وڵاتێک پەیوەستە بە باری ئابووری و سیاسی و گەشەکردنی ئەو کۆمەڵگەیەوە، هەرێمی کوردستانی عێراق وەک بەشێک لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکان پێشکەوتنی تەلەڤزیۆن تیایدا درەنگ کەوت، هەروەها بەهۆی ژێردەستەیی میللەتی کوردو دۆخی سیاسی و ئابووری و ناهەمواری کوردستانی باشوور بە بەردەوامی , هۆکارێکە بۆ دواکەوتنی بەرەوپێشچوونی قۆناغەکانی گەشەکردنی تەلەڤزیۆن تیایدا. پاشان لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و تەکنیکی بەردەوام و سەرهەڵدانی جیهانگیری بووە هۆی گەشەکردنێکی بەرچاوی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان . تەلەڤزیۆن کۆت و بەندو رێگری و بەربەستەکانی جوگرافیاو تەکنیک و ئابلۆقەی سیاسی تێپەراند ، بەهۆی دەرکەوتنی مانگە دەستکردەکان و کارکردنی لە رێگەی کێبڵ و وایەرلێس و ڤیدیۆو ئینتەرنێت ، تەلەڤزیۆن گەشەیەکی خێراتری بەخۆوە دی و هەموو بەربەستەکانی بڕی و چووە نێو ژیانی تاک و کۆمەڵگە بەشێوەیەکی فراوان. (د. سامان جلال، ٢٠١٨، ل١٨)

### ٣-١: سەرهەڵدانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان لە پێش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١:

مێژووی تەلەڤزیۆنی کوردی لە هەرێمی کوردستان زۆر دوور نییە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیست ، کە لە دوای هاتنی رژێمی بەعس بۆ سەر دەسەڵات لە ساڵی (١٩٦٨)، هەرلەوساڵەدا لە رێکەوتی (١٩٦٨/١١/١٨) تەلەڤزیۆنی کەرکووک دامەزرا، کە تا پێش ئەو بەروارە تەلەڤزیۆنی کوردی بوونی نەبوو لە کوردستاندا.

تەلەڤزیۆنی کەرکووک بەرنامەکانی پەخش دەکرد بە زمانی کوردی (شێوەزاری کرمانجی خواروو، عەرەبی و سریانی و تورکمانی)، بەڵام دوای رێککەوتننامەی (١١)ی ئاداری (١٩٧٠) زۆرینەی بەرنامەکانی بە زمانی کوردی پەخش دەکران , بێگومان دامەزراندنی تەلەڤزیۆنی کەرکووک بێ ئامانج نەبوو وە لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی رژێمی دەسەڵاتداری ئەوکاتەوە بەڕێوە دەبرا ، لەگەڵ ئەوەی گرنگی زۆری دەدا بە بواری هونەرو گۆرانی و میوزیکی کوردی ، بەڵام لەژێر چاودێری توونددا تێدەپەڕی لەپێناو خزمەتکردن بە بیری شوڤێنی و بەعسیزم بەتایبەتی لە دوای ساڵی (١٩٧٤) بەدواوە سانسۆڕو چاودێری زیاتری خرایە سەر، تا ساڵی (٢٠٠٣) لە دوای رزگارکردنی عێراق

وکۆتایی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس ، پەخشی تەلەڤزیۆنی ناوبراو لەکار وەستا (سەباح مجید، ٢٠٠٧، ل٢٥-٢٨).

لە ساڵی (١٩٧٨) بەشی کوردی لە تەلەڤزیۆنی مووسڵ کرایەوە کە ماوەی پەخشی تەنها دوو کاتژمێرو نیو بوو، بەشێوەزاری کرمانجی ژووروو، ئەم تەلەڤزیۆنە پەخشی بەردەوام بوو تا ساڵی (١٩٩٠) دواتردواخرا ، پاشان لە ساڵی (١٩٩٢) دووبارە دەستی بە پەخشی بەرنامەکانی کردەوە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و سریانی بەردەوامی هەبوو تا ڕووخانی ڕژێمی بەعس و ئازادکردنی عێراق لە (٢٠٠٣)دا.

تەلەڤزیۆنی موسڵ (بەشی کوردی) لە ڕووی ستراتیژو ئامانج و چاودێری ڕاستەوخۆی دەسەڵاتتدا بووە لە ڕووی ئاماژەنەدان بە هەستی کوردایەتی و خزمەتکردنی بیروڕاو دەسەڵاتی ڕژێمی ئەو سەردەمە. (د. خالد حبیب الراوی، ١٩٩٨، ل١١٤)

### ٣-٢: سەرهەڵدانی تەلەڤزیۆنی کوردی لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١.

- دوای ڕاپەڕینی گەلی کوردستان لە ئاداری (١٩٩١) وە گەڕانەوەی سەرجەم پارتە کوردییەکان بۆ ناو شارەکانی هەرێمی کوردستان و دامەزراندنی بنکەو بارەگاکانیان تیایدا، پاشان لە ساڵی (١٩٩٢) بڕیاری هەڵبژاردن درا بەشێوەیەکی دیموکراسی بۆ دامەزراندنی پەرلەمان وحکوومەتی هەرێمی کوردستان و بە دامەزراوەییکردنی سەرجەم کایەکانی حوکمڕانی. پڕۆسەی هەڵبژاردن بووە هۆی دانانی بەردی بناغەی میدیا و تەلەڤزیۆنی کوردی بەگشتی لە هەرێمی کوردستان ، هەرچەندە پێشتر لێرەو لەوێ پارتە سیاسییەکان چەند کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی ناوخۆییان لە شارە گەورەکان دامەزراندبوو وەک سەرەتایەک بەمەبەستی بانگەشە بۆ کارو چالاکی و پڕۆگرامی حزبەکانیان وەک خۆناساندن بە جەماوەرێکی فراوانتر لە پێشوو، هەروەها بە ئامانجی خستنەڕووی پلانی داهاتوویان و گەیاندنی پەیامیان بە جەماوەرەکانیان. (ئەمیر نامیق، ٢٠٠٥، ل٣٦)

یەکەم تەلەڤزیۆنی ناوخۆ لە دوای ڕاپەڕین لە (١٩٩١/٩/١١) دامەزرا لە شاری سلێمانی لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەناوی (تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان). دواتر لەهەمان ساڵدا تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان (کەناڵی دهۆک) دامەزرا، تاساڵی ١٩٩٤ بەردەوام بوو کە لەلایەن مەڵبەندی چواری یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەرپەرشتی دەکرا. (سەباح مجید، ٢٠٠٧ ل٣٢).

پاشان (تەلەڤزیۆنی پارتی) لە دهۆک ، لەلایەن پارتی گەلی دیموکراسی کوردستان دامەزرا لە ساڵی ١٩٩٣. هەروەها (K.tv) تەلەڤزیۆنی کوردستانی مەرکەزی) لە (١٩٩٢/٥/١٤) لە پیرمام دامەزرا لەلایەن (پ. د. ک).

- (K.tv) لە سلێمانی لە ئەیلوولی (١٩٩٢) لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرا تا ساڵی (١٩٩٤) بەردەوام بوو.

- (tv یەکگرتن) کەناڵی شارەزووری پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان دامەزرا لە ساڵی ١٩٩٣ لە مانگی نیسانی ١٩٩٣ بەردەوامی هەبوو تا ساڵی ١٩٩٤.

- (tv یەکگرتن) کەناڵی دهۆکی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان بوو لە مانگی ١٠ی (١٩٩٣ بۆ ١٩٩٤) بەردەوام بوو.

- (tv مافی مرۆڤ) لە (١٩٩٦/١/١٩) لە شاری دهۆک دامەزرا لەلایەن (داود باغستانی) کە وەک سیاسییەکی سەربەخۆ خۆی ناساندبوو. (محمد فريق حسن، ٢٠٠٧، ل٣٢)

جگە لەمانە لە ماوەی ساڵانی (١٩٩١ تا ١٩٩٧) چەندین تەلەڤزیۆنی تری ناوخۆ دامەزراند ، بەڵام زۆرینەی ماوەی پەخشیان زۆر کورت بوو، شایانی باسە ئەمانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن ئێستا لەکار وەستاون بەهۆی شەڕی ناوخۆوە ، هەندێکی تریان بەهۆی قەیرانی داراییەوە نەیانتوانی بەردەوام بن. بەڵام چەند کەناڵێکی دیکە هەن کە تا ئێستا پەخشیان بەردەوامەو کەناڵی سەرکەوتوون لە مەیدانی میدیای کوردیدا لەوانە:

- (K.tv) دهۆک لە (١٩٩٢/٥/٣) لەلایەن (پ. د. ک) دامەزرا.

- (K.tv) مەرکەزی- لە هاوینەهەواری پیرمام کە پێشتر ئاماژەمان پێدا لەلایەن (پ. د. ک) دامەزرا لە (١٩٩٢/٥/١٤)، پاشان لە ساڵی (٢٠٠٥) ئەم تەلەڤزیۆنە لەگەڵ تەلەڤزیۆنی گوڵان بوون بە یەک بەناوی (کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس).

- (tv ئازادی) کەناڵی سلێمانی کە لە (١٩٩٢/١٠/٢٣) لەلایەن حزبی شیوعی کوردستان دامەزرا، هەمان تەلەڤزیۆن کەناڵی دهۆک لە (١٩٩٧/١٠/٦) دامەزرا.

- (tv پارتی پارێزگاران) کەناڵی هەولێر لە مانگی شوباتی ساڵی (١٩٩٢) لەلایەنی پارتی پارێزگارانی کوردستان دامەزرا.

- (tv ئاکرێ) کە لە (١٩٩٣/٤/٢٥) لەلایەن (پ. د. ک) لە ئاکرێ دامەزرا.

- (tv بزووتنەوەی ئیسلامی) کەناڵی بێتواتە کە لە ساڵی (١٩٩٣) دامەزرا لەلایەن بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، لە دوای شەڕی نێوان بزووتنەوەی ئیسلامی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بارەگاکەی گواسترایەوە بۆ هەڵەبجە.

- (K.tv) کەناڵی دەروازەی راپەڕین لە (١٩٩٤/١١/٩) دامەزرا لەلایەن (پ. د. ک).
- (tv زەحمەتکێشان) کەناڵی هەولێر کە لە مانگی ئاداری (١٩٩٣) دامەزرا لەلایەن حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە.
- (tv یەکگرتووی ئیسلامی) کەناڵی هەولێر لە (١٩٩٥/٣/١٦) لەلایەن یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانەوە دامەرزا، هەمان تەلەڤزیۆن کەناڵی سلێمانی لە (١٩٩٥/٧/١) دامەزرا، هەروەها لە ساڵی (١٩٩٨) هەمان تەلەڤزیۆن کەناڵی دەربەندیخان دامەزرا.
- (tv هەرێم) لە مانگی ئابی ساڵی (١٩٩٢) لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە شاری هەولێر دامەزرا ، کە یەکەمین تەلەڤزیۆنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو کە لە ساڵی (٢٠٠٥) پەخشی گەیشتە شارەکانی دهۆک و سلێمانی و کەرکووک.

شایانی باسە زۆرینەی ئەو تەلەڤزیۆن و کەناڵانە زمانحاڵی حزب و پارتە دامەزرێنەرەکانیان بوون لە سەرەتای دروستبوونیانەوە بەتایبەتی لە ماوەی ساڵانی (١٩٩١ بۆ ١٩٩٧) کە بە سەرەتای لە دایکبوونی تەلەڤزیۆن و میدیای کوردی دادەنرێت، بەڵام هەر حزب و لایەنێک بەجیاوازی بیرو بۆچوون و ئایدۆلۆژیاوە چ عیلمانی بێ یان ئیسلامی یان نەتەوەیی ، هەر پارتەو تەلەڤزیۆنێکی دامەزراند ، پاشان لەشارەکانی تری کوردستان چەندین کەناڵی تەلەڤزیۆنی هاوشێوە لە رێبازوپەیام دامەزران تەنها لەپێناو پەخش و بڵاوکردنەوەو خزمەتکردن بە ئایدۆلۆژیاو پەیڕەو و پڕۆگرامەکانیان (صباح مجید، ٢٠٠٧، ل٣٩-٤١).

**تەلەڤزیۆن و ئەرک و، خەسڵەتەکانی تەلەڤزیۆن:**

تەلەڤزیۆن، ئامرازێکی میدیایی گشتی و کەناڵێکی جەماوەرییە، هۆکارێکی گەیاندنی بەهێزی میدیاییە بۆ سەرجەم ئاستە جیاوازەکان و چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، یەکێکە لە هۆکارەکانی پەیوەندی جەماوەری (مولود زاید طیب، ٢٠٠٩، ل١٣).

لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیای بەردەوام، وە سەرهەڵدان و گەشەکردنی جیهانگیری میدیایی، تەلەڤزیۆن بەهێزو بە تواناتر بوو. هەمیشە پانتایی بینەرانی لە زیادبووندایەو بەربەستە جوگرافییەکانی تێپەڕاندووە بەهۆی مانگە دەستکردەکان و کارلێکردنی لە رێگەی کێبڵ و وایەرلێس و ئینتەرنێت گەشەی خێراتری بەخۆوەدی، بەڕادەیەک هەموو بەربەستەکانی تێپەڕاندوو چووە ناو ژیانی تاک و کۆمەڵگە بەگشتی،

بەڵکو بۆتە ناوەندێکی گەیاندن کە لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی زۆر فراوانترو کاریگەرتر بوون. (جون کورن، ١٩٩٩، ل١٦٢).

**ئەرکەکانی تەلەڤزیۆن:**

ئامێری تەلەڤزیۆن , وەک یەکێک لە ناوەندە گرنگەکانی میدیا ، چەندین ئەرکی لەخۆ گرتووە ، ئەو ئەرکانەی تەلەڤزیۆن رایان دەپەڕێنێت فراوانترو هەمەڕەنگترن لەو ئەرکانەی ناوەندەکانی دیکەی میدیا ئەنجامی دەدەن کە لێرەدا ئاماژە بە گرنگترینیان دەدەین:

- گرنگترین ناوەندەکانی پەیوەندی کردنە بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریەکان , ناوەندێکی چالاک و هەمەڕەنگە بۆ دروستکردنی بیروڕاو لێکدانەوەو ئاراستەکردن ودروستکردنی ڕای گشتی , ئەرکی فێرکردن و پەروەردەو رۆشنبیری وهۆشیارکردنەوەو کات بەسەربردنی لە ئەستۆیە . (جولد جاک، ١٩٧١، ل٣٩).

**خەسڵەتەکانی تەلەڤزیۆن:**

تەلەڤزیۆن چەندین خەسڵەت لەخۆ دەگرێت، کە وایان کردووە لە هەر ناوەندێکی دیکەی میدیا جیاواز بێ لەبەرئەوەی میدیایەکی ئاوێتەیە لە بینین و بیستن، وە پەیوەستە بە کاتەوە زیاتر لەگەڵ زەمەندا کاردەکات , بەوهۆیەوە بەرنامەکانی تەلەڤزیۆن لە کاتێکی دیاریکراو پەخش دەکرێن و دەرفەت نییە بۆ هەڵبژاردنی بەشێکی دیاریکراو یان گەڕانەوە بۆ ئەو بابەتەی کە بینەر بینیوێتی، تەنها لەوکاتەدا نەبێ کە بە ڤیدیۆ تۆمارکرابێ یاخود لە دووبارە پەخشکردنەوە ببینرێت. هەر ئەو هۆکارەش پاڵنەرە کە تەلەڤزیۆنەکان بەرنامەکانیان دووبارە بکەنەوە بۆ رۆژی دواتر. (جون کورن، ١٩٩٩، ل١٦٧)

- تەلەڤزیۆن، ناوەندێکی ئاڵۆزەو تێچووی زۆری بۆ کارپێکردن دەوێت , وەک سەرچاوەیەکی داهات زیاتر لە ناوەندەکانی تری میدیا سوود لە ریکلام وەردەگرێ و دەتوانێ پشت بە داهاتەکەی ببەستێ. تەلەڤزیۆن ئارەزووی بەلای ئەو چارەسەرکردنانەوەیە کە فۆڕمی گێڕانەوەیان هەیە زیاتر لە شێوەکانی لێکدانەوە ، لە تەلەڤزیۆن زمانی وێنە بەسەر ئەقڵ و چاوی مرۆڤدا زاڵ دەبێت بەتایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی کەناڵی ئاسمانی و هاتنی سەردەمی مانگە دەستکردەکان . (د. تیسیر احمد أبو عرجه، ٢٠٠٦، ل١٢٧-١٢٨)

- تەلەڤزیۆن ، توانای گواستنەوەی ڕووداوەکانی بەشێوەیەک هەیە هەستی بەرجەستەبوونی لای بینەر دروست دەکات بە نزیک بوونەوەیان لە ڕووداوەکان.

– تەلەڤزیۆن، وەک رەگەزێکی بنەڕەتی پشت بە وێنە دەبەستێت کەمتر پشت بە وشە دەبەستێ کە بە خاڵێکی سەرنجراکێش لای بینەر ئەژمار دەکرێ هەروەها توانای گەیشتن بەجەماوەر لە تەلەڤزیۆندا لە ناوەندەکانی تری میدیا زۆر زیاترە .(صباح مجید، ٢٠٠٧، ل٧)

## ئەرکی چاودێریکردن لە کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان دا

سەرەڕای ئەو جۆرە چاودێریکردنانەی کە پێشتر باسمان کردن دەکرێت لە کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکاندا سوودیا لێوەربگیرێت، بەڵام باشترین پۆلێن کە توێژەر پەی پێبردبێت، ئەو پۆلێنەیە کە د. صالح خليل أبو أصبع بە سوود وەرگرتن لە چەند سەرچاوەیەک بۆ چاودێریکردنی دەزگاکانی میدیا دایڕشتووە، بەو پێیەی کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان، بەوانەی سامپڵی توێژینەوەکەی ئێمەشەوە دەزگای میدیا ، دەکرێت سوودێکی زۆر لەو دابەشکردنە پۆلێنکارییەی صالح خليل أبو أصبع وەربگیرێت، بە کورتی و پوختی و چڕی بۆچوونەکەی ئەو دەخەینەڕوو.

هەرکاتێک باسی چاودێریکردن لە دەزگاکانی میدیادا بکەین ئەوا خێرا چاودێریکردن لەسەر پەیامەکانی دەزگاکانی میدیامان دێتە بەرچاو، لە ڕاستیدا چاودێریکردنی پەیامەکانی دەزگاکانی میدیا یەکێکە لە دوو لایەنی بنەڕەتی چاودێریکردنی دەزگاکانی میدیا کە بریتییە لە:

یەکەم: چاودێریکردنی کارگێڕی، سێ بوار لەخۆ دەگرێت کە بریتین لە چاودێریکردنی کاری مرۆڤەکان و چاودێریکردنی مەوادەکانی دەزگاو چاودێریکردنی لایەنی دارایی دەزگاکە.

دووەم: چاودێریکردنی ناوەڕۆکی پەیامەکانی میدیا پێش ئەوەی بگاتە وەرگر، دەکرێت ناوی چاودێریکردنی سیاسی یان چاودێریکردنی هونەری و تەکنیکی لێبنرێت (صالح خليل أبو أصبع, ص٢٧٥).

## خەسڵەتەکانی چاودێریکردنی سەرکەوتوو

بۆ ئەوەی ئەرکی چاودێریکردن بەشێوەیەکی باش بەڕێوەبچێت باش وایە ئەم دە خەسڵەتە لەخۆ بگرێت بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت:

١/ گونجاندنی سستمی چاودێریکردن لەگەڵ سروشت و قەبارەی ئەو بوارەی چاودێری دەکرێت.

٢/ باش وایە سستمی چاودێریکردنەکە نەرمی تێدا بێت، واتا سیستمێکی چاودێری بەکاربهێنرێت، بتوانرێت لە ڕووی واقعی و مەیدانییەوە جێبەجێ بکرێت.

٣/ پێویستە سستمی چاودێریکردن بەشێوەیەکی ئابووریانە بێت، لەبەرئەوەی یەکێک لە ئامانجەکانی چاودێریکردن گێڕانەوەی خەرجییە زیادەکانە بۆ ناو دەزگا، هەربۆیە دەبێت بەشێوەیەکی ئابووری پەیڕەو بکرێت و سوودو قازانج بە دەزگا بگەیەنێت.

٤/ پێویستە سستمی چاودێریکردن روون و ئاسان بێت و بەدوور بێت لە گرێ و گۆڵ بۆ نموونە ئامانجی روون بێت، ئامرازو شێوازەکانی روون بێت.

٥/ یەکێک لە خەسڵەتە دیارەکانی چاودێریکردنی سەرکەوتوو ئەوەیە سستمەکەی بەجۆرێک بێت کە بەشێوەیەکی خێرا لادانەکان دەربخات.

٦/ سستمی چاودێریکردن پێویستە بابەتیانە بێت و دوور بێت لە هەڵسەنگاندن و مەزندەکردنی کەسیی (جمیل أحمد توفیق، ص٤١١-٤١٢).

## باسی دووەم: سەرهەڵدانی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی (سەتەلایت)ی کوردی لە هەرێمی کوردستان:

کەناڵی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کوردی سەردەمێکی نوێی هێنایەکایەوە چ لە رووی گەشەکردنی خێرایی بواری میدیا و تەلەڤزیۆنی کوردی وە چ لە رووی بەرەوپێشبردنی دۆزی کوردو ناساندنی زیاتری بە جیهانی دەرەوە ، وە ئاشناکردنی زیاتری جەماوەری کورد بە دنیای دەرەوە , کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی بەرنامەو پرۆگرامەکانیان ئاراستەی ناوەوەو دەرەوەی کوردستان دەکەن کە پەخشیان لەسەر مانگی دەستکرد دێتە وەشاندن. (محمود وەندی، ٢٠٠٣، ل١٩٣)

ئەم کەناڵە ئاسمانیانەی کە لەخوارەوە ئاماژەیان پێ دەدەین ژمارەیەکیان تائێستا بەردەوامن لە پەخش کردن , وەهەندی لەو کەنالانەش بەهۆکاری جیاواز لەپەخش وەستاون یاخود کۆتاییان پێ هاتووە , هاوکات ژمارەیەکی بەرچاوی کەناڵی ئاسمانی نوێ هاتونەتە مەیدانی میدیای کوردی بە شێوازو تەکنیکی نوێ وەژمارەیان لەزۆر بوندایە بەبەردەوامی وەک:

### ١) کەناڵی ئاسمانی کوردستان Kurdistan tv:

مێژووی یەکەم کەناڵی ئاسمانی کوردی لە باشووری کوردستان بە کردنەوەی کەناڵی سەتەلایتی کوردستان دەسپێدەکات، کە لەلایەن (پ. د. ک) دامەزرا لە (١٩٩٩/١/١٧) لە هاوینەهەواری پیرمام سەر بە شاری هەولێر. بودجەی کەناڵی ناوبراو لەلایەن (پ. د. ک) دابینکراوە. (ماڵپەریk.tv، ١٩٩٩)

### ٢) کەناڵی ئاسمانی کوردسات Kurdsat:

بە دووەم کەناڵی ئاسمانی لە هەرێمی کوردستان دادەنرێت لە دوای (کوردستان tv، کە لە ئاداری (٢٠٠٠) پەخشی بەرنامەکانی دەستپێ کرد ، کەناڵی ناوبراو کەناڵێکی گشتی و هەمەلایەنەیەو بەرنامەی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت ، خاوەندارێتی دەگەڕێتەوە بۆ (ی. ن. ک) یەکێتی نیشتمانی کوردستان ، کەناڵێکی دی تایبەت بە هەواڵ کردۆتەوە بەناوی (کوردسات نیوز). (ماڵپەڕی کوردسات، ٢٠٠٠)

وێڕای ئەم کەنالانە، چەندین کەناڵی دیکەی ناوخۆ هەر لەو رێکەوت و ساڵانە بەدواوە کراونەتەوە، لەوانە:

- (tv ڤین) لە (٢٠٠٧/٧/١٥) دامەزرا کەناڵێکی هونەرییەو خۆیان بە سەربەخۆ ناساندووە تایبەتە بە مۆسیقاو گۆرانی و هونەری کوردی.

- (کەناڵی ئاسمانی نەورۆز) بەیەکەم کەناڵی ئاسمانی حکوومی ناسێنرا بوو لە (٢٠٠٧/٩/١) لەلایەنی وەزارەتی رۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا پاش چەند ساڵێک راگیرا.

- لە سایەی ئامادەگی چەندایەتی و چۆنایەتی کەناڵە ئاسمانییەکان بە سەرجەم جۆرو چەشنەکانیەوە لە پانتایی فەزای میدیایی هەرێمی کوردستان، ئێستا قەبارەو ژمارەی کەناڵە ئاسمانییەکان بەردەوام روو لە زیادبوونە. هەربۆیە دامەزراندن و دروستبوونی کەناڵە ئاسمانییەکان بەگشت خاوەندارییەتە جۆراوجۆرەکانی لە ئاکامی پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری و تەکنەلۆژی بەرجەستەبوون بەتایبەت لەدوای رووخانی رژێمی بەعس لە عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣) و کرانەوەی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بەرووی گشت ناوەندە سیاسی و ئابوورییەکان ، وەبەرەوپێشچوونی دۆزی سیاسی کورد لە ئاستە جیاجیاکانی پەیوەندی نێونەتەوەیی و بازرگانی و وەبەرهێناندا. (شێرکۆ جەبار، ٢٠٠٢، ل٣٩)

خاوەندارێتی کەناڵە ئاسمانییەکان لە هەرێمی کوردستان:

لە کە ٢٠٠٧/٩/١ کەناڵی نەورۆز دامەزرا دەسپێکی پەخشی لە (٢٠٠٨) بوو، کە لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرێوە دەبرا ، پاش دوو ساڵ کارکردن هەر بە بریاری حکوومەت داخرا.-هەروەها لە رووی شێوازو تایبەتمەندیەوە کەناڵە ئاسمانییەکان لە کوردستان، لە چەندین بواری جیا هەنگاویان ناوە، وەک کەناڵی تایبەت بە هەواڵ و کەناڵی تایبەت بە میوزیک و گۆرانی، کەناڵی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و کات بەسەربردن (الترفیهی)، کەناڵی تایبەت بە منداڵان . (شێرکۆ جەبار، ٢٠٠٢، ل٤٢-٤٣)

### ٣) کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس :Zagros tv

- دووەمین کەناڵی ئاسمانی پارتی دیموکراتی کوردستانە ، کەناڵێکی سیاسی و هونەری رۆشنبیری گشتی هەمەرەنگە ، لە (٢٠٠٥/٦/١٣) دەستی بە بەخشی بەرنامەکانی کرد بەشێوەیەکی فەرمی ، بارەگاکەی لە شاری هەولێرە، سەرچاوەی دارایی لەلایەن مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دابین دەکرێت، جێی ئاماژەیە دروستبوونی کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس لە ئەنجامی لکاندنی تەلەڤزیۆنی کوردستانی مەرکەزی لە پیرمام ،وە تەلەڤزیۆنی گولان لە هەولێر هاتەکایەوەکە پێشتر ئاماژەی پێدرا ، لە ئێستا سەرجەم بەرنامەکانی بە زمانی عەرەبی پەخش دەکات ، تاکە کەناڵی عەرەبی سەر بە (پ. د. ک)ە.

### ٤) کەناڵی ئاسمانی ڤین :Vin tv

کەناڵێکی هەمەڕەنگە تایبەت بە میوزیک و گۆرانی و هونەری کوردییە لە ٢٠٠٧/٧/١٥ دامەزرا، بارەگای سەرەکی لە شاری دهۆکە، خۆی بە کەناڵێکی سەربەخۆ ناساندووە.

### ٥) کەناڵی ئاسمانی سپێدە :Speda tv

کەناڵی ئاسمانی سپێدە ، ئۆرگانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە، مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان سەرپەرشتی دەکات، لە ٢٠٠٨/٥/٢٩ دەستی بە پەخشی بەرنامەکانی کرد.

یەکەم کەناڵی ئاسمانی ئیسلامی بوو لە کوردستان کە بنکەی سەرەکی لە شاری هەولێرە، سیاسەت وڕێبازی بەرنامەکانیان لەسەر ئاڕاستەیەکی ئایینی دەڕوات.

### ٦) کەناڵی ئاسمانی پەیام :Payam tv

زمانحاڵی کۆمەڵەی ئیسلامی کوردستانە، بنکەی سەرەکی لە شاری سلێمانی-یە لە (٢٠٠٨/١٢/١) دەستی بە پەخشی ئاسایی کرد، سەرچاوەی دارایی لەلایەن حزبی کۆمەڵەی ئیسلامی-یەوە دابین دەکرێت، بە هەمان شێوەی کەناڵی ئاسمانی سپێدە، بەرنامەو پڕۆگرامیان هەمەڕەنگە لەسەر ئاڕاستەیەکی ئایینی یە.

### ٧) کەناڵی ئاسمانی :KNN

کەناڵی ئاسمانی (KNN (Kurdish News Channel واتە (کەناڵی هەواڵی کوردی)، ئەم کەناڵە لەلایەن کۆمپانیای (وشە)ی سەر بە بزووتنەوەی گۆڕان بەڕێوە دەبرێت, پاڵپشتی دارایی لەلایەن بزووتنەوەی ناوبراو دەکرێت، لە (٢٠٠٨/١٢/٢٠) پەخشی دەست پێکرد.

بارەگای سەرەکی لە شاری سلێمانی-یە. بەرنامەو پەیامی ئەم کەناڵە دیدێکی سیاسی ڕەخنەگرانەی لەخۆ گرتووەو وەخۆیان بە زمانحاڵی (ئۆپۆزسیۆن) ناساندووە لە مەیدانی میدیای کوردیدا، لەسەرەتای مانگی ٢٠١٩/١٠ پەخشی ڕاوەستاوە.

### ٨) کەناڵی ئاسمانی جەماوەر :Jamawar tv

زمانحاڵی حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستانە، لەساڵی (٢٠٠٨) لە شاری سلێمانی دامەزرا، بەرنامەکانی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی پەخش دەکات ، سەرچاوەی دارایی لەلایەن پارتی ناوبراوەوە دابین دەکرێ.

**٩) کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان :Gali Kurdistan**

زمانحاڵی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەو لە ٢٠٠٩/٦/١ پەخشی دەستپێکرد، بارەگای سەرەکی لە شاری سلێمانی-یە، سەرچاوەی دارایی و پاڵپشتی لەلایەنی پارتی ناوبراوەوە دابین دەکرێت.

**١٠) کەناڵی ئاسمانی کۆڕەک Korek tv:**

کەناڵێکی هونەرییەو تایبەتە بە میوزیک و گۆرانی کوردی، بنکەی سەرەکی لە شاری هەولێرە، لەلایەن کۆمپانیای کۆڕەک تیلیکۆم پاڵپشتی دەکرێ لە (٢٠٠٩/١٢/١) دامەزرا.

**١١) کەناڵی ئاسمانی کەناڵ چوار Kanal 4:**

ئەم کەناڵە لە (٢٠١٠) لە شاری هەولێر دامەزرا کەناڵێکی بازرگانییەو خاوەندارێتی کەرتی تایبەتەو بایەخ بە هونەرو رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ریکلام دەدات.

**١٢) کەناڵی ئاسمانی NRT:**

کەناڵی ئاسمانی NRT یەکەمین کەناڵی هەواڵی کەرتی تایبەتە لە کوردستان، لە (٢٠١١/٢/١٧) لە شاری سلێمانی دەستی بە پەخش کرد , سەرچاوەی دارایی لەلایەن گرووپی کۆمپانیای نالیا دابین کراوە، پاشان دەستیان کرد بە فراوان بوونی کاری میدیاییان بە کردنەوەی کەناڵی (NRT2) کە کەناڵێکی هونەری و کۆمەڵایەتییە هەمەڕەنگە، لە (٢٠١٣/٢/١٧) کرایەوە، لە هەمان بارەگای ئێن ئارتی یەک.

پاشان کەناڵی NRT عەرەبی کرایەوە، هەر لەساڵی (٢٠١٩) کەناڵی ناوبراو هەستا بە کردنەوەی کەناڵی NRT3ی تایبەت بە منداڵان، کەناڵی (NRT4)، تایبەت بە بواری ئایینی، بێگومان هەر چوار کەناڵی ناوبراو بە پاڵپشتی دارایی کۆمپانیای نالیا کە کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەتە بەڕێوە دەچن و سەرپەرشتی دەکرێن.

**١٣) کەناڵی ئاسمانی کەرکووک :Kirkuk tv**

کەناڵێکی ئاسمانی کوردی هەمەڕەنگە، لە (٢٠١١/٩/٣) دەستی بە پەخش و بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی کرد ، بنکەی سەرەکی لە شاری کەرکووکە، یەکێتی نیشتمانی کوردستان پاڵپشتی دارایی ئەم کەناڵە دەکات، بەرنامەکانی بایەخ بە لایەنی سیاسی و

کۆمەڵایەتی و فەرهەنگ و مێژوو دەدات، جگە لە زمانی کوردی کە زمانی فەرمی کەناڵەکەیە، بە زمانەکانی عەرەبی و تورکمانی و سریانیش بەرنامەیان هەیە.

**١٤) کەناڵی ئاسمانی پێلیستانک :Pelistank tv**

بە یەکەمین کەناڵی سەتەلایتی تایبەت بە منداڵان ئەژمار دەکرێت، کە لە (٢٠١٢/٥/١) لە شاری دهۆک دەستی بە پەخشی بەرنامەکانی کرد ، کەناڵێکی ئەهلی-یەو پاڵپشتی دارایی لەلایەن چەند بازرگانێکەوە بۆ دابین دەکرێت و دایانمەزراندووە.

**١٥) کەناڵی ئاسمانی کوردماکس :Kurdmax**

کەناڵێکی هونەری هەمەڕەنگە، لەلایەن کەرتی تایبەتەوە دامەزراوەو پاڵپشتی دارایی دەکرێت، بنکەی سەرەکی لە شاری هەولێرە لە (٢٠١٢/٧/٥) دەستی بە پەخش کردووە ، کەناڵی ناوبراو مەودای کارەکانی فراوان کرد بە دامەزراندنی کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی تایبەت بە منداڵان بەناوی (کوردماکس پەپوولە) کە پرۆگرامەکانی تایبەتن بە منداڵان لەلایەن کەرتی تایبەتەوە پاڵپشتی دارایی دەکرد.

**١٦) کەناڵی ئاسمانی بادینان سات Badinan sat:**

کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی-یە لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە دامەزراوەو پاڵپشتی دارایی بۆ تەرخان دەکرێ، کەناڵی ناوبراو سەرجەم بەرنامەکانی بە شێوەزاری کرمانجی ژوورو پێشکەش دەکەن، چونکە ئاڕاستە کراوە بۆ دەڤەری بادینان، لە (٢٠١٢/٨/١٧) دامەزرا .

**١٧) کەناڵی ئاسمانی رووداو Rudaw:**

کەناڵی ئاسمانی رووداو لە (٢٠١٣/٥/٢٩) دەستی بە پەخش کرد، بەیەکەم تەلەڤزیۆنی ئاسمانی (HD) دادەنرێت، کەناڵێکی سیاسی گشتییە، بنکەی سەرەکی لە شاری هەولێرە، تۆڕی میدیایی رووداو بە گرووپێکی سەربەخۆی ئازاد خۆی ناساندووە لە بوارەکانی میدیای ئەلیکترۆنی و بینراو و بیستراو، پاڵپشتی دارایی بە ناڕاستەوخۆ لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەکرێ.

### ١٨) كەناڵی ئاسمانی ڕێگا Rega:

زمانحاڵی حزبی شیوعی کوردستانە لە (٢٠١٣/٩/١) دەستی بە پەخشی بەرنامەکانی کرد، لەسەر مانگی دەستکردی (نایل سات)، بنکەی سەرەکی لە شاری هەولێرە، پاڵپشتی دارایی لەلایەن حزبی ناوبراوە دابین دەکرێ، بەرنامەکانی جۆراوجۆرو هەمەلایەنەیە، بەهۆی قەیرانی دارایی حزبی شیوعی کوردستان لەکارکەوت و داخرا (شێرکۆ جەبار، ٢٠٠٢، ل٢٠).

### ١٩) کەناڵی ئاسمانی وار WAAR tv:

کەناڵی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی (وار) سەر بە کەرتی تایبەتەو بنکەی سەرەکی لە شاری دهۆکە، تەلەڤزیۆنێکی گشتی-یەو بەرنامەی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت، ئاڕاستەکراوە بۆ ناوچەی بادینان، هەربۆیە زۆرینەی کاتی بەرنامەکانیان بە شێوەزاری کرمانجی ژووروە، هەرچەندە شێوازاری کرمانجی خواروو بەکاردێ بەڕادەیەکی کەمتر. یەکەم پەخشی ئاسایی لە (٢٠١٤/٣/٢١) دەستپێکرد، پاڵپشتی دارایی لەلایەن کەرتی تایبەتەوە دەکرێ و خۆی بە سەربەخۆ ناساندووە.

### ٢٠) کەناڵی ئاسمانی وار سپۆرت WAAR SPORT Tv:

بەشێکە لە کەناڵی ئاسمانی (وار) تایبەتە بە هەواڵی وەرزشی و بە یەکەم ئاسمانی کەناڵی تایبەتمەندی وەرزشی هەژمار دەکرێ، لە مانگی (١١/ ٢٠١٣) پەخشی دەستپێکرد ، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بەرنامەکانی پێشکەش دەکات.

### ٢١) کەناڵی ئاسمانی k24:

کەناڵی ئاسمانی تەلەڤزیۆنی کوردستان٢٤ لە ساڵی (٢٠١٥) دەستی بە پەخشی بەرنامەکانی کرد، بنکەی سەرەکی لە شاری هەولێرە، تەلەڤزیۆنێکی هەواڵی و رۆشنبیری گشتی یە، پاڵپشتی دارایی لەلایەنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەکرێ، بەڵام بە سەربەخۆ خۆی ناساندووە، (ماڵپەڕی k24، ٢٠١٩)

جگە لە تەلەڤزیۆنی سەتەلایتی کوردستان کە بە یەکەم تەلەڤزیۆنی ئاسمانی هەژمار دەکرێ/ لە هەرێمی کوردستان، کەناڵی سەتەلایتی ماد (میدیا) یەکەم تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کوردی بوو، کە ئۆرگانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بوو، لە وڵاتی بەلجیکاوە پەخش دەکرا، لە (١٩٩٥/٥/١٥) لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا دامەزرا، دواتر لە ئەمستردام پایتەختی هۆڵەندا نوێ کرایەوە چەندین جار بەهۆی سانسۆڕو ڕێگرتن گواسترایەوە بۆ چەندین شوێن

و به چەند ناوێکی جیاوازەوە پەخش دەکرا کە تا ئێستا بەردەوامی هەیە (شێرکۆ جەبار، ٢٠٠٢، ل٣٩-٤٠).

((سەرجەم تەلەڤزیۆن و کەناڵەکانی سەتەلایت لە هەرێمی کوردستان، بە هەردوو شێوەزاری (کرمانجی سەروو، کرمانجی خواروو) سنووری جوگرافی نێوان ناوچەکانیان تەسک کردۆتەوە، لە رووی شێوەزارو بۆ زیاتر راهێنانی گوێگر بە تێگەیشتن لە هەردوو شێوەزار بەشێوەیەکی یەکسان، سەرنجراکێشانی گوێگرو بینەر لە هەر ناوچەو شوێنێکی کوردستان بەلای پرۆگرام و ناوەرۆکی تەلەڤزیۆن و کەناڵەکانەوە)) (شێرکۆ جەبار، ٢٠٠٢، ل٤١).
بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٧ و ٨) لاپەڕە (A12 و A13)

# بەشی سێیەم

## سستمەکانی چاودێری میدیایی

### باسی یەکەم: پێناسی دەزگای چاودێری میدیایی

### باسی دووەم: چاودێری لە سستمی کارکردنی ناو دامەزراوەیەکی میدیاییدا

## باسی یەکەم: پێناسی دەزگای چاودێری میدیایی

دەزگا زاراوەیەکە هاووتایە بۆ ڕێکخراو و دامەزراوە (محمد أکرم العدلونی، ٢٠٠٤, ص١٤). وەک چۆن زۆرێک لە زاراوەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان بیروبۆچوونی جیاجیا لەبارەیانەوە هەبووە، لەبارەی چەمکی دەزگاشەوە بیروبۆچوونی جیاجیا هەیەو ئەو جیاوازیانەش زۆری کات بەهۆی جیاوازی گۆشەنیگاکان و بواری پسپۆڕێتی کەسەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە، فەرهەنگی ویبستەر لە پێناسەی دەزگا (المؤسسة- Institution)دا دەڵێت: دەزگا ئەو جۆرە ڕێکخستنەیە کە خاوەنی ئامانجی کۆمەڵایەتی یان پەروەردەیی یان ئاینییە وەک کڵێسەو قوتابخانەو.. هتد (Wetmter, 1974, p398).

پێناسەیەکی تر هەیە پێی وایە ((دەزگا بریتییە لەو چوارچێوەیەی کەسانێک لەناو خۆیدا کۆدەکاتەوەو کۆمەڵێک ئامرازو توانای تێدایە لە ڕێگەیانەوە کەسی بەڕێوەبردن دەتوانێت پلانەکانی خۆی جێبەجێ بکات (William, 1980, p53).

### یەکەم: چاودێری لەڕووی زمانەوانییەوە:

چاودێری واتە پاراستن و پاسەوانی کردنی پرۆسیەک یان کاروچالاکیەک یاخود پرۆژەیەک ، هەروەها بە واتای ئاگاداری بوون و خۆپارێزی و بینین و لەبەرچاوبوونی شتێک یان بوارێک دێت . (سعید یوسف کلاب، ٢٠٠٦، ل٣)

وشەی چاودێری لە فەرهەنگی (مختار الصحاح) هاتووە: (بە واتای پارێزگاری و چاودێری) (محمد بن ابی بکر الرازی، ١٩٨١، ل٢٥٢).

لە ڕووی زاراوەوە چاودێری ((واتە کۆنترۆڵکردن و ئاڕاستەکردن ، لەلایەن کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک یاخود دەستەیەکی فەرمی یا نافەرمی ئەنجام دەدرێت سەبارەت بە کارێک یان بابەتێک یاخود ڕەفتارێک کە لەسەری ڕێککەوتوون بۆ نەهێشتنی هەڵەو بەفیڕۆدانی کات و دەرامەتی دارایی لەپێناو گەیشتن بە ئامانجی دیاری کراو)). (maat 2010)

### دووەم: چەمک و پێناسی دەزگای چاودێری:

چاودێری لە کۆمەڵگەدا ((ئامرازێکی بنچینەییە بۆ چاودێریی کارو چالاکییەکان و دۆزینەوەی کەم و کورتییەکان لە هەموو بوارەکاندا، ڕێکخستنی جوڵەی ژیانی کۆمەڵایەتی و هێنانەدی ئامانجە باڵاکانی کۆمەڵگەیە)). (د. هێرش رسول، ٢٠١٣، ل١٦)

بەڕێوەبردن لە سەرجەم دەزگاکاندا بە کەناڵە تەلەڤزیۆنیەکانیشەوە ئەرکی چاودێریکردنە. گرنگی ئەم ئەرکە هیچی لە ئەرکەکانی تری بەڕێوەبردن کەمتر نییە، (چاودێریکردن) لە زمانی کوردیدا وشەیەکی فرمانێکی لێکدراوە لە هەردو وشەی چاودێری + کردن دروست بووە، بە مانای (کەسێک چاودێری کەسێک یان گرووپێک یان شتێک بکات) دێت، هەمان وشە چاوگیشە بۆ فرمانەکە. هاوواتای ئەم وشەیە لە زمانی عەرەبیدا زۆرە، بەڵام لە ئەدەبیاتی بەڕێوەبردن و کارگێڕیدا لە زۆربەی سەرچاوەکاندا لە بەرامبەر (الرقابة) دانراوە.

چاودێریکردن لە بنەڕەتدا لە وشەی (Contre-role)ی لاتینییەوە هاتووە، وشەکە لە هەردوو وشەی (Contre) و (role) پێکهاتووە، بە مانای (دڵنیابوون لە هەماهەنگی بڕیارێک لەگەڵ پێوانەیەکی دیاریکراو)، یان بە مانای وردبوونەوەو دڵنیابوون لەوەی فەرمانگەیەکی گشتی یان تاکە کەسێک یان کارێک ڕێزی لێدەگیرێت، هەروەها واتای ڕێزگرتن لە پێداویستی و بنەماکانی ئەرکەکان دەبەخشێت، لە زمانی ئینگلیزیدا چاودێریکردن لە بەرامبەر (Control) دێت (مؤيد أحمد محى الدين عبيدات, ٢٠٠٨, ص٣٥).

لە زمانی عەرەبیدا بەرامبەر چاودێریکردن چەند زاراوەیەکی جگە لە (الرقابة) بەکاردەهێنرێت وەک (المتابعة، التدقيق، الرصد والتفتيش) لە زمانی فەڕەنسیدا زاراوەکە لە بنەڕەتدا بە Contre- Role هاتووە بە واتای (ڕۆڵی بەرەنگاربوونەوە)یە ئەمەش مەبەستی لەوەیە کە لە دروستی و راستی ئەو ڕۆڵەی بە کەسێک سپێردراوە تا چەند لە واقیعدا وەک خۆی جێبەجێی کردووە (عبدالرحمن الصباح, ١٩٩٧, ص١٦-١٧).

هەندێک لە توێژەرو زانایان ئەم ئەرکە بە ئەرکی بەدواداچوون (المتابعة) ناودەبەن، لەبەرئەوەی بە بڕوای ئەوان وشەی بەدواداچوون لە ڕووی چەمکە کارگێڕی و بەڕێوەبردنەوە گونجاوترە بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانی دەزگایەک یان کارمەندانی دەزگایەک، هەروەها بەدواداچوون شێوازی هەڵسەنگاندنی چەندایەتی و چۆنایەتی لەخۆ دەگرێت بەدەر لەو شێوازە کلاسیکییەی چاودێریکردن کە زیاتر ئاماژەدانی بۆ بەکارهێنانی ترساندن و سزادان تیا بەدیدەکرێت (عامر الكبيسي, ١٩٩٧, ص١٤٥).

**سێیەم: چاودێری لە پێناسەیەکی گشتیدا:**

بریتییە (لە ئەرکێکی کارگێڕی گرنگ و پێویست لە بوارێکدا ، بۆ بڕیاردان لەسەر رادەی سەرکەوتنی کرداری بەجێگەیاندن و تەواوکردنی ئەو ئامانجەی پێشتر پلانی بۆ دانراوە لە ماوەیەکی پێوانەییدا). (د. محمد السيد السرايا، ١٩٨٦، ل١١)

پێناسی دەزگای چاودێری بۆ ئامرازو کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن، کەلە کتێبی (التلفزيون واليات التلاعب بالعقول) بەم شێوەیە پێناسەی دەکات کە ((پرۆسەی بەدواداچوونی لیژنەیەک یاخود دامەزراوەیەکی تایبەتی راسپێردراوە بۆ رێگەگرتنی پەخش و بڵاوکردنەوەی هەر هەواڵ و وێنەو زانیارییەکی رێگە پێنەدراو زیانبەخشە بە جەماوەر، بەپێی بنەمای یاسایی و رێساکانی تایبەت بە چاودێری میدیایی لەپێناو کەمکردنەوەو یاخود رێگەگرتن لە بڵاوکردنەوەی)). (بيير بورديۆ، ٢٠١٣، ل١٣٩)

هەروەها (كامل القيم) دەڵێ: دەزگای چاودێری میدیایی ((ئەو دەستەو دامەزراوەو دەزگایانەیە کە بۆ چاودێری کردنی چالاکی میدیایی دادەمەزرێن ، بە مەبەستی فلتەرکردنی بڵاوکراوەو پەیامی تەلەڤزیۆنەکانە و پاراستنیان لەپێناو پاراستنی کۆمەڵگەو لە هەر کاریگەرییەکی مەترسیدار بۆ سەر مافی تاک و کۆمەڵگە بەگشتی، بۆ رێکخستنی کاری میدیا)).

دەزگای چاودێری میدیایی بەڕای (حبيب هرمزی)، ((دڵنیابوونە لەوەی هەموو شتێک روودەداو ئەنجام دەدرێت بەپێی ئەو پلانە بابەتی و رێنماییە ئاماژە بۆکراوەکان و بنەما دیاریکراوەکان بە مەبەستی دەستنیشانکردن و بە ئاگاهێنانەوەی خاڵی لاوازو سەرپێچی کردن، لەپێناو چارەسەرکردن و دووبارە نەبوونەوەیدا)). (حبيب هرمزی، ١٩٧٧، ل١٩)

بەڵام (Huff Richard) چاودێری چالاکی میدیا بەوە پێناسە دەکات ((کە تێبینی کردن و ئاگاداربوون لە بەلاڕێدانەبردنی ناوەڕۆکی پەیامی میدیایی و ئامرازەکانی میدیا لە بنەما تەشریعی و دەستووری و یاساییەکان، لەلایەن لیژنەو دامەزراوەی حکومی دیاریکراو و تایبەتمەندو رێگەپێدراو بە لێپرسینەوە)). (Richard, Huff, 2007, p32)

لەپێناسێکی تردا (دەزگای چاودێری بۆ چالاکی میدیا ئەو سەنتەرو دامەزراوەو دەزگایانەیە، کە بە مەبەستی چاودێری کردنی چالاکی کەناڵەکانی میدیا دادەمەزرێن، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی کوالێتی ناوەڕۆکی پەیامی میدیایان، لەپێناو پاراستنی وەرگرو کۆمەڵگە لە زیانی کاریگەرییە مەترسیدارەکانی). (M ،J ،Balkin, 1998)

(Peter Phillips) بە دەستەی ڕێکخستن و چاودێری میدیایی پێناسی دەکات (کە کاری سەرپەرشتی کردنی وەزیفەو کارو چالاکی ئامرازەکانی بینراو و بیستراو و چاپ و بڵاوکردنەوەیە، بۆ دڵنیابوون لە یەکانگیری لەگەڵ بنەماو یاساو ڕێساکان و ئیتیکی ڕۆژنامەوانی، کە لەلایەن دەستەو دامەزراوەی فەرمی یاخود ڕێکخراوەیی نافەرمی ئەنجام دەدرێت). (Peter Phillips, 2007,P18)

لەلایەکی دیکە چاودێری بەڕای (Buchele. Rabert) واتە: ((دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی ئەو پلان و بنەماو ڕێنماییانەی دانراون، بەپێی پێوەرەکانی جۆری کارو چالاکی بوارەکە ، واتە ئەو پرۆسەیەی ئەنجامە راستەکانی پێ دەپێورێ و پاشان بەراوردکردنی بە پلان و دیاریکردنی هۆیەکانی کە دەبنە هۆی لادان لە ئەنجامە خوازراوەکان و هەروەها راستکردنەوەی بەپێی پێویست)). (Buchele. Rabert, 1977, p125)

**چوارەم: جۆرەکانی چاودێری لەڕووی یاساو دەسەڵاتەوە:**

توێژەران بە پشتبەستن بە ئەزموونی بینراو و ئەزموونی ژیانی ڕۆژانەو راستەوخۆ لە کۆمەڵگەی مرۆییدا ، گرنگی ڕۆڵی پرۆسەی چاودێری بۆ کۆمەڵگە بە گرنگ دادەنێن ، واتە نەک تەنیا بۆ یەک بواری دیاریکراو بەڵکو بۆ هەموو بوارە جیاجیاکانی ژیان لە کۆمەڵگەدا.

چەندان شێوازی دابەشکردن هەیە بۆ پۆلێنکردنی چاودێری کە گرنگترنیان ئەمانەن: (حبيب هرمزي، ١٩٧٧، ص٩١)

١- چاودێری کارگێڕی.

٢- چاودێری سیاسی.

٣- چاودێری یاسایی دادوەری.

٤- چاودێری ئابووری.

لێرەدا چاودێری دەکەینە چەند بەشێک ، لەبەرئەوەی بە گونجاو زانراوە لەگەڵ سروشتی بابەتی توێژینەوەکە بەم جۆرەی خوارەوە:

١- چاودێری پارت و سەندیکاو کۆمەڵەکانی فشارو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

٢- چاودێری ڕای گشتی، (چاودێری جەماوەری).

٣- چاودێری ئامرازەکانی میدیا و ڕۆژنامەوانی. (حبيب هرمزي، ١٩٧٧، ل٢٧٩)

**١- چاودێری پارت و سەندیکاو کۆمەڵەکانی فشارو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:**

ڕێکخراو و سەندیکاو کۆمەڵەکانی فشار، ڕەگەزی گرنگن لە بواری چاودێریدا لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بوونیان دەبێتە هۆی دیاری کردنی بەرپرسیارێتی دەسەڵات لەکاتی هەر لادان و پێشێلکارییەکدا. (راسم محمد جمال، ١٩٩٩، ل٩٥)

کۆمەڵەکانی فشار.. تاکەکەسانی ڕێکخراون، بەرژەوەندی و دیدگاو ئامانجی هاوبەشیان هەیە، هەوڵدەدەن بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کار بکەنە سەر لایەنی دەسەڵات بۆ ئاراستەکردنی سیاسەتی گشتی لەو بوارانەی کە پەیوەندارە پێیانەوە. (ابراهيم الداقوقي، ١٩٨٦، ل٤٨)

شایانی باسە.. ڕۆڵی چاودێری ڕێکخراوە مەدەنییەکان و سەندیکاو گرووپەکانی فشار، لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی دی جیاوازە بەپێی سستمی سیاسی وڵاتەکە ، لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا ڕۆڵی گرنگ و بەرچاویان هەیەو گوێیان لێ دەگیرێ و شوێن دەستیان دیارە ، بەڵام لە سستمی سیاسی دیکتاتۆری بە پێچەوانەوەیە ، هەرچەند بوونیان هەیە بەڵام ڕۆڵیان بەرچاو نییە. (كريم كشاكش، ل١٦-١٧)

**٢- چاودێری ڕای گشتی، (چاودێری جەماوەری):**

رای گشتی: ئاڕاستەی خەڵکە بەرامبەر کێشەیەک ، گەر لە هەمان چین و توێژەی کۆمەڵگە بن ، یاخود رای گشتی هێزێکی جەماوەرییە ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت لە داڕشتن و ئاڕاستەکردنی ئامانجە گشتییەکان لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا. (عادل محى الدين، ١٩٧٨، ل١٤)

چاودێری جەماوەری ، چاودێری رای گشتی و جەماوەری ، لە سستمی سیاسی دیموکراسی پەسەندە بۆ پشتگیری بەرژەوەندی کۆمەڵگە ، ئەم جۆرە لە چاودێری کە ڕای گشتی کۆمەڵگە دەیکات لەسەر بنەمای پێداویستییەکی یاخود ماف خواردن و پێشێلکارییەک بەرامبەر کۆمەڵگە ئەنجام درابێ ، هەرچەندە ڕێکخراو نییە ، بەڵام ئامانجە راستەقینەکانی کۆمەڵگە دەردەبڕێ. (أسامه صلاح قراعة، ٢٠١٩، ل٢٢٨)

چاودێری ڕای گشتی و جەماوەری، لە ڕێگەی ناڕەزایی دەربڕین دژی کاری نادروست و دژە ئاکارو داب و نەریت و پیرۆزییەکانی تاک و کۆمەڵگە ، زۆرجار ڕۆڵی دەرگاوان و پاسەوان دەبینن لە پاراستنی بەرژەوەندی گشتی. (د. حسنين عبدالقادر، ١٩٦٢، ل٦١)

ئامرازەکانی میدیا ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە گواستنەوەی گیروگرفتەکانی جەماوەرو خستنە بەرچاوی بەرپرس و دەسەڵاتداران بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆیان.

سەرباری چاودێری کردنی هەر دیاردەیەکی نەرێنی لە کۆمەڵگەداو خستنە رووی لە رێگەی هۆکارە جیاوازەکانی میدیاوە. (ابراهیم الداقوقی، ١٩٨٦، ل١١١)

## ٣- چاودێری ئامرازەکانی میدیا و رۆژنامەوانی:

سەرەتا دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە لەم سەردەمەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای زانیارییەدا ، مرۆڤەکان گەیشتوونەتە ئاستێکی بەرز لە زانیاری بۆ بەدواداچوون لە گۆڕاوە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی وئەو بوارانەی جێگەی بایەخە لایان . زانیارییەکان بە لێشاو لە ئان و ساتتدا بەبێ فلتەرو چاودێری لە کەمترین کاتتدا لەبەر دەست دان. (حبیب هرمزي، ١٩٧٧، ل٢٧٩)

لەبەر ئەم هۆیانە خەڵک پێویستی بە هۆکارێکی میدیاییە کە زانیاری ڕاست و دروستی بخاتە بەردەست ، کە ئامرازەکانی بینراو لە هەموویان کاریگەرترن لە هۆکارەکانی دی میدیا ئاسانترو بەردەستترن وە بەربەرستەکانی تێپەڕاندووە لە رووی ئەوەی پێویستی زانین و شارەزایی نییە وەک بەکارهێنانی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیاو بونی خوێندەواری، بۆیە بە ئامرازێکی خێزانی ناودەبرێ. (د. حسنین عبدالقادر، ١٩٦٢، ل٥١)

میدیا بەشێوەیەکی گشتی بەرگری لە کۆمەڵگە دەکات وە لە خزمەتیاندایە بە راستەوخۆ بێ یا ناڕاستەوخۆ، دیاردە نەرێنییەکان ئیدانە دەکات ، ئامانجی خستنەڕووی کەم و کوڕی و گرفتەکان و دەستنیشانکردنێتی وە راکێشانی سەرنجی دەسەڵاتداران بەلای گرفتەکاندا بەمەبەستی دۆزینەوەی رێگەچارە بۆی. (د. فاروق محمد خماس، ١٩٨٨، ل٦٩)

میدیا بەگشتی و تەلەڤزیۆن بەتایبەتی رۆڵی گرنگی هەیە لە بەدواداچوون و هێنانەدی دادپەروەری و پێکهێنانی راو دروستکردنی ئاڕاستەو بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری سیاسی و رۆشنبیری و مەعریفی تاک لە کۆمەڵگەدا، زۆرجار رۆڵی پشکنەری گشتی بۆ بەدەرخستنی سەرپێچی و کەموکوڕییەکان دەگێڕن لەسەر دامەزراوە کارگێڕی و حکومییەکاندا ، تا ئەو رادەیەی ئامێرو کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن بوونەتە ئاوێنەی جەماوەرو کۆمەڵگە بەگشتی لەبەر ئەو هۆکارانە بە (دەسەڵاتی چوارەم) ناودەبرێ. (مصطفی مرعی،١٩٨٠، ل٩٤)

## پێنجەم: چاودێری لەڕووی جێبەجێکردنەوە:

جێبەجێکردنی پرۆسەی چاودێری میدیایی، بە کۆمەڵێک شێوازی دیکە پەیرەو دەکرێت کە هەریەکەیان پشتی بە کۆمەڵێک بنەما بەستووە، ئەمانەش لەژێر کاریگەری یاساو سستمی

سیاسیدان ، کە زۆرجار لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە ، یاخود لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە گۆڕانی بەسەردا دێت ، لەبەرچاوترین جۆری ئەو بوارانەی کە چاودێری تیایدا پیادە دەکەن بوارەکانی (سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئیداری , میدیایی)یە ، کە ئامانج و رێ و شوێنی پیادەکردنیان لە چاودێری لە یەکتر جیاوازە، بەڵام یەک ئامانجی هاوبەشیان هەیە کە بریتییە لە: (دانانی چوارچێوەیەک بۆ ئەنجامدانی کاری پیشەیی لە سنووری یاساو رێساکاندا. (حبيب هرمزي، ١٩٧٧، ل٨٩-٩٠).

شێوازەکانی جێبەجێکردنی چاودێری بۆ سەر بواری میدیاو رۆژنامەوانی ئامرازەکانی بینراو و بیستراو بەتایبەتی ، بەپێی سستمی حوکمڕانی دەگۆڕێ کە بەڕای شارەزایانی بواری میدیایی بۆ دوو مۆدێل پۆلێنیان کردووە.

**أ) چاودێری پێش وەخت:**

ئەم مۆدێلە لە چاودێری لە جۆرەکانی دی کاریگەری زیاترە ، چونکە هەمیشە دەستەیەک، لیژنەیەک یاخود لەژێر هەر ناوێکی دی دا بێ لەلایەن خودی دەسەڵاتداران دادەنرێن بە پشتیوانی یاسایەکی بەرکار لە وڵاتدا , بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی حکوومەت و دەسەڵاتەکەی. (كارزان محمد، ٢٠١١، ل١٤٦)

چاودێری پێشوەخت ، لە سەرجەم وڵاتاندا بوونی هەیە چ وڵاتە دیموکراسی و پێشکەوتووەکان یان نیمچە دیموکراسییەکان. بەڵام لە سستمی حوکمڕانی دیموکراسیدا، چاودێری پێشوەخت لەسەر بنەمای یاسا دادەنرێ بۆ چەند بابەتێکی پەیوەندار بە مافی مرۆڤ و مافی گشتی و سەروەری وڵات و خاک و ئاسایشی نەتەوەیی . (د. كاظم معتمد نژاد، ١٩٨٦، ل٢٠٢)

**چاودێری پێشوەخت بەم شێوازانەی خوارەوە پەیڕەو دەکرێ لە زۆربەی وڵاتاندا:**

**پیادەکردنی چاودێری لە بەخشینی مۆڵەتدا:**

سستمی وەرگرتنی مۆڵەت لە چاودێری پێشوەختدا بۆ کەناڵەکان و ئامرازەکانی بینراو، یاسا مەرج دادەنێ بۆ خاوەن کەناڵەکان و ئامرازەکانی بینراو و بیستراویش ، کە داوایەک پێشکەش بکەن بە دەزگای چاودێری بۆ مۆڵەتی دامەزراندن و کردنەوەی کەناڵێک ، واتە بەخشینی پێدانی مۆڵەت هەر لەسەرەتاوە بە فلتەری دەسەڵاتدا تێدەپەڕێت وە ئەگەری رەتکردنەوەشی هەیە. (د. عبدالله البستاني، ١٩٥٠، ل١٢٦)

له هەرێمی کوردستان ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٤) کە بە (ڕێنمایی ڕێکخستنی فریکوانسی سپەیس) ناودەبرێ ، بۆ مامەڵەکردن بە پێدانی مۆڵەت و ڕێگەدان بە کردنەوەو دامەزراندنی ئامرازەکانی بینراو و بیستراو جێبەجێ دەکرێ ، لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان . (سیڤەر زامدار، ٢٠١٩)

بڕوانە پاشکۆی (٥) لاپەڕە (A9)

**ب) چاودێری پاش وەخت:**

مەبەست لە پیادەکردنی چاودێری پاش وەخت ئەوەیە کە کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن و هۆکارەکانی میدیا ئازادن لە بڵاوکردنەوەی هەر بابەتێک ، گەر هەر کەس و لایەنێک گازندەی هەبوو لەسەر ناوەڕۆکی هەر پەیامێک کە بڵاودەکرێنەوە ئەوا لە ڕێگەی سکاڵاوە دەزگای چاودێری لێ ئاگادار دەکرێتەوە یاخود لە ڕێگەی دادگاوە مافی خاوەن سکاڵاو مافی بڵاوکردنەوەکەو کەناڵەکە یەکلایی دەبێتەوە. (د. فریبرز خسروی، ١٩٨١، ل٥٤)

چاودێری پاش وەخت، کە بە چاودێری (سزا)دانیش ناودەبرێ بەپێی بڕیاری دادگاو لەسەر بنەمای یاسا ئەنجام دەدرێت ، بەشێوەیەکی گشتی لە سستمە دیموکراسییەکان پەیڕەو دەکرێت. چاودێری لەم سستمەدا بریتییە لە بەدواداچوون، پاشان ئاگادارکردنەوە یان ڕاگرتنی پەخش بۆ ماوەیەکی دیاریکراو یاخود سزای پێ بژاردن، یان لەکارخستنی و کشانەوەی مۆڵەتی کارکردن. لەم جۆرە چاودێرییە بەهۆی ئەوەی بە دەزگای چاودێرییەوە ناوەستێ و دەگاتە دادگا، خاڵی ئەرێنی لەوەدایە بەپێی یاسا ڕێگە دەگیرێ لە خراپ بەکارهێنانی ئازادی ڕادەربرین و پارێزگاری لێکردنی لەم شێوازەدا. (د. راغب ماجد حلو، ١٩٨٥، ل٩٨-١٠١)

لە شێوازی چاودێری پاش وەخت ، سەرەتا پەیام و پەخش و بڵاودەکرێتەوە ، گەر کاردانەوە بەهۆی ناوەڕۆکی پەیامەکەوە دروست بوو لەلایەن وەرگرەوە ، گەر پەیامەکە پێچەوانەی بنەمای پیشەیی و ئیتیکی و پێوەرە یاساییەکان بێت. ئەوکات دەزگای چاودێری یاخود لایەنی دادوەری بەدواداچوون بۆ پێشێلکارییەکە دەکات. لایەنی ئەرێنی ئەم جۆرە لە چاودێری لەوەدایە گەر بەپێی یاساو بڕیارەکانی ناوەندەکانی یاسادانان بێت ئەوا دەبێتە هۆی ڕێگەگرتن لە خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ ئازادی و دیموکراسی و لە هەمان کاتدا پارێزگاری لێکردنی. (د. فریبرز خسروي، ١٩٨١، ل٦٤)

**شێوازەکانی پیادەکردنی چاودێری پاش وەخت بەم جۆرە پیادە دەکرێ:**

**ا- چاودێری ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ:**

ئامرازەکانی بینراو و بیستراو و چاپکراو کە لەنێو شێوازی چاودێری پاش وەختدان ، بەرێوەبەرو بەرپرسی بەشەکان بە لێکتێگەیشتن لەگەڵ کۆمەڵێک ڕاسپاردەو ڕێنمایی بۆ ناوخۆی دەزگاکەو کەناڵەکەیان دادەنێن لەگەڵ پەیڕەوکردنی چاودێری خودی تاوەک هێڵێکی سوور نەبەزێنرێن . (سليمان جازع الشمری، ۲۰۰۱، ل۳۰۰)

پیادەکردنی چاودێری خودی بەمەبەستی خۆپارێزی لە فشارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاینی و کلتوری و ئایدۆلۆژیە جیاوازەکانە ، هەروەها پەیڕەوکردنی ڕێنمایی و ڕاسپاردە پیشەییەکانی میدیایی زۆرجار دەچێتە خانەی (چاودێری خودییەوە) کە بە یەکەمین جۆری چاودێری دادەنرێت ، کە ڕۆژنامەنووس و ئامرازەکانی میدیا بۆ لەبەرچاوگرتنی هەندێ برگەی یاسایی و ئیتیکی و پیشەیی هەندێ بابەت و زانیاری وەلادەنێن و بڵاوی ناکەنەوە. (فريبا سەياد، ۲۰۰۸، ل١٦٤)

هەروەها لە هەمان کاتدا چاودێری (خودی) بوونی هەیە کە لە بڕوابوونی میدیاکارانەوە سەرچاوە دەگرێ لە پابەندبوون بە ویژدان و ئیتیکی پیشەیی یەوە ، چاودێری ڕاستەوخۆ کە (حکومەت و دەسەڵات و حزب و گرووپەکانی فشار) بەشێوەیەکی راستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ دەیسەپێنن بەسەر ئامرازەکانی میدیادا . (سليمان جازع الشمری، ۲۰۰۱، ل۳۰۰)

وەک لە هەرێمی کوردستان چاودێری ڕاستەوخۆ ناڕاستەوخۆ کەم تا زۆر بوونی هەیە ، چ بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، چاودێری زۆرجار لەژێر ناوی بەرژەوەندی گشتی و کۆمەڵگاداو بەمەبەستی پاراستنی پێگەی دەسەڵات بەسەر ئامرازو کەناڵەکانی میدیادا دەسەپێنرێ ، بۆ نموونە کەمی ئاستی ڕەخنەگرتن لە کەم و کوڕییەکانی خزمەتگوزاری و دەسەڵات یاخود ڕەخنەگرتن لە ئایین ، چونکە چەندین هەڕەشەو فتوای کوشتن سەبارەت بەو مەسەلەیە لە کوردستان هەبووە.

بەڵام چاودێری ناڕاستەوخۆ لەلایەن هەندێ کەناڵی تەلەڤزیۆن و ئامرازەکانی دی میدیاو ڕۆژنامەنووسانەوە، ئاستی ڕەخنەکانیان نزمەو پەیامیان بە زمانێکی نەرم دەنێرن تا دووربن لە پێشێلکاری و گرفت و لێپرسینەوە لەلایەک ، لەلایەکی دی بەمەبەستی پاراستنی جەماوەرەکەیان و کۆمەڵگە بەگشتی ، بەڵام بەشێوەیەکی ڕێکخراو نییە کە لەژێر چەتری دەزگایەکی چاودێری فەرمیدا بێ کە هەموو کەناڵەکان و میدیاکاران بەگشتی پێوەی پابەند بن. (کاروان ئەنوەر، ۲۰۱۹)

**ب- دانانی دەرگاوان:**

دەرگاوان بە گرنگترین و باشترین فلتەر دادەنرێ بەڕای شارەزایانی بواری میدیا، چەمکی دەرگاوان بۆ یەکەمین جار لەلایەن (کورت لوین) بەکارهێنرا کە پێشتر بە درێژی باسمان لێوە کردووە لە بەشێکی ئەم توێژینەوەیەدا ، لەناو هەر دەزگایەک و کەناڵێکی میدیادا دەرگاوان ئەو کەسانەن لە ستافی نووسین و دامەزراوەکانی هەواڵدا بەشداری لە پرۆسەی ئامادەکردن و هەڵبژاردن و خستنەڕووی هەواڵ دەکەن. ( Lewis Anthouy, 1964, p160)

کاری دەرگاوان بەشێوەیەکە هەر لە هەواڵنێرو نووسەرانەوە کە بابەتێک بڵاودەکەنەوە تا دەگاتە سەرنووسەر رۆڵیان هەیە لە هەڵبژاردنی بابەتێک و داڕشتنەوەی دا. بێگومان ئەم جۆرە لە چاودێری ژینگەیەکی گونجاو بۆ ئازادی رۆژنامەگەری میدیا بەگشتی فەراهەم دەکات ، کاریگەرییە نەرێنییەکانی سانسۆریش لەسەر ناوەڕۆکی میدیا کەم دەکاتەوە، بەڵام بەو مەرجەی بەجۆرێک پیادە بکرێ کە لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراسیدا بگونجێ. (د. نعیم البدیعی، ٢٠٠٩، ل٢١)

هەروەک لە مادەی (١٠) یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٣)دا هاتووە: (خاوەنی ئیمتیاز یان سەرنووسەر لە چاپکراوی خولیداو پێشکەشکاری چاپکراوی ناخولی (وەرزی) لە حاڵەتی سەرپێچی کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بەپێی یاسای رەچاوکراو دەکەونە بەر لێپرسینەوەی یاساییەوە). واتە بەپێی ئەم برگەیە (سەرنووسەر) دەبێ رۆڵی (دەرگاوان) بگێڕێت ، هەروەها لە مادەی (٩)ی یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی رۆژنامەگەری، جەخت لەسەر (رۆژنامەنووس و نووسەر) کراوەتەوە کە (رۆژنامەنووس و سەرنووسەر) پێکەوە لەسەر بڵاوکردنەوەی بابەتێک سزا دەدرێن ، واتە سەرنووسەر لەو رووەوە بەرپرسیارێتی یاسایی لە ئەستۆ دایە بۆیە دەبێ رۆڵی دەرگاوان بگێڕێت.

**ج- فلتەرە تەکنیکییەکان:**

بۆ هەر کەناڵێکی میدیایی لە وڵاتە پێشکەوتووەکان فلتەری جۆراوجۆر هەیە ، بەتایبەتی لە دوای سەرهەڵدانی ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو وەهاتنە ئارای سۆشیال میدیا، چەندین جۆری فلتەری پەیامی میدیایی نوێ دروست بوون بەمەبەستی فلتەرکردنی ئەو بابەتانەی بە یاسا رێگەپێدراو نین بۆ بڵاوکردنەوە ، هەروەها بۆ رێگەگرتن لە خراپ بەکارهێنانی سایتە ئەلکترۆنییەکان. (M.Kathry. C, 2007)

له سستمی دیموکراسیدا، هاوشێوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا فلتەری تەکنیکی ڕەچاوی کوالێتی ناوەڕۆکی بابەتەکان و مامەلەکردن لەگەڵ جۆری ئامرازەکانی میدیاو سۆشیال میدیا بەجیا ئەنجام دەدەن ، وە سزاکان زیاتر سزای ماددین ، لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ ئەوەی تاک و کۆمەڵگە زەرەرمەند نەبن ، لەگەڵ ئەوەی یاساو ڕێساکانی تایبەت بەم بوارە بەردەوام لە نوێبوونەوەدان تا دەرهەقی کۆی هەموو گۆڕانکارییەکان بن لەو بوارەدا کە بەردەوام لە جیهانی پەرەسەندنی خێرای تەکنەلۆژیای زانیاری و ئامێرە تەکنیکییەکان دەردەکەون. (د. سامان جلال، ٢٠١٨، ل٩)

بەڵام لە سستمی دیکتاتۆری و بیرۆکراتی دا، فلتەرکردنی ئامرازەکانی میدیا لە شێوەی سانسۆر دەردەکەون ، هەرچەندە لەم جۆرە سستمانە بەیەک شێواز پیادە ناکرێت، بەڵکو بەپێی سستمی حوکمڕانی دەگۆڕێت، گرتنەبەری ڕێ و شوێن سزاکانیان بە هەمان شێوە ، جگە لە سزای ماددی ، داخستنی کەناڵ و هۆکارەکانی میدیا ، زیندانی کردن و هەندێ جار کوشتنیشی لێدەکەوێتەوە. لە سستمی ناوبراو هاوشێوەی وڵاتانی شمولی لە دەسەڵات و تازە گەشەکردووەکان ، یاساکان توندترو مەترسیدارن ، بەڵام لە برگەو مادە یاساییەکان وەک یاسایەکی سنووردانان بۆ پێشێلکاری ئامرازەکانی میدیا لە چوارچێوەی کاری میدیا دەردەکەون. شایانی باسە زۆرترین فلتەرە تەکنیکییەکان لە جیهاندا، فلتەری تایبەت بە ئینتەرنێت و سۆشیال میدیان بەهۆی زۆری و بەربڵاوی بەکارهێنانی و بە ئاسانی بەردەست بوونی لەلایەن هەر تاکێک لە سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە کە زۆرترین کاریگەری و زیانی لێکەوتۆتەوە، نموونەی ئەو جۆرە فلتەرانە وەک: (Parental control، Anti-Po، family، cyber Alert web protection، x-stop، family click....هتد.

لە هەمان کاتدا.. لە وڵاتە پێشکەوتووەکان مێژوویەکی دووریان هەیە لە دانانی فلتەرە تەکنیکییەکان بۆ کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن و مافەکانی لەبەرگرتنەوە (Copyright)، کەوا لە ڕێگەی ئەم فلتەرانەوە دەتوانرێت سکیوریتی تەکنیکی بۆ خەڵک و میدیاو ڕۆژنامەنووسان دابنرێت و ڕێگا لە بابەت و پەیامی نادروست بگیرێت بۆ پارێزگاریکردن لە خێزان و مناڵ و نەوجەوانان. (د. سامان جلال، ٢٠١٨، ل١١-١٢)

بۆ نموونە وەک: سستمی (Viewing Television Responsibility) (V_-chip) واتە: ( سەیرکردنی تەلەڤزیۆن بەرپرسیارێتی), کە لە زۆرێک لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بەکاردێت لە ڕێگەی کۆنترۆڵی تەلەڤزیۆنی ماڵانەوە ئەنجام دەدرێت ، کە دەتوانرێ بچنە سەر ئایکۆنی لیست (Parental Control) کۆنترۆڵکردن لەلایەن دایکان و باوکان.

لەوێوە چەند هەڵبژاردەیەک دەکرێنەوەو بەردەستە لەوانە: توندوتیژی، سێکسی، زمانی دژوار، کە بە کلیک کردنی هەر بابەتێک لەوانەی ڕێکخراو و چالاک کراوە لەسەر کۆنترۆڵەکە فلتەر بکرێت کەوا سکیوریتی بۆ خێزانەکان دابین دەکات. (Lawrie, Mifflin, 1998)

- سەبارەت بە هەرێمی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوودا ژمارەی کەناڵەکانی ئاسمانی و کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنی ناوخۆیی لە زیادبوونی بەردەوامدان، لەڕووی فلتەرە تەکنیکییەکانەوە بۆ پەخشی تەلەڤزیۆن ، هەرێمی کوردستان زۆر هەژارە لەگەڵ بوونی ئەو هەموو کەناڵە ناوخۆیی و ئاسمانییەدا کە هەریەکەو سیاسەت و پەیام و ئایدۆلۆژی جیاواز لەخۆ دەگرن و بە ئازادی پەخش دەکەن ، کە بەگوێرەی دوایین ئاماری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە هەرێمی کوردستان، (١٢١) کەناڵی تەلەڤزیۆن هەیە(٣٣) کەناڵی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی (٨٨) کەناڵی تەلەڤزیۆنی لۆکاڵی لە هەر سێ پارێزگای هەولێرو سلێمانی و دهۆک ، جگە لە بوونی (١٠٩) ڕادیۆ لە هەرسێ شاری ناوبراو. (شیروان محمد عەولا، ٢٠١٩) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٧)

- بەهۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان سەر بە حکومەتی عێراقە لەڕووی سیادیەوە سەربەخۆ نییە، هەربۆیە ناتوانرێ مامەڵە لەگەڵ پەخشی ئاسمانیدا بکرێ چ لە ڕووی یاساییەوە یاخود تەکنیکییەوە. (د. سامان فوزی، ٢٠١٩)

لە هەمانکاتتدا سەبارەت بە تەلەڤزیۆنە لۆکاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان ، ئەو فلتەرە تەکنیکیانەی بەردەستە (مۆنیتەرینگ، المراقبة، (Monitoring)ە کە ئاماژەی پێ دراوە لە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٤)ی (ڕێکخستنی فریکوانسی سپەیس) بۆ مۆڵەتی کاری وێستگەکانی ڕادیۆو تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان دانراوە.

(مۆنیتەرینگ) بۆ لایەنی (تەکنیکی پەخش و میدیا)ە لەلایەن وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەیاندنەوە بەشی (مۆنیتەرینگ) دامەزرا، کە بەپێی سستمێکی پێشکەوتوو چاودێری لایەنەکانی تەکنیک و پەخش دەکات وە هەفتانە ڕاپۆرتی ئاسایی بەشەکە دەدرێتە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ، لەکاتی سەرپێچی کردن لە مەرجەکانی پەخش ، وەزارەتی ناوبراوی لێ ئاگادار دەکرێتەوە بۆ گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی بەپێ ی ڕێنمایی فریکوانسی سپەیس ژمارە (١) ساڵی(٢٠١٤). (بەشی ڕاگەیاندن، و. ڕ، هـ کوردستان)

هەروەها (مۆنیتەرینگ) بۆ (کەناڵەکانی میدیا) واتە بۆ چاودێری کردنی ڕۆڵ و پەیامی ئامرازەکانی بینراو بیستراو دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لە ڕێگەی هۆبەی (مۆنیتەرینگ) کە سەر بە بەشی یاسایی

بەڕێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی وەزارەتی ناوبراوە، لەم بەشەدا تیشک دەخرێتە سەر پەیامی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە ڕێی ئامێری ئەلیکترۆنی بەشێک یاخود هەموو پەخشیان تۆمار دەکرێت ، تا لەکاتی بوونی سکاڵادا لەلایەن لیژنەیەکی تایبەت لە کەسانی شارەزا بڕیار لەسەر سەرپێچی کردنی کەناڵەکە بدرێت ، دواتر ڕەوانەی داواکاری گشتی و دەسەڵاتی دادوەری دەکرێ تا بڕیاری لەبارەیەوە بدات. (شێروان عەولا خورشید ب. گ وەزارەتی رۆشنبیری، ٢٠١٩)

- کە تا ئێستا ئامێری مۆنیتەرینگ لە وەزارەتی ناوبراو نەخراوەتە کار بەهۆی دابین نەکردنی کارەبای (٢٤) کاتژمێریەوە بە وتەی بەڕێوەبەری گشتی راگەیاندنی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

## باسی دووەم: چاودێری لە سستمی کارکردنی ناو دامەزراوەیەکی میدیاییدا

ئەو کارو ئەرکانە جێبەجێکارییەی کە لەسەر شانی میدیاکارانە کە ڕۆژانە ئەنجامی دەدەن بە پەیڕەوکردنی سستمی چاودێری لە پڕۆسەی بڵاوکردنەوەی پەیامەکانیان. بە چەند هەنگاوێکدا تێدەپەڕێت کە بریتین لە کۆکردنەوەی زانیاری، داڕشتنەوەی و پاش بڵاوکردنەوەی، هەروەها پێداچوونەوەی لە ڕووی زمانەوانی و یاسایی و وەگونجاندنی بەپێی بنەمای کاری میدیایی و سیاسەتی ئەو ئامرازەی لێوەی پەخش و بڵاودەکرێتەوە، ئەمەش بازنەیەکی گرنگی پڕۆسەی بڵاوکردنەوەی پەیامی میدیاییە.

- لە زۆر لەو وڵاتانەی لەسەر بنەمای سستمیکی داڕێژراو چاودێری میدیایی پەیرەو دەکەن , ئەم کارە بەکەسانی شارەزاو بەئەزمون دەسپێردریت  کە بە وردی و وریایی یەوە ئاگاداری ستراتیژی حزب و دەسەڵاتەکەیەتی وە کۆمەڵی ڕێنمایی لەبەردەستدایە ، لەسەر بنەمای سیاسەت و ڕێنماییە داڕێژراوەکانی دەزگاکە دەستەبژێری بابەتەکان دەکات پاشان پەخش و بڵاودەکرێنەوە کە گرنگترینیان لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئیتنی وئاینی وکلتورییە کە هەندێ جار کێشەو گرفتی گەورەیان لێ دروست دەبێت . (د. حسن عماد المكاوى، ١٩٩٤، ل١٢٣-١٢٤)

- هەروەها بوونی ڕاوێژکاری میدیایی و یاساناس لەناو دامەزراوەکانی میدیا و کەناڵەکانی Tv بەتایبەتی ، دەتوانێ ڕێگە لە ئەنجامدانی پێشێلکاری میدیایی و پەیامی نادروست و زیانبەخش بە کۆمەڵگە بگرێت. (د. كامل القيم، ٢٠٠٨)

### یەکەم: چاودێری لەڕووی کاتەوە:

شێوازی دەزگای چاودێری میدیایی لە هەر وڵاتێکدا وا بەستەی سستمی سیاسییەکەیەتی کە چوارچێوەیەک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ میدیاو سنوورەکانی ئازادی ڕادەربڕین دەستنیشان دەکات , ئەو شێوازی مامەڵەیەش بەپێی سروشت و مۆدێلی سستمەکەو هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و داب و نەریتی جیاواز لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دی دەگۆڕێت.

چاودێری و فلتەرکردنی پەیامی میدیایی بە هەموو چەشنەکانیەوە پڕۆسەیەکە بۆ دیاریکردنی چوارچێوەی ئازادی ڕادەربڕین ، ڕوونکردنەوەی ئەو مەسەلەیەیە کە چۆن مۆدێلی سستمە پیادەکراوەکە کاریگەری لەسەر میدیا جێدەهێڵێ وە تا چەند ئەم کاریگەرییانە گۆڕانکاری دروست دەکەن. (Allen wells, 1975, p4)

لەم بەشەدا کۆمەڵێ بواری گرنگی پرۆسەی چاودێری شرۆڤە دەکەین کە بەشێکیان بۆ پاراستنی پەیامی میدیایە لە ئەگەری خراپ بەکارهێنانی وە بەشێکی تریان هۆکارێکن بۆ رێکخستنی ئامرازەکان و هۆکارەکانی میدیا لە رووی زۆری ژمارەی کەناڵ و ئامرازەکانی تەلەڤزیۆن و هاتنەکایەی کەناڵی ئەهلی و تایبەت و کەناڵی قازانج ویست.

دەتوانرێ چاودێری لە ڕووی کاتەوە بکرێ بە دوو بەشەوە یەکەمیان: چاودێری درێژخایەن کە پەیوەست نییە بە ماوەیەکی دیاریکراوی زەمەنییەوە، دووەمیان چاودێری کاتی، کە لەکاتە نائاساییەکانداو بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پیادە دەکرێ وەک لە خوارەوە باسیان دەکەین:

**١) چاودێری درێژخایەت:**

چاودێری بەپێی سستمی حوکمڕانی جۆری پیادەکردنەکەی جیاوازە ، هەربۆیە بە درێژایی ماوەی سستمێکی دەسەڵاتدار کۆمەڵێک بوارو لایەنی هەستیار هەن کە باسکردنیان دەچنە خانەی بەزاندنی هێڵی سورەوە ، هەمیشە ئەو بابەتانە دەخرێنە نێو چوارچێوەی مادەو بڕگە دەستووری و یاساییەکانەوە تا بەرگێکی یاسایی وەربگرێت ، بواری میدیاش بەشێک لەو هێڵە سورانەی بۆ دەستنیشان کراوە کە نابێ لێی لابدەن کە بە چاودێری درێژخایەن ناودەبرێن. (د. فريبرز خسروي، ١٩٨١، ل٥٣)

بەڕای د.فریبرز خسروی چاودێری درێژخایەن ((پشت بەستنە بە دەقێکی یاسایی بۆ پیادەکردنی پرۆسەی چاودێری کردن کە زیاتر لە بازنەی دەسەڵاتی دادوەریدا جێبەجێ دەکرێت)) شایانی ئاماژە پێکردنە کە لە هیچ هەلومەرجێکدا ئەم جۆرە چاودێرییە گۆڕانکاری بەسەردا نایەت و دەستکاری ناکرێ تەنها لەکاتی گۆڕینی دەستوورو یاساکانی وڵات یاخود لەکاتی دروستبوونی بارودۆخێکی هەڵاوێرد (ظروف الأستثنائيە)دا نەبێت، واتە لەکاتی بوونی گۆڕانێکی سیاسی و حوکمڕانی لە وڵاتدا یاخود لە دۆخێکی ناهەمواری وەک: جەنگ یاخود کارەساتە سروشتی و مرۆییەکان دەکرێ داوای گۆڕینی بڕگەو مادەی یاسایی-یەکە بکرێ، هەندێ جار بە دەرکردنی یاسایەکی نوێ هەوڵی هەموارکردنی یاخود هەڵوەشاندنەوەی یاسای پێشوو دەدرێت کە تیایدا یاسای چاودێرییە درێژخایەنەکان کەم دەکرێتەوە یاخود بەردەوام دەبێ یا توندتر دەکرێ. (د. عباس عەلی سەحافیان، ٢٠٠٥، ل٥١-٥٢)

چاودێری درێژخایەن بەپێی سستمە سیاسییەکە گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام لە زۆربەی وڵاتانی دونیا کۆمەڵێک بوار هەن بەشێوەیەکی گشتی چاودێری درێژخایەنی دەخرێتە سەر لە سەرجەم هۆکارەکانی میدیا بەگشتی و ئامرازەکانی بینراو بەتایبەتی، وەک:

ا)- دابونەریت و ئاسایشی کۆمەڵگە (ئاسایشی گشتی):

بە خراپ بەکارهێنانی ژینگەی ئازاد بۆ دروستکردنی پشێوی و تێکدانی ئاسایش و ئارامی کۆمەڵگە دەچێتە ئەم خانەیەوە، کە لە سستمی دیموکراسیدا هەندێ کەس و لاو لایەن پاساویان بۆ ئەم جۆرە لە چاودێرییە ئەوەیە کە بۆ پارێزگاری لە دیموکراسی پێویستە رێگە لە ئازادی ئەو کەسانە بگیرێت کە مەبەستی خراپیان هەیە.

واتە ئەرکی پرۆسەی چاودێری رێگەگرتنە لە خراپ بەکارهێنانی ژینگەی دیموکراسی لەلایەن ئەو کەس و لایەنانەی دەیانەوێ کەناڵ و ئامرازەکانی تەلەڤزیۆن بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاربهێنن یاخود کار بۆ گۆڕینی دۆخی دیموکراسی بۆ ژینگەیەکی پڕ لە ئاژاوەو شلۆق بکەن (Allen well, 1975, P14).

لە هەرێمی کوردستان، لە مادەی (٩)ی یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٣)دا ئاماژە بۆ ئەم جۆرە چاودێرییە کراوە کە تیایدا هاتووە (بڵاوکردنەوە)ی ئەو بابەتانە قەدەغەیە کە هانی ئەنجامدانی تاوان و کاری تیرۆریستی و توندڕەوی دەدات، یاخود جنێو و تانەلێدان و ناوزڕاندنی کەسیان تێدا بێت، یان دەستدرێژی بۆ سەر پیرۆزی ئایین ومەزهەبەکان و دابونەریت و سستمی گشتی تێدا بێت). (د. عبدالحمید الشواربی، ١٩٨٦، ل١١)

هەروەها لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٦) کە یاسای بەرەنگاربونەوەی (تیرۆر) لە هەرێمی کوردستان، لە هەردوو بڕگەی (٢، ٤)ی مادەی (٤)دا لە بڕگەی (٢)دا هاتووە کە (نووسراو و چاپەمەنی، کە هاندان بە چاک زانین یان پڕوپاگەندە لەخۆ بگرێت بۆ ئەنجامدانی تاوانی تیرۆرکاری بە مەبەستی دابەشکردنی یان بڵاوکردنەوەی) هەروەها لە بڕگەی (٤) هاتووە: (بە ئەنقەست، هەواڵ، ڕوونکردنەوە یا پڕوپاگەندەیەکی تۆقێنەر بڵاوبکاتەوە کە ئاسایشی گشتی بخاتە مەترسییەوە).

واتە بەپێی ئەم یاسایە دەتوانرێ لێپرسینەوە لەگەڵ ئامرازەکانی میدیاو هۆکارەکانی بکات کە لەپێناو پرفرۆشی بڵاوکراوەکانیان و بەدەستهێنانی زۆرترین بینەرو بیسەر هەندێ جار هەواڵی گەورەکراو لە قەبارەی خۆی بەشێوەیەکی ترسناک بڵادەکەنەوە کە هەندێ جار ناڕاستیشن یان تا ڕادەیەکی کەم زانیاری راست لەخۆ دەگرێت. (کارزان محمد، ٢٠١١، ل١٩٨).

هەروەها بەپێی یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی یاسای رۆژنامەگەری کوردستان، لە بڕگەی (١) مادەی (٩) هاتووە (رۆژنامەنووس و نووسەر، غەرامە دەکرێن کاتێک بابەتێک بڵاوبکەنەوە ببێتە مایەی چاندنی تووی رق و کینەو لێکترازانی پێکهاتەکانی کۆمەڵ).

که بێگومان ئەمەش دەچێتە خانەی پاراستنی داب و نەریت و ئاسایشی کۆمەڵگە، ڕێگەگرتنە لەو هەوڵانەی لە ڕێگەی میدیاوە بۆ دروستکردنی پشێوی لەناو کۆمەڵگەداو شێواندنی دابونەریت دەدرێت.

**ب)- بیروباوەڕو ئایین و ئاینزا:**

لە هەرێمی کوردستان ئایینی جۆراوجۆر بوونی هەیە، وەک (ئیسلام، مەسیح، جوو، ئەرمەن، یەزیدی) هەروەها ئاینزاو مەزهەبی ئایینی وەک (کاکەیی، هەقە، سوننە، شیعە) ئایدۆلۆژیای جیاوازی ئیسلامی و عیلمانی).

بۆ بەربەست دروستکردن لەوەی کە لەژێر ناوی ئازادی ڕۆژنامەوانی و بیروڕای جیاوازو ئازاد بێ ڕێزی نەکرێتە سەر هیچ کام لە ئایین و ئایینزاکان وە بۆ دژایەتی کردنی یەکتر بەکارنەهێنرێن، هەردوو چەمکی (بیروباوەڕو ئایین) لەناو یاسای ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێ کراوە. (کارزان محمد، ٢٠١١، ل١٢٠)

هەروەک لە بڕگەی (٩)ی یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٣)دا ئاماژە کراوە بە (بڵاونەکردنەوە)ی ئەو بابەتانەی کە هانی ئەنجامدانی تاوان و کاری تیرۆریستی دەدەن و ڕێ و شوێنی بۆ خۆش دەکەن، یاخود جنێو و تانەلێدان و ناوزڕاندنی کەسانی تێدا بێ، یان دەستدرێژی بۆ سەر پیرۆزییەکانی ئایین و مەزهەبەکان و داب و نەریتی سستمی گشتی تێدا بێت). هەروەها لە یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) لە هەردوو بڕگەی (٢، ٣)ی مادەی (٩)دا جەختیان لەسەر چاودێری و سانسۆڕی بواری ئایین و بیروباوەڕ کردۆتەوە، کە لە بڕگەی (٢) هاتووە: ((سوکایەتی کردن بە بیروباوەڕو ڕێ و ڕەسمە ئایینییەکان) وە لە بڕگەی (٣) هاتووە: ((سوکایەتی کردن بە سیمبول و پیرۆزییەکانی هەر ئایین و ئایینزایەک و لەکەدارکردنیان)) قەدەغەن، سزای بەزاندنی ئەم سنوورانە پێی بژاردنی ماددین.

**ج)- تۆمەت خستنە پاڵ و جنێودان:**

مەبەست لە تۆمەت خستنەپاڵ و جنێودان (تانەو تەشەر)، پێ گوتنێکە دەخرێتە پاڵ کەسێک یان لایەنێک بۆ شکاندنی ئابڕو یان رووشاندن و بریندارکردنی هەستی کەسەکەو لەکەدارکردنی ناوی و زڕاندنی ناوبانگی ئەنجام دەدرێت. (د. مبدر الويس، ١٩٨٦، ل٤٧)

هەرچەندە جنێو ناتوانرێ بسلەمێنرێ، بەڵام یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١) بە مادەی (٤٣٤)ی ساڵی (١٩٦٩) سزای بۆ داناوە کە تایبەتە بە تانەو تەشەر. (القانون العقوبات العراقي)

هەروەها لە یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٣)ی هەرێمی کوردستان بەم چەشنە ئاماژەی بۆ کراوە (بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانە قەدەغەن کە.. جنێودان و تانەلێدان و ناوزڕاندنی کەسانیان تێدا بێت).

لە یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)دا سەر لە نوێ جەخت لەسەر سزادانیان کراوەتەوە، لە بڕگەی (٥)ی مادەی نوێیەمدا هاتووە: ((جنێودان و توانجی ناڕەواو نازڕاندن قەدەغەیە)).

هەروەها لە یاسای (قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن لە هەرێمی کوردستان) ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٨) لە ماددەی (٢)دا هاتووە: هەر کەسێک بە خراپی تەلەفۆنی خانەیی (مۆبایل) یان هەر ئامێرێکی پەیوەندی بێ تەل یان بە تەل یاخود ئینتەرنێت یان پۆستی ئەلیکترۆنی بەکاربهێنێت، لە ڕێگەی هەڕەشە، تۆمەت هەڵبەستن، جنێودان یان بڵاوکردنەوەی هەواڵی جۆراوجۆر کە ترسی لێبکەوێتەوەو دزەپێکردنی گفتوگۆکان یان وێنەی جێگیر یان جوڵاو کورتەنامە کە دژی ڕەفتارو ڕەوشتی گشتی بێ، وێنەگرتنی بێ مۆڵەت یان بێ ڕەزامەندی یان دانەپاڵی بارێکی وا کە ئابڕوو بڕوشێنێت، یان بڵاوکردنەوەی زانیاری پەیوەندیدار بە نهێنی ژیانی تایبەتی یان خێزانی تاکەکان بە هەر ڕێگایەک بێت دەستی کەوتبێت هەرچەند ڕاستیش بن گەر بڵاوکردنەوەو دزەپێکردنیان ببێتە هۆی خراپە پێگەیاندن و زیان بە کەسەکان، ئەوا سزای پێ بژاردنی مادی بۆ دانراوە لەگەڵ سزای بەندکردن.

**د)- نهێنییەکانی دادگا:**

ئامادەبوونی ڕۆژنامەنووس لە هۆڵەکانی دادگاو گواستنەوەی هەواڵەکان بۆ جەماوەر ئەرکێکی گرنگی میدیایە، بەڵام لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە یاسا دیارییان دەکات، کە لە هەندێ حاڵەت هەن دادگا بۆ گرەنتی جێبەجێکردنی یاساو باش بەڕێوەچوونی ڕەوتی یاسا، قەدەغە دەخاتە سەر بڵاوکردنەوەی هەندێک هەواڵی ڕووداوەکانی دادگاو بەدواداچوونە بەرابییەکان لەپێناو گەیشتن بە دوا ئەنجام. (د. عمر سالم،١٩٩٤، ل١٦١)

هەر بۆ ئەو مەبەستە لە یاسای چاپەمەنی ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) لە بڕگەی (٦)ی ماددەی (٩)دا هاتووە ((هەر بابەتێک زیان بە ڕێکاری لێکۆڵینەوەی دادوەری بگەێنێ قەدەغەیە، تەنها مەگەر دادگا ڕێگای بە بڵاوکردنەوەی دابێت)).

به هەمان شێوە لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) لە هەردوو ماددەی (٢٣٥- ٢٣٦) سزای زیندانی و پێ بژاردن بۆ پێشێلکارانی ئەو بڕگەیە دانراوە کە بریتین لە: ((هەواڵی دادگا، هەواڵی ڕێکارەکانی بەدواداچوونی دادگا، کاروباری دادگا، بڵاوکردنەوەی کۆبوونەوەکانی دادگا بۆ مەبەستی خراپ، بڵاوکردنەوەی وێنەو ناوی سکاڵاکارو سکاڵا لەسەر تۆمارکراو، سکاڵاکانی مەدەنی و تاوانکارییەکان، ئاشکراکردنی نهێنییەکانی دادگا)). (القانون العقوبات العراقي)

## ح)- ژیانی تایبەت:

لە سەرجەم دەستوورو یاساکانی ڕۆژنامەوانی وڵاتاندا، باسکردن لە ژیانی تایبەتی کەسەکان بە سەرپێچی دادەنرێت و ناچێتە چوارچێوەی ئازادی رادەربڕین و کاری ڕۆژنامەوانییەوە، چونکە بابەتێک نییە سوودی بۆ بەرژەوەندی گشتی هەبێ، بەڵکو دژێتی. (warren and Brandies, 1980)

دەکرێ ژیانی تایبەت چەند بوارێک بگرێتەوە وەک: مافی تەنیایی، سنووردارکردنی دەستوەردانی ژیانی تاک و ڕێگەگرتن لە دەستە ناحەزەکان بە مرۆڤ، پارێزگاری نهێنییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە، بڵاونەکردنەوەی زانیارییە کەسی و تایبەتییەکان و پشتیوانی لە کەسایەتی و تایبەتمەندی و کەرامەتی مرۆڤ. (باقر أنصاری، ١٩٨٤، ل٣٨)

لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک فاکتەری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری، هەروەها پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژیا، بەرێژەیەکی بەرچاو بوونەتە هۆی دروستکردنی پشێوی و گرفت لە پاراستنی ژیانی تایبەتدا. (د. محمود عبدالرحمن محمد، ١٩٩٤، ل٧)

لە یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٣) لە کوردستان هیچ ئاماژەیەک بەم لایەنە گرنگە نەکراوە، بەڵام لە یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) لە بڕگەی (٤) ماددەی (٩)دا دەڵێت: هەر بابەتێک پەیوەندی بە نهێنییەکانی ژیانی تایبەتی تاکەوە هەبێ هەرچەند راستیش بن، بەڵام بڵاوکردنەوەی ببێتە هۆی لەکەدارکردنی قەدەغەیە))، لە بەرامبەردا سزای مادی بۆ دانراوە. هەروەها لە ماددەی یەکی یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی تایبەت بە قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن دا هاتووە: ((قسەکردن بە تەلەفۆن و پەیوەندییەکانی پۆستەیی و ئەلیکترۆنی لە کاروبارە تایبەتییەکانن نابێت شکۆمەندییەکانیان پێشێل بکرێت)).

**خ)- ئاسایشی نەتەوەیی و سوپا:**

ئاسایش لە هەر شوێنێکی دنیا ئەو دۆخەیە کە مرۆڤ هەست بە ئارامی ژیان بکات، لە زاراوەی یاساییدا بە ((ئاسایشی تاکەکەسی، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ئاسایشی نەتەوەیی، ئاسایشی گشتی)) ناودەبرێت. (داريوش أشوري، ١٩٨٤، ل٣٨)

ئاسایشی نەتەوەیی بەشێکە لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی هەر وڵاتێک، بەرژەوەندی نەتەوەیی بە واتای بەدیهێنانی باشترین بارودۆخ بۆ وڵات تا تاکەکانی کۆمەڵگە بە ئارامی تیایدا بژین. (Iain McLean, 1996, p332)

لە هەردوو یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٣)ی چاپەمەنی، و یاسای رۆژنامەگەری ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧، باسی ئەم لایەنە گرنگە نەکراوە. لەکاتێکدا لە هەموو وڵاتێکی دنیا، بڕگەو ماددەی تایبەت بە دانانی چاودێری و سانسۆر لەسەر ئەم دوو بابەتە گرنگ و هەستیارە دانراوە، بواری سوپاو سەربازی یەکێکە لە بوارە گرنگەکانی کە لە هەموو وڵاتێک هەمیشە کارو بابەتەکانیان شێوەیەکی نهێنی لەخۆ گرتووەو چاودێری توندی دەخرێتەسەر، چونکە پاراستنی نهێنی سوپا، واتە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، هەربۆیە لە دامەزراندنی هەر وڵاتێکدا لە سەرەتای دانانی دەستوورو یاسا بەو وڵاتە بڕگەو مادەی تایبەتی بۆ ئەم دوو بوارە دادەنرێ بە درێژایی مێژووی ئەو وڵاتە لەژێر چاودێریدا دەبێ. (د. هيثم الكيلانى، ١٩٩٧، ل١٣٤).

**٢) چاودێری کورت خایەن:**

((بواری میدیا لە هەر شوێنێکی دنیا وابەستەیە بە هەلومەرجی سیاسی وڵاتەکەوە، بەجۆرێک هەر هەڵکشان و داکشانێک لەو هەلومەرجەدا کاریگەری لەسەر ئاستی رۆژنامەوانی و میدیا بەگشتی دادەنێت)). (د. هيثم الكيلانى، ١٩٩٧، ل١٣٥)

بەگشتی دەتوانرێ چاودێری کورت خایەن وەسف بکرێ بەوەی بریتییە لە ((چاودێری بۆ ماوەیەکی دیاریکراوی کورت خایەن لە رووی کاتەوە، کە هاتنەکایەی بارودۆخێکی نائاسایی دەیسەپێنێت وەک: رووداني جەنگی لەناکاو یاخود قەیرانی سیاسی و ئابووری)). (د. كرم شلبى، ١٩٩٤، ل١٥٤)

**ئەو بارودۆخانەی کە چاودێری کورت خایەن تیایدا پیادە دەکرێت وەک:**

**ا- بارودۆخی جەنگ:**

ئامانجی چاودێری لە بنەڕەتدا بۆ ڕێگەگرتنە لە ئەنجام نەدان و بڵاونەبوونەوەی ئەوەی کە پێویستە بە نهێنی بمێنێتەوە، یاخود بڵاوبوونەوەی بەشێوەیەک لە شێوەکان مەترسی و زەرەر بەدوای خۆیدا نەهێنێ، لەبەر ئەو مەبەستە بواری سوپاو سەربازی گرنگترین ئەو بوارەیە کە چاودێری وردو بە بەرنامەی تیادا ئەنجام دەدرێت بۆ ڕێگەگرتن لە ئاشکرابوونی زانیاری گرنگ و دەستڕانەگەیشتنی دوژمن بە زانیارییە سەربازییەکان، تا ئەوکاتە چاودێری کردن درێژە دەکێشێ کە ئەو زانیارییانە بایەخدارن و ئاشکرابوونیان مەترسی لێبکەوێتەوە. (George H. Roeder, 1995, P62-63)

لە هەردوو یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٣) و یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)دا. ئاماژە بە دۆخی ڕۆژنامەگەری لەکاتی جەنگدا نەکراوە.

هەرچەندە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٣) بەرەو سەرەوە بە کۆمەڵێک حاڵەتی جەنگ ئاسادا تێپەڕی هەر لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق و شەڕی تیرۆر کە دیارترینیان بوو لە (٢٠١٤) تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ، لەگەڵ ئەوەشدا بڕگەیەکی تەرخانکراو بۆ چاودێری کاتی بۆ زانیاری سوپا لەو یاسانەدا بوونی نییە، تەنها لە یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٣)ی مافی دەسکەوتنی زانیاری، لە ماددەی (١٤) بڕگەی (٢)دا هاتووە:

دام و دەزگاکانی گشتی یان تایبەتی، مافیان هەیە لەم حاڵەتانەی خوارەوە داواکاری زانیاری ڕەتبکاتەوە:

* نهێنی تایبەت بە بەرگری و ئاسایشی هەرێم ((وردەکاری چەک پێداویستیە سەربازییەکان، ئەرکە نهێنییە سەربازی و ئاسایشییەکان، جوڵەو تەکنیکی بەرگری و زانیاری هەواڵگری)).

* ئەو زانیارییانەی کەوا ئاشکراکردنیان دەبێتە هۆی کارتێکردن لەسەر ڕێڕەوی ئەو دانووستانانەی کەوا هەرێم لەگەڵ هەر لایەنێکی تر دەیکات، یان لەسەر گۆڕینەوەی زانیارییەکان، ئەگەر هەردوولا لەسەر نهێنی بوونی ڕێککەوتن تاوەکو کاتی بڵاوکردنەوەی. (George. H. Roeder, 1995, P62)

لەسەر ئاستی عێراق یاسای بەرگری لە پاراستنی نیشتمانی لە (٢٠٠٤/٧/٦) لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە دەرکرا، کە لە (١٣) ماددە پێکهاتووە لە (٢) بڕگەدا ئاماژەی بە کوردستان کردووە.

له بڕگەی (٩)ی ماددەی سێهەم، ئاماژەی بۆ کردووە کە لە هەرێمی کوردستان جێبەجێکردنێکی هەڵاوێرد بە هاوکاری لەگەڵ حکوومەتی ناوەند ئەنجام دەدرێت، هەروەها لە بڕگەی (١٢)ی ماددەی (٩)دا هاتووە: دادگای پێداچوونەوەی عێراق و هەرێمی کوردستان جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەیان دەکەوێتە ئەستۆ، درێژترین ماوەی بارودۆخەکەش (٦٠) رۆژە بەپێی ماددەی (٢) دەتوانرێ بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ درێژبکرێتەوە. (قانون الدفاع عن السلامة الوطنيه) رقم (١)

**ب- بارودۆخی قەیران و ئاڵۆزی سیاسی و ئابوری:**

ئەم جۆرە چاودێرییە لەکات و ساتەکانی دروست بوون و سەرهەڵدانی قەیرانەکاندا جێبەجێ دەکرێ بەسەر سەرجەم ئامرازەکانی میدیادا. لە روانگەی سستەمەوە (قەیران).. بەو دۆخە دەوترێ کە هەلومەرجی سستەمە سەرەکییەکەیان بەشێکی پەک دەخات یان لاواز دەبێ ورێگە لە بەردەوام بوونی دەگرێت (Lain.Melean, 1966)

ئامانجی ئەم جۆرە لە چاودێری بۆ سەر بواری رۆژنامەوانی و میدیا لەکاتی قەیراندا بۆ ئەم هۆکارانە دەگەڕێتەوە:

قەیرانەکە بگەیێنرێتە کەمترین ئاست، بەهۆی رەفتارکردنی زانستی و لۆژیکی، رووبەڕووبوونەوەی هۆکارەکانی دروست بوونی قەیرانەکە. میدیا وەک بەشێک لە قەیرانەکەولایەنێکی پەیوەنداری بچێتە مەیدانەکەوە، بەو مانایەی رێگە نەدرێ بە لایەنی بەرژەوەندخواز سوود لە قەیرانەکە وەربگرێت، بەڵکو هۆکارو ئامرازەکانی میدیا بەجۆرێ مامەڵە بکەن کە خۆیان خاوەنی قەیرانەکەن وە ڕۆڵیان هەبێ لە کەمکردنەوەی لە ڕێگەی پەیامەکانیانەوە. هەروەها بچووکردنەوەی قەبارەی قەیرانەکە لای جەماوەر، لەپێناو دروست نەبوونی فشارو نائارامی لە کۆمەڵگەدا، رێگە نەدان بە لایەنی بەرژەوەند خواز بە بەکارهێنانی قەیرانەکە بۆ سوودو بەرژەوەندیان. (د. حسن سبيلان، ١٩٨٧، ل١٤)

لە هەرێمی کوردستان لە یاساکانی رۆژنامەگەری و چاپەمەنی و بەدەستهێنانی زانیاری، بڕگەو ماددەیەک نییە پەیوەست بە هەلومەرجی قەیرانەکان بۆ مامەڵەکردنی یاسایی لەگەڵ ئەم جۆرە بارودۆخ و حاڵەتانەدا، تا بە پشت بەستن بە دەقێکی یاسایی چاودێری ئامرازو هۆکارەکانی میدیایی بکرێت لەپێناو بەرژەوەندی گشتی.

**ج- چاودێری تایبەت:**

چاودێری تایبەت، جۆرێکە لە چاودێری ڕێکخستنی پەیامی میدیایی بۆ ئامرازەکان و هۆکارەکانی میدیا، بەتایبەتی میدیای تایبەتمەند تا سنووری ئازادی لە گەیاندنی پەیام و پێشکەشکردنی پرۆگرامەکانیدا نەبەزێنێت، نەبێتە مایەی زیان و دروستکردنی فشراو بەلاڕێ دابردنی جەماوەرەکەی. (د. السيد أحمد مصطفى، ١٩٩٤، ل١٤٩)

میدیای تایبەتمەند.. بریتییە لە ئامرازەکانی بینراو و بیستراو چاپکراو تایبەت بە بوارێک یان چین و توێژێک، کە زۆرترین بایەخ بە لقێک لە بوارەکانی ژیان دەدات و پەیامیشی ئاڕاستەی جەماوەرێکی دیاریکراو دەکات، سەرجەم بابەتە بڵاوکراوەو پەخشی هەر لە سنووری ئەو بوارەو ئەو چین و توێژەدا دەبێت، وەک تەلەڤزیۆن و کەناڵی ئاسمانی و گۆڤارو ڕۆژنامەی تایبەتمەند. (حسنين شفيق، ٢٠٠٦، ل٢٠)

یاخود دەتوانرێ بوترێ کە (ڕووی لە جەماوەرێکی دیاریکراوە کە لەسەر بایەخدان بە جۆری بابەتەکان هاوڕان، کەناڵەکەش بەرەو قوڵبوونەوە لەو بوارەدا دەڕوات، وەک کەناڵ و تەلەڤزیۆنی تایبەت بە خێزان یان گۆرانی و مۆسیقا، هەواڵ، وەرزشی، کەناڵی ئایینی، یاخود کەناڵی تەلەڤزیۆنی تایبەت بە نەوجەوانان و منداڵان. (تيسير ابو عرجه، ٢٠٠٦، ل١٧٠)

بێگومان تەلەڤزیۆن و کەناڵی ئاسمانی تایبەتمەند زۆرن، بەردەوام لە زیادبووندان، بەڵام دوو جۆر لەوانە پێویستیان بە مامەڵەکردی جیا هەیە، زۆرجار بە پێویست دەزانرێ چاودێری تایبەتی بکرێت لەوانەش:

تەلەڤزیۆنی تایبەت بە منداڵان.. کە گرنگترین ئامرازی میدیاییە بۆ ئاڕاستەکردنی منداڵان کە پشت بە وێنەو دەنگ دەبەستێ، زۆرجار بابەتی پێشبڕکێ و سەرگەرمی و کەیف خۆش، چیرۆکی وێنەدارو، وێنەی جوڵا، چیرۆکی کورت پێشکەش دەکات، کە هەمووی پێویستە بواری پەروەردەیی لەخۆ بگرێ. بەڵام هەندێ جار وێنە جوڵاوەکان، بابەتی توندوتیژی لەخۆ دەگرێ کەوا دەکات شارەزایانی بواری مندالان تێبینیان لەسەری هەبێ، لەم حاڵەتەدا بە پێویستی دەزانێ چاودێری بکرێ تا نەبێتە هۆی زیانگەیاندنی دەروونی و جەستەیی بۆ منالان لە ڕێگەی لاسایی کردنەوەی کارەکتەرەکانی ناو فیلم کارتۆنەکان و چیرۆکی فیلمی منالانەوە. (د. السيد احمد مصطفى، ١٩٩٤، ل٢١).

جۆری دووەم، کەناڵ و تەلەڤزیۆنی تایبەت بە گەنجان و نەوجەوانانە، لەگەڵ ئەوەی فیلم و و پرۆگرامی تایبەت بە خولیاو حەزو ئارەزووی تایبەت بە تەمەنیان و ئاستیان

پەخش و بڵاودەکرێتەوە، بەڵام بەڕای پسپۆڕان و شارەزایانی میدیاو دەروونناسان و کۆمەڵناسان وایە کە چاودێری زیاتر بکرێ بە بەراورد بە تەلەڤزیۆن و بەرنامەکانی منداڵان. چونکە توێژێکی هەستیارن و لە قۆناغێکدان کە ئامادەیی زۆریان هەیە بۆ لاسایی کردنەوەی بابەتە نامۆکان، حەزکردنیان بە زانین لە پلەیەکی بەرز دایە، هەروەها لە تەمەنی پێگەیشتن و ئامادەبووندان بۆ گەورەبوون و تێکەڵ بوون بە کۆمەڵگە، هەربۆیە دەبێ بابەت و پرۆگرامە پەخشکراوەکان جگە لە بابەتی خۆشی و سەرگەرمی و پەیامی پەروەردەیی و هۆشیاری و رۆشنبیری و ئاڕاستەکردن لەخۆ بگرێت، ئەوەش لەپێناو پاراستنیان لە هاندان بۆ کاری لابەلاو توندوتیژی و کاری نەخوازراو بە داب و نەریت و، هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی بەهاو پێوەرە سروشتی و ڕاست و دروستەکانی مرۆڤایەتی (د. حسنين شفيق، ٢٠٠٦، ل٢٠-٢١).

بایەخ و پێویستی چاودێری تایبەت، جگە لە رێکخستن لە هەمانکاتتدا بۆ رێگەگرتنە لە هەر کەناڵ و تەلەڤزیۆن و هەر هۆکارێکی دی میدیاو پەیوەندیکردن کە لەپێناو زیادکردنی جەماوەر بۆ کەناڵەکەی پەنا نەباتە بەر بڵاوکردنەوەی بابەتی نەخوازراوی سێکسی و هاندان بۆ تاوان و تیرۆرو خۆشەویستکردنی رەفتارو بابەتە زیانبەخشەکان بە توێژی گەنجان، هەروەها رێگەگرتن لە کارکردن لەسەر جوڵانی هەستی گەنجان کە توێژێکی هەستیارن لە رێگە بابەتە نامۆکانی ناو کۆمەڵگە وەک دیاردەی تیرۆرو توندڕەوی ئایینی و مەزهەبی، نەژادی و رەگەزپەرستی و، مادە هۆشبەرەکان و.. هتد.

لە رێگەی رێگرتن لە فیلم و زنجیرە فیلمەکان کە تەمسیلی ئەو بابەتانە لەخۆ دەگرن، کە دواتر دەیانخانە ژێر کاریگەری کێشە دەروونییەکان و فشارە هەست و سۆزدارییەکانەوە کە لەوانەیە بگاتە باری لاسایی کردنەوەی. (Monroe. Edein, 1998, P82)

شایانی ئاماژە بۆ کردنە لە هەرێمی کوردستان برگەو مادەیەک نییە لەبارەی ئەم پرس و توێژە گرنگەوە لە یاساکانی بواری میدیا و رۆژنامەوانیدا.

**دووەم: پاڵنەرەکانی پشت پیادەکردنی چاودێری:**

بێگومان ئەنجامدانی چاودێری لە هەر سستمێکدا، چۆنێتی پەیوەندییەکانی میدیا لەگەڵ کۆمەڵگەو دەسەڵات دەستنیشان دەکات. بۆچوونی جیاوازیش لەبارەی گرنگی هەبوون و نەبوونی دەزگای چاودێری میدیایی هەیە، هەر کام لەم بۆچوونانەش کۆمەڵێک فاکتەر بۆ پتەوکردنی میکانیزمەکانیان دەخەنەڕوو. هەندێک پێیان وایە کە چاودێری میدیایی گرنگە وە پێویستە بوونی هەبێ بە مەرجێ لە چوارچێوەی (کات، شوێن، بابەت)ی پراکتیزەکردنی

چاودێرییەکە دیاریکراو بێت، وە فەلسەفەی پشت جێبەجێکردنی لەپێناو بەرژەوەندی گشتی دا بێت نەک بۆ بەرژەوندی دەسەڵاتی حوکمڕانی و لاو لایەن و تاکەکەسی. (د. احمد بدر، ١٩٩٨، ل١٩٧)

بوونی دەزگای چاودێری دابەش بۆتە سەر دوو ڕای جیاواز لە لایەنگران و نەیارانی ئەنجامدانی چاودێری میدیایی، کە لێرەدا باسی لێوە دەکەین:

**١) لایەنگرانی بوونی دەزگای چاودێری میدیایی:**

لایەنگرانی بوونی دەزگای چاودێری پێیان وایە.. بۆ جیاکردنەوەی پەیامی میدیایی ئەرێنی لە پێچەوانەکەی، پێویستە دەسەڵاتێک رێگە لە بڵاوبوونەوەی ناوەڕۆکی پەیامە نەرێنییەکان بگرێت، واتە ئەو بابەت و زانیارییانەی لە بوارەکەدا دەخرێنەڕوو، گەر زیان بە وڵات و حکوومەت و بیروڕای گشتی و ئاکاری گشتی و ئاسایشی نەتەوەیی بگەێنن، ئەوا دەبێ هێڵی سووریان بۆ دابنرێ، لەم حاڵەتەدا پێویستە پەیامی میدیا بە فلتەردا تێپەڕێت. (د. فریبرز خسروي، ١٩٨١، ل٨).

لایەنگرانی بوونی دەزگای چاودێری، چەند فاکتەرێک دەستنیشان دەکەن کە پێیان وایە تەنها بە جێبەجێکردنی چاودێری میدیایی دەتوانرێ پارێزگاریان لێ بکرێ لەوانە وەک:

**ا- پاراستنی راستی:**

لە وڵاتە پێشکەوتوو دیموکراسییەکاندا، حکوومەتەکان وەک پارێزەری راستی کاردەکەن، لەم روانگەیەشەوە هێڵی سوور بۆ میدیاو رۆژنامەوانی دادەنرێ تا رێگە بگرن لەو هێڵە سوورانەی کە پەیوەندارە بە سەروەری وڵات و نەتەوەو ئاسایشی گشتی و بەرژەوەندی گشتییەوە. (د. یحی کمال پور، ١٩٨٨)

رێگەنەدان بە کەسانی بەرژەوەندخوازی وەک خاوەن کۆمپانیاو بازرگانەکان بە سوود وەرگرتن لە ئامرازو هۆکارەکانی میدیا، لە رێگەی ریکلام و بازاڕگەری بۆ کاڵاو بەرهەم و پڕۆژەکانیان و بەدەستهێنانی زۆرترین قازانجی مادی لە رێگەی چەواشەکردنی جەماوەر.

هەروەها رێگەنەدان بە نەیارانی حکوومەت، و یاساو رێساکان و لادەرانی بنەماکنی کۆمەڵگە، بە تێکدانی ڕاستییەکان و چەواشەکردنی کۆمەڵگە بە زانیاری ناڕاست و شاردنەوەی ڕاستییەکان. (Michael W. Hill, 1998, p154)

## ب)- پاراستنی دابونەریتی کۆمەڵگە:

لایەنگرانی پێویستی هەبوونی چاودێری میدیایی، جەخت لەسەر لایەنی پۆزەتیڤی چاودێری دەکەنەوە بە پارێزەری کۆمەڵگەی هەژمار دەکەن، پێیان وایە دەزگای چاودێری بەهۆی یاساوە بۆ لەبەرچاوگرتنی پرەنسیپ و کلتوورو بنەما کۆمەڵایەتییەکان و بیروباوەڕەکانی تاک پاشان کۆمەڵگە، وە ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی پەخش کردنی بابەتگەلێکی دژە پرەنسیپەکانی مرۆڤایەتی، وە سوکایەتی کردن بە بیروباوەڕو بەهاکانی کۆمەڵگە.

بێگومان هەر وڵاتێک بەگوێرەی پێکهاتەی کۆمەڵگەکەی و سستمی حکوومەتەکانیان، کۆمەڵێ یاساو ڕێسای دیاریکراویان پێویستە هەبێ یاخود هەیانە لەپێناو جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانەو پاراستنی، لەگەڵ بوونی یاساو ڕێسای سزادانی ئەنجامدەرانی سەرپێچی کار. (د. فريبرز خسروي، ١٩٨١، ل٤٨)

بێگومان ئەم یاسایانەش دەبێ دژ بەو کارانە بن کە بە پێچەوانەی کلتوور داب و نەریت و پیرۆزییەکانی خەڵک و ئاسایشی کۆمەڵگەو مافی تاکە، واتە چاودێری دەخرێتە سەر ئەو بوارانەی ئەگەری ئەوەیان لێ دەکرێ زیان بە تایبەتمەندییەکانی تاک وداب و نەریتە پیرۆزییەکانی کۆمەڵگە بگەیێنێت کە ڕەنگە ئاژاوەو شەڕی خوێناویشی لێبکەوێتەوە. (د. محمد منير حجاب، ٢٠١٠، ل٧٨)

## ج- پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی:

مەبەست لە ئاسایشی نەتەوەیی((ڕەخساندنی هەلومەرجێکی ئارامە بۆ دانیشتوانی وڵات و هەروەها پارێزگارکردنە لە ئاسایشی تاک و کۆمەڵگە)). لە دیدی لایەنگرانی بوونی دەزگای چاودێری میدیاییەوە، پێیان وایە گرنگە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی تا کۆی وڵات و نەتەوە نەکەونە بەردەم مەترسییەوە، هەرچەندە چەمکی (ئاسایشی نەتەوەیی) دەبێتە جێگەی ڕەخنە، چونکە بە چەمکێکی لاستیکی ناوی دەبەن کە لەلایەن هەندێ دەسەڵاتی حوکمڕانی سوودی لێ وەردەگیرێ بەو شێوازەی مەبەستیانە. (Gabriel Schoen feld, 2010, P7-8)

## ٢) نەیارانی بوونی دەزگای چاودێری میدیایی:

ئەو کەس و لایەنانەی دژ بە بوونی چاودێرین، لەو بڕوایەدان سنووری ئازادی ڕۆژنامەوانی و میدیا بەرتەسک دەکاتەوە کە لە کۆڕبەندو ڕێککەوتننامەکانی تایبەت بە مافە سیاسی و مەدەنییەکان و مافی ڕۆژنامەوانی و میدیادا دەستەبەرکراون، هەروەها بە

بیانوویەکی دەزانن بۆ پێشێلکردنی ئازادییەکان و داخستنی دەرگای ڕەخنەگرتن بەتایبەت لە دەسەڵات و حکوومەت. (غازی حەسەن، ١٩٩٨، ل٨٥)

پاشان وای دەبینن کە بوونی دەزگایەکی لەو جۆرە، سووکایەتی کردنە بە کۆمەڵگە لەو ڕوانگەیەوە کە (تۆ مرۆڤێکی کە هۆشیاری و تێگەیشتنی تەواوت نییە، تا چاکە لە خراپە جیابکەیتەوە، بۆیە دەبێ چاودێرت بین، هەروەها پێیان وایە دەبێتە هۆی دروست بوون و پەرەسەندنی جۆرە بەدگومانیەکی گشتی بەرامبەر میدیا، بەتایبەت میدیای حکوومی لەناو زۆرینەی خەڵک، چونکە پێیانوایە کە جەماوەر کاتێک زانی کە ئەو هەواڵ و بابەتە بە چەندین فلتەردا تێپەڕیوە تا گەیشتووە بەوان، لەو حاڵەتەدا گەر زانیارییەکانیش ڕاست بن، ئەوا جەماوەر دەکەونە گومانەوە کە تەواوی ڕاستییەکانیان پێ نەگەیشتووەو متمانەیان لاواز دەبێ بەرامبەر میدیاو پەیامەکەی. (Ray. Sh & Chris. W, 1998, P16)

**ئاراستەی تێکەڵاو:**

پێویستی میدیا بۆ هەبوونی دەزگای چاودێری لەپێناو ڕێکخستن و فلتەرکردنی ناوەڕۆک و پەیامی میدیابە مەبەستی پاراستنی کۆمەڵگە لە زیانەکانی، لەنێو ململانێی هەردوو بۆچوونی لایەنگران و نەیارانی ئەم پرسە، ئاڕاستەیەکی دیش بوونی هەیە کە بە ئاڕاستەی تێکەڵاو ناودەبرێن، کە هەڵگرانی ئایدۆلۆژیای هەردوو تیۆری (دیموکراسی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتین) بۆ بواری میدیا. ئەم ئاڕاستەیە پشت بە تیۆری (سازش و بەرژەوەندی هاوبەشی (جون راوڵز)ی ڕووناکبیری ئەمەریکی دەبەستێ لە ڕووی سیاسییەوە. (John Rawls, 1971)

(جۆن راولز) لەو بڕوایەدایە.. کە ئازادی ڕادەربڕین مافی بنچینەیی مرۆڤەو تەنها ئەو ساتە دەتوانرێ سنووردار بکرێت کە بە ئاڕاستەیەکی زیانبەخشدا بڕوات.

تیڕوانینی ئاڕاستەی تێکەڵاو لەو بڕوایە دان کە پێویستە لە هەندێ دۆخی دیاریکراودا چاودێری بۆ پاراستنی مەسەلە گرنگە نەتەوەیی و نیشتیمانی وسیاسی و ئایینی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بوونی هەبێت، تا ئازادی ڕۆژنامەوانی و میدیا بەگشتی سوودی زیاتر بێ لە زیانەکانی، لەبەرئەوە بە پێویستی دەزانن نابێ ڕۆژنامەنووس و هۆکارەکانی میدیا سەرپشک بن بە تەواوی چونکە ئازادی ڕەها لەهیچ وڵات وشوێنێک بوونی نی یە، بەڵکو بە پێویستی دەزانن یاسای میدیا و ڕۆژنامەوانی کاری خۆی بکا لە ناچارکردنی میدیا بەگشتی بۆ پاراستنی بەهاکانی کۆمەڵگەو لە بەرامبەر سەرپێچی کردن لێپرسینەوەو سزابوونی هەبێ. (د. حسن عماد المكاوی، ١٩٩٤، ل١٠٨)

هەروەها بۆچونیان وایە، بە یاساکردنی چاودێری میدیایی و شێوازی پەرەپێدانی لەپێناو تێکدانی پرۆسەی پەیوەندی نێوان جەماوەرو میدیاو، دەسەڵات و میدیا یاخود پەیوەندی هەرسێ لایان ئەنجام نادرێت، بەڵکو ئامانج ئاسانکاری و رێکخستنی ئەو پەیوندییە لەپێناو پاراستنی ئەو چوارچێوەیەدا، ئەم پرۆسەی پەیوەندییەش لە بواری میدیاو رۆژنامەوانی چەند پێویستی بە ئازادی هەیە، بە هەمان ئەندازەش پێویستی بە یاسا هەیە تا بەرگری لە مانەوەی ئەو ئازادییە بکات و رووبەرووی پێشێلکاری نەبنەوە. (John Rawls, 1971)

لەلایەکی ترەوە لایەنگرانی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی واتە ئاراستەی تێکەڵاو کە لە هەرێمی کوردستانیش بوونیان هەیە، کە کەسان و شارەزایانی بواری میدیاو یاساناسان و کۆمەڵناسانن، پێیان وایە لە کوردستانیش هەندێک بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایینی هاتوونەتە پێش کە دانانی دەزگای چاودێری میدیایی بایەخدار دەکات، بەو مەرجەی ژینگەی دیموکراسی میدیایی بەرتەسک نەکاتەوە، ئەوەش لەو بوارانەی کە خزمەت بە پاراستنی بەرژەوەندی گشتی بکات. (غازی حسن، ١٩٩٨، ل٨٩)

# بەشی چوارەم

**دەزگای چاودێری میدیایی لە دەسەڵاتی حوکمڕانی جیاوازدا**

**باسی یەکەم: سستم و سستمی سیاسی**

**باسی دووەم: دەزگای چاودێری میدیایی لە دەسەڵاتی سستمی دیموکراسیدا**

**باسی سێیەم: دەزگای چاودێری لە دەسەڵاتی سستمی تۆتالیتاری و دیکتاتۆرییەکاندا**

**باسی چوارەم: دەزگای چاودێری لە دەسەڵاتی حکومەتی ئینتیقالیدا**

**باسی پێنجەم: دەزگای چاودێری لە وڵاتە عەرەبییەکاندا**

**باسی شەشەم: دەزگای چاودێری میدیایی لە عێراق**

## باسی یەکەم: سستم و سستمی سیاسی

بەپێی ئەو ڕاستییە سەلمێندراوەی کە دەڵێ: (ئەو سستمە سیاسیەی هەر دەوڵەتێک لە دەوڵەتەکان پەیڕەوی دەکات ، بە پێویستی و ڕاستەوخۆ لەو سستمی میدیاو گەیاندنەی لەو دەوڵەتەدا کاری پێ دەکرێ ڕەنگدەداتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی هۆکارەکانی میدیا کاریگەرییان هەبێ، پێویستە ئەم کاریگەرییە لەگەڵ سیاسەتی سستمەکەدا بگونجێ). (جون میرل، رالف لوینشتاین، ١٩٨٩، ل٢٢٩)

لێرەدا باس لە دەزگای چاودێری میدیایی بۆ ئامرازەکانی بینراودەکەین لە سستمی یاسایی و دیموکراسیدا، سستمی دیکتاتۆری و تۆتالیتاریدا.

### - سستم و سستمی سیاسی:

سەرەتا پێویستە لە مانای (سستم) لەلایەک (سستمی سیاسی) لەلایەکی دی بەشێوەیەکی گشتی بدوێین و زاراوەکانی ئاماژە پێ بدەین.

سستم (System) (لە زمانی ئینگلیزیدا بە واتای کۆمەڵێک ڕاستی و بیروباوەڕی ڕێکخراو، یاخودرێسا بۆ ڕێکخستنی بابەتێک ، یان چەند بیروباوەڕو مەزهەبێک لە بوارێکی تایبەتیدا دێت. (1999, wopapower Oxford, p651)

لە (موسوعة السیاسة)دا سستم النظام- (Regime) بەوە هاتووە کە: ((زاراوەیەکە بەسەر ئەو دیاردەو پەیوەندی و بونیادە کۆمەڵایەتیانە دادەبڕێت ، کە لە دەرکەوتن و ڕێکخستنیاندا لە بنەماو بەرژەوەندی و بەهاو ئاڕاستە هاوشێوەکاندا سوودمەندن)).

(سستمی سیاسی)یش ((پرەنسیپ و ڕێ و شوێن و دەزگاو ئامرازی ڕێکخستن دەگرێتە خۆو، کار بۆ بەدیهێنانی ئامانج و بەرژەوەندییەکی دیاریکراو دەکات)). (د.عبدالوهاب الکیالی، ١٩٨٧، ل٥٨٢-٥٨٣)

- هەر لە هەمان مەوسوعەدا، ئاماژە بەوە دراوە کە ئەم زاراوەیە زۆربەی کات لە فەرهەنگی سیاسیدا بە واتای ((ڕێبەری کردن و پێکهاتەو ئەقلیەتی فەرمانڕەوایی لە هەر وڵاتێکدا)) بەکاردێت. (د. حنان یوسف، ١٩٩٥، ل١٤)

هەندێ لە پسپۆڕان، سستمی سیاسی بەوە پێناسە دەکەن کە: ((کۆمەڵە کارلێک و ڕۆڵ بینینە کە پەیوەستە بە دابەشکردنی دەسەڵاتگەرانەی بەهاکان و لە سەروو هەموویانەوە پرۆسەی تایبەتکردنی بەهاکانە ، واتە کێ چی دەستدەکەوێ؟ وە سستمی سیاسی لێرەدا ئەرکی جێبەجێکردنی پرۆسەی دابەشکردن و ڕێکخستن لە ئەستۆ دەگرێ لە ڕێگەی دەرکردنی ئەو بڕیارانەی هەمووان پابەند دەکات پێوەی). (موسوعة السیاسیة، ١٩٩٧، ل٥٨٣)

**- سستمی یاسایی:**

سستمی یاسایی، بەو سستمە دەوترێت کە یاسای تیایدا پیادە دەکرێت ، دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان) دەگرێتەوە ، کە دەزگایەکی کارا بێ، لە هەمان کاتتدا دەسەڵاتی جێبەجێکردن کاری خۆی دەکات ، دەسەڵاتی دادوەریش سەربەخۆیی پارێزراو بێ، جیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتەکەش لە یەکتر لەڕووی ئەرکەوە. سستمی یاسایی، ئەو سستمەیە کە ملکەچی یاساکان بی، بەومانایەی کە نابێتە هۆی کەمبوونەوەی سەروەری بەڵکو دەسەڵاتی خاوەن سەروەری داناوە کە وابەستەی ویستەکانێتی و جێبەجێی دەکات. (د. حسن الحسن، ١٩٨٦، ل٢٩).

**- سستمی دیموکراسی:**

سستمی فەرمانڕەوایی دیموکراسی، واتە یەکسانی لە ماف و ئەرک لە نێوان هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە فەراهەمدەکات. (د. عبدالوهاب الکیالی، کامل زهیدی، ١٩٨٧، ل٢٧٥)

- سستمی سیاسی , سستمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە پەیوەندی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەو دەوڵەت رێک دەخات ، بەپێی بنەمای یەکسانی لە نێوان هاووڵاتییان و بەشداری ئازادانە لە دروستکردنی تەشریعات بۆ رێکخستنی ژیانی گشتی. (د. کرم شلبی، ١٩٧٤، ل٧٥١)

واتە دیموکراسی , مانای سستمی ئەو حکومەتانەیە کە رەچاوی یەکسانی دەکەن لە نێوان سەرجەم هاووڵاتیاندا، کە تێیدا بە ئاگاداربوون و ڕاوەرگرتنی زۆرینەی دەسەڵاتی حوکمڕان بڕیاری سیاسی دەدرێت لەگەڵ بەهەند وەرگرتنی مافی کەمینەکان، رەخساندنی دەرفەت بۆ تاک و کۆمەڵگە بۆ بەشداربوون لە پرۆسەی هەڵبژاردن و بڕیاردان. (د. محمد عبدالقادر حاتم، ١٩٨٤، ل١١٦)

ئامرازەکانی رادیۆو تەلفزیۆن بە سروشتی کارو چالاکییەکانیان کە خاوەنی زۆرترین بینەرو گوێگرن، بەهۆی ئەو کاریگەرییە زۆرو بەردەوامەی کە هەیانە لەسەر جەماوەر لە رێگەی پەیامەکانیانەوە" مافی دەستەوەردان دەدەنە حکوومەتەکان بە سەرپەرشتیکردنی کارو چالاکییەکانیان بە مەبەستی رێکخستن و بەدەستهێنانی پێداویستییە تەکنیکی و یاساییەکانیان لە چوارچێوەی وڵاتەکانیاندا. (Christians. C.Glasser, 2009)

چونکە دەستوەردانی حکوومەت لە ئامرازەکانی بینراو بیستراو بە مانای کۆنترۆڵکردنی هەمیشەیی نییە ، بەڵکو هەندێ جار بە مانای تەواوکاری و بەردەوامیان دێ لە کارەکانیاندا.

وەک لە ئەورووپا، کە لە سەرەتادا دەوڵەتە ئەورووپییەکان پێویستیان بە ئیدارەدان و بەردەوامی و بەدەستهێنانی شەپۆلەکانی رادیۆ هەبوو کە لەو سەردەمەدا شەپۆلەکانی رادیۆ

سەرچاوەیەکی گشتی کەم وێنە بوو لە سەرەتاکانی سەدەی بیست ، لەبەرئەوە بەدەستهێنانی مۆڵەتی پەخشی رادیۆو تەلەڤزیۆن پێویستی بە مەرجی قورس هەبوو بۆ بەدەستهێنانی خزمەتگوزاری گشتی. کە پێکهاتبوو لە خزمەتگوزاری بەرنامەی هەواڵی و گفتوگۆ، رێکخستنی ئاگادارییە ریکلامییەکان، هەربۆیە لەو کاتانەدا لە توانای حکوومەتدا نەبێ کەسانی تر نەیاندەتوانێ پێی هەستن بۆیە سەرپەرشتی کردنی کارێکی پێویست بوو. (زاید بوزیان، ٢٠١٦)

- بەڵام لەکاتێکدا سەرپەرشتی کردنی حکوومەت و دەسەڵات بۆ رێکخستنی میدیای بینراو و بیستراو شتێکی پێویست بێ، مانای وانییە ئەو سەرپەرشتیکردنە دواتر ببێتە کۆنترۆڵکردنی ناوەڕۆکی پەیامیان و دانانی سنور بۆ ئازادی رۆژنامەوانی و رادەربڕین.

- بەڵام بەدواداچوون و سەرپەرشتی کردنی حکوومەت نەبووە کۆنترۆڵکردنی ناوەڕۆک یان دانانی سنوور بۆ ئازادی رۆژنامەوانی، هەرچەندە چاودێری کردن و سەرپەرشتی رادیۆو Tv بابەتی پیادەکردنی دەسەڵاتی حوکمڕانی و وڵات نییە بەسەریاندا، بەڵکو دەوەستێتە سەر شێوازو جۆری دەسەڵاتداری لە وڵاتەکەدا. (Williams. R, 1974)

- لە سستمی دیموکراسی پێگەیشتوودا ، پەیوەندی حکومەت بە دامەزراوەکانی میدیا و تەلەڤزیۆن بەتایبەتی، تەنها لە چوارچێوەی پێدانی مۆڵەت و دەرکردنی یاساو دامەزراندنی بەڕێوەبەرانی جێبەجێکاری کۆمپانیاو دەستەی رێکخستنی تایبەت بە بواری ناوبراو دەبێ، چونکە سەربەخۆیی لە داڕشتنی سیاسەتی نووسین ، خاڵێکی بنەڕەتییە لە میدیای وڵاتە دیموکراسییەکان ، بە لەبەرچاوگرتنی لایەنی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی ، لادانە کۆمەڵایەتییەکان و ناوەڕۆکی بابەتی نائیتیکی و هەروەها بابەتی دژ بە یاسا وەک جیاکاری نەژادی و ئایینی.. هتد (R ،Williams, 1974)

- دەزگاکانی چاودێری میدیایی بە دوو رێگاو شێواز دەردەکەون، شێوەیەکیان سەر بە دەوڵەتن لە رێگەی دامەزراوە فەرمییەکانی حکوومەت بەڕێوە دەبرێن ، بەڵام شێوەو رێگاکانی تر لەلایەن دام و دەزگاو رێکخراوە ناحکوومییەکان چاودێری چالاکی کەناڵەکان و دامەزراوەکانی میدیا دەکەن. (د. سامان جلال، ٢٠١٨)

## باسی دووەم: دەزگای چاودێری میدیایی لە دەسەڵاتی سستمی دیموکراسیدا

دەسەڵات و حکومەتی دیموکراسی، بەوە پێناسە دەکرێ: کە تاک مافی دەنگدانی هەیە لەرێگەی هەڵبژاردنەوە بەشداری لەپێک هێنانی حکومەتی وڵاتەکەی دەکات، وەسەرجەم مافە یاسایی ومەدەنیەکانی تاک وکۆمەڵگە پارێزراو بێ بەپێی دەستورویاسا. (د. محمد عبدالقادر حاتم، ١٩٨٤، ل٣٢)

- لە زۆرینەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان، ئەوانەی بە ئەزموونی درێژخایەنی پێشکەوتنی میدیاو تەکنەلۆژیای نوێدا تێپەڕیون، لە بەرامبەر هەر قۆناغ و لێکەوتەیەکی نادروستی میدیایی کۆمەڵێک رێ و شوێنیان گرتۆتەبەر بۆ ئەوەی میدیا تەنها مانای راستەقینەی خۆی بگەیێنێت و ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات بە بەکارهێنانی پرەنسیپ و دیسپلینەکانی تا لە رێگەیەوە میدیاو میدیاکاران لە ئاراستەگۆڕینی بە ئەنقەست یان لە رووی نەزانینەوە بپارێزێ و نەبنە هۆکاری زەرەرو ئازاربەخش بەخۆیان و بە کۆمەڵگە. (د. سامان جلال، ٢٠١٨، ل١٢)

- وەک وڵاتانی بەریتانیا- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا- زۆربەی وڵاتانی رۆژئاوا.

لە وڵاتێکی وەک بەریتانیا، رێکخستنێکی فراوانیان بۆ خزمەتگوزارییەکانی رادیۆو تەلەڤزیۆن و چاپ و پەیوەندییە ئەلیکترۆنییەکان کردووە لە رێگەی دامەزراوەی فەرمی و نافەرمی جیاوازو جۆراوجۆرەوە، وەک:

* نووسینگەی پەیوەندییەکان بۆ چاودێری و رێکخستنی تەلەڤزیۆن و سۆشیال میدیا کە لە ساڵی (٢٠٠٣) دامەزرا، رێکخستنی پەخش و پەیوەندییە سلکی و لاسلکی پاشان بەستنەوەی بە لیژنەی تەلەڤزیۆنی سەربەخۆو دەستەی رادیۆو نووسینگەی پەیوەندییەکان و دامەزراندنیان بەپێی بەندی یاسای پەیوەندییەکانی لە ساڵی (٢٠٠٢) لە یەک نووسینگەدا کە پەرلەمانی بەریتانیا پشتگیریان دەکا، بەڵام سەربەخۆن لە کارکردندا: (ریدمان دیس، ٢٠٠٨)

### لە گرنگترین کارەکانی ئەم دامەزراوەیە:

((ستاندەربوونی پرۆگرامەکانی تەلەڤزیۆن، زانین و چاودێریکردنی پاڵپشتە داراییەکانی دەزگاکان، گرتنەبەری رێ و شوێنی پێویست بە مۆڵەت دانی کردنەوەی کەناڵی ئێزگەو تەلەڤزیۆن لە بەریتانیا)) بەپێی یاسای یەکێتی ئەورووپا، چونکە پێوەرو رێساو یاسای دیاریکراو دانراوە بۆ ئەو بوارە بەتایبەتی مۆڵەت پێدانی کردنەوەی کەناڵی تەلەڤزیۆنی

ئاسمانی کە دەبێ بەپێی یاسای یەکێتی ئەورووپا بێ کە سەرجەم وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا بڕیاریان لەسەر داوەو پابەندن پێوەی. (ofcom ادم باکستر، ٢٠١٦)

- هەروەها (ofcom) ئامانجی هێشتنەوەو پاراستنی (پێشبڕکێیە لە نێوان کەناڵەکاندا وەریگەنەدان بە رەفتاری داگیرکاری مەیدانی میدیا ، تا ئەو رادەیەی بۆیان هەیە چاودێری کەناڵی (BBC) بکەن.

هەروەها دەسەڵاتی (ofcom) دیاریکراوە بۆ دەستەبەسەراگرتن و راگرتنی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان، بەڵکو ئەوە یاسای گشتی بەریتانیا یەکلایی دەکاتەوە، بەڵکو (ofcom) تەنها چاودێری و پاشان ئاگادارکردنەوە دەدات، هەروەها چاودێری ئامێری لاسلکی و ئامێری گواستنەوەی بەرنامەو ڤیدیۆ دەکەن لەسەر داوای لایەنێک و سکاڵا تۆمارکردن. (أدم باکستر، ٢٠١٦)

- بەپێی قانونی نوێ کە لە (٢٠١٧/٤/٣) دەرچوو لەبارەی کارو بەرپرسیارێتی (ofcom ..) کەوا پێویستە هەموو کەناڵەکان پابەند بن بەو رێنماییانەی کە لە چوارچێوەی ئیتیکی رۆژنامەوانی دایە، بەتایبەتی رۆژنامەوان و پەیامنێران لەکاتی گواستنەوەی هەواڵ لە پەخشی راستەوخۆ، خۆبەدوورگرتن لە شێواندنی راستییەکان و رێزگرتن لە جەماوەر وە هان نەدانی توندڕەوی و توندوتیژی و نەگواستنەوەی وێنەو دیمەنی نەخوازراو و نەگونجاو بۆ تەمەنی هەرزەکارو منداڵ. خۆپارێزی لە دروستکردنی ناکۆکی نەژادی و ئایینی و جیاوازی کلتووری. (لوسی تریفیلیان، ٢٠١٨)

ئەو وڵاتانەی کە مێژوویەکی دوریان هەیە لە پیادەکردنی سستمی دەوڵەتداری دیموکراسی و میدیایی ئازاد، کەبەردەوام لەهەوڵی بنیاتنانی رێوشوێنی گونجاون لەبواری میدیا لەپێناو بەرژەوەندی کۆمەڵگەکانیان لەو وڵاتانە وەک:

**١) وڵاتی بەریتانیا:**

بۆ رێکخستن و چاودێری چالاکی میدیاو کەناڵەکانی رادیۆ لە بەریتانیا دەستەی دامەزرا (Radio- Authority- RA) دامەزرا.

هەروەها (Press Complaints Commission ;PCC) واتە لیژنەی سکاڵاکردن بۆ بابەتە چاپەمەنییەکان.. ئەم دەزگایە لەپێناو چاودێری بوارەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە دامەزراوە، بە پێدانی زانیاری وردو راست و دروست بە خوێنەران و دەرفەتی وەڵامدانەوە بە وەرگر، پاراستنی تایبەتمەندی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەو لانەدان لە ئیتیکی رۆژنامەوانی و

ئاگادارکردنەوەیان لە هەر سەرپێچییەک بە مەبەستی چاککردن و بەرەوپێش چوونیان. (مکویل دینیس، ١٩٩٢، ل١١٨)

**٢) وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:**

گۆڕینی دەستوور لە ئەمەریکا رێگەی گرت لە حکوومەت کە ڕای ئازادو ئازادی رۆژنامەوانی بخاتە چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە، لەگەڵ ئەوەشدا چاودێری چالاکی میدیایی بەگشتی و ئامرازەکانی بینراو و بیستراو دەکرێ بەبێ یاساو رێسای مەدەنی.

چونکە لە وڵاتە دیموکراسییەکان یاساکانی میدیا و رۆژنامەوانی دەچنە خانەی یاسای مەدەنییەوە نەک یاسای سزادان. (ناپۆلی، فیلیب، ٢٠٠١)

لە ئەمریکا لە ساڵانی شەستەکانەوە دەستکرا بە رێکخستنی ئامرازو هۆکارەکانی میدیا و چاودێری پەیام و ناوەڕۆکیان. بە مەبەستی فلتەرکردنی نەک سانسۆردانان، هەر لەکاتی گەشەکردنی بواری سینەماو زۆربوونی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن، رۆژانە لە رێگەی شاشەکانەوە لێشاوێک لە بابەتی توندوتیژی بڵاودەکرایەوە کە کاردانەوەی ترسناکی لەنێو کۆمەڵگەکەیان لێکەوتەوە بە لاسایی کردنەوەی فیلمەکان و دەرکەوتنی گرووپی لادەرو مافیا، بۆیە لەوکاتەوە چەندەها دەزگاو دەستەو ئەنجوومەنی چاودێری فەرمی و نافەرمی و رێکخراوەیی کۆمەڵگەی مەدەنی دروست بوون. (د. سامان جلال، ٢٠١٨، ل١٣)

(لیژنەی گەیاندنی فیدرالی- Federal Communications Commission (FCC) کە ئەم لیژنەیە بەپێی بەندی یاسایی مۆڵەت دراوە بە نەهێشتن و راگرتنی پەخش یان راوبۆچوونێ یان بەرنامەیەک لە هەر کەناڵ و ئامرازێکی تەلەڤزیۆنەوە بێ، وە چاودێری کردنی بە دووبارەنەبوونەوەی، لە حاڵەتێک کە ئەو بابەتەی پەخش دەکرێ و مەترسی بێ بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی و سیاسەتی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

هەروەها راگرتن و دەستبەسەراگرتنی ئامرازی بینراو و بیستراو کە پەیامەکەی لایەنگیری ئایدۆلۆژی و ئایینی و نەژادی بێ بە پێشێلکردنی دەستوورو یاسا لە قەڵەم دەدرێ، بەڕای (FCC) لەم حاڵەدا بۆ پارێزگاری لە دەستووری ئەمریکا ئەنجامی دەدەن، کە دەستوور رێگەی داوە بە ئازادی رادەربڕین و رۆژنامەوانی و پاراستنی مافی مرۆڤ. (بیکر، ادوین، ٢٠١٨)

- (FCC) لیژنەی گەیاندنی فیدراڵی، پێشوازی لەو سکالایانە دەکات و کاری لەسەر دەکات کە لەسەر کەناڵەکانی رادیۆو تەلەڤزیۆن و میدیاکارو میوانی بەرنامەکانیان دەکرێ کە

زانیاری و هەواڵ و بابەتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی توندڕەو ناڕاست و نەگونجاو بڵاودەکەنەوە کە دەبێتە هۆی دروستکردنی مەترسی لەسەر ئەمەریکاو گەلەکەی.

یاخود بابەت و پەیامێک کە هەڕەشە بێت بۆ سەر دامەزراوەکانی دەوڵەت و بنەماکانی دروستبوونی کۆمەڵگە هەڵوەشاندنەوەی خێزان، بەڕای (FCC) ئەو جۆرە پەیامانە ئەمریکی نین و بەڵکو خراپ بەکارهێنانی ئازادی رادەربڕینە (ریدمان، دیس، ٢٠٠٨)

- هەروەها (FCC) چاودێری و لێپرسینەوە دەکات لەسەر هەر رەخنەو بێ ڕێزیەک کە بکرێتە سەر ئایین و رەگەزو نەژاد یاخود هەر وێنەو پەیامێکی نەگونجاو نەشیاو، هەروەها راگرتنی پەخشی بابەتی نەگونجاو لەگەڵ تەمەنی هەرزەکارو مناڵ لە کاتژمێر (٦)ی بەیانی بۆ (١٠)ی شەو بەپێی رێساو بنەمای کاری (FCC)، ئاگادارکردنەوەی بەرپرسانی کەناڵەکانی بینراو بە دیاریکردنی کاتی بەرنامەکانیان و پابەندبوون بەو رێنماییانەی (FCC) کە بۆ پاراستنی ماف و بەرژەوەندی مناڵ و هەرزەکاران دانراون، سەرپێچی کردنی رووبەڕووی لێپرسینەوە دەبن. (Stephen ،Labaton, 2007)

(FCC) بەپێی یاسای گەیاندن (قانون الإتصالات) لە ساڵی ١٩٣٤ دامەزرا، کە لیژنەیەکی سەربەخۆی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە مەبەستی رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان ولایەتەکان دامەزرا لە رێگەی رادیۆو تەلەڤزیۆن و لاسلکی و کێبڵ و دواتر مانگە دەستکردەکان، لەپێناو خزمەتکردنی جەماوە. (2019, Fcc.gov)

- جۆرێکی دی لە فلتەرکردن و چاودێری لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، فلتەری تەکنیکی ((V –chip ـە، واتە (Viewing television Responsibility) سەیرکردنی تەلەڤزیۆن بە بەرپرسیارێتی) کە سستمێکە داخڵی ئامێری تەلەڤزیۆنەکە کراوە لەو کۆمپانیایەی کە لێی دروست دەکرێ، لە رێگەی کۆنترۆڵی تەلەڤزیۆنەکەوە چالاک دەکرێ و بەکاردەهێنرێ لەلایەن دایکان و باوکان بەمەبەستی وەستاندنی ئەو بەرنامەو فیلم و بابەتانەی کە گونجاو نییە بۆ مناڵەکانیان لە تەمەنی مناڵی و تا هەرزەکار. ( Gloria Tristani, 1999)

- (V–chip): نیزامێکی تەکنیکیە کە چالاک کراوە لە رێگەی کۆنترۆڵی ئامێری تەلەڤزیۆنەوە کە پێکهاتوە لە (چوار ژمارە) کە بۆ هەر بەکاربەرێک دەتوانێ لە رێگەی کەتەلۆکی تەلەڤزیۆنەکەوە ئیشی پێ بکات بۆ بلۆک کردنی ئەو بەرنامەو فیلم و بابەتانەی کە دایکان و باوکان بە گونجاوی نازانن مناڵەکانیان ببینن)). (J. M ،Balking, 1998)

- ئەم سستمە لە ڕێگەی کۆنترۆلی تەلەڤزیۆنەوە بەکاردێ، کە دەتوانرێ بچنە سەر ئایکۆنی لیست و بیکەنەوە (parental control) واتە، ((کۆنترۆڵکردن لەلایەن دایکان و باوکان، لەوێوە چەند هەڵبژاردەیەک دەکرێنەوە، لەوانە: توندوتیژی، سێکس، زمانی دژوار، فیلمی ترسناک لە ڕێگەی کلیککردنی دەتوانرێ فلتەری ئەو بابەتە بکرێ کە دیاریکراوە لەلایەن کەسەکەوە، واتە سکیوریتی بۆ خێزان و تاک و کۆمەڵگە لە ڕێگەیەوە دابین کراوە)).

لەگەڵ ئەوەی لە سەرەتاو ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکانەوە تەکنیکی (V-chip) بەرهەم هێنرا، بەڵام بەهۆی کەمی زانیارییەوە زۆر بەکارنەهات لەو ساڵانەدا، بەڵام لە دوای (کۆنگرەی تەکنەلۆجیا بۆ توندوتیژی بەرنامەی تەلەڤزیۆن) لەساڵی (١٩٩٤) لەفەڕەنسا، پاشان لە کۆنگرەی بەلجیکا بە فراوانی باسی لێوە کرا. (Jordan A. E. Woodard ,2010).

هەروەها لە ساڵی (١٩٩٦) یاسای گەیاندن (الاتصالات) لە ئەمریکا بەندێکی یاسایی بۆ (V-chip) دەرکرد، کە بە فەرمانی (بیل کلنتون) سەرۆک کۆماری ئەوکاتە کە لە وتەیەکیدا کلنتون وتی: گەر دایک و باوکان بە لێزانییەوە سستمی چاودێری(V-chip) بەکاربهێنن لە تەلەڤزیۆنی ماڵەکانیانەوە، ئەوا دەبێتە دەنگێکی بەرز بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژ بە نەوجەوانان و پاراستنیان لە لادەرە کۆمەڵایەتییەکان کە لە ڕێگەی فیلمەکانەوە دەبینرێ، کە لە ٨ی کانوونی دووەمی ١٩٩٦ کلنتۆن ئیمزای لەسەر ئەو یاسایە کرد. (Teresa, 1996)

هەروەها لە هەمان ساڵدا.. کۆنگرێسی ئەمریکی بڕیارێکی دەرکرد کە کۆمپانیاکانی دروستکردنی تەلەڤزیۆن بەرنامەیەکی خۆبەخش ئامادە بکەن و پەخشی بکەن بۆ زیاتر بڵاوکردنەوەی زانیاری لەبارەی گرنگی فلتەری تەلەڤزیۆن(V.chip) تا لە ڕێگەیەوە زۆرترین ژمارەی خێزانەکان شارەزایی پەیدا بکەن بۆ بەکارهێنانی کە ناویان لێ نا (ڕێنمایی دایکان و باوکان بۆ تەلەڤزیۆن) کە بەڕێوە دەبرا لەلایەن سێ کۆمەڵەوە، لەوانە: (کۆمەڵەی نیشتمانی بێژەران-، کۆمەڵەی نیشتمانی تەلەڤزیۆنی کابل-، کۆمەڵەی فیلمی سینەمایی ئەمریکی). ( ogg. Erica, 2007)

- دوا بە دوای ئەو بڕیارە (لیژنەی فیدڕالی گەیاندن- (FCC) لە ساڵی (١٩٩٩-/ ٢٠٠٠) داوای لە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ئامێری تەلەڤزیۆن کرد بە دانانی سستمی(V.chip) لەناو هەموو ئامێرێکی تەلەڤزیۆن، تا بە ئاسانی بگاتە دەست هەموو خێزانێ، لەبەرئەوەی لە سەرەتای دروستبوونی سستمی ناوبراو لە هەموو ئامێرێکی تەلەڤزیۆندا نەبوو، بەڵکو ئەو تەلەڤزیۆنانەی ئەو سستمەی تیادا بوو گرانتر بوو لە ڕووی نرخەوە کە ببووە ڕێگر

لەبەردەم هەموو خێزانەکان تا بە ئاسانی دەستیان بکەوێ. ( MeDowell Stephen, 2011, p28)

- پاشان هەربۆ هاندانی ئەو بڕیاری حکوومەت کە کۆنترۆڵی ناوەڕۆکی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆن بکرێ لەپێناو سوودی مناڵ و نەوجەواناندا، بەرنامەی (PTC) هەستا بە دامەزراندنی (کۆمەڵەی دایکان و باوکانی تەلەڤزیۆن) بەناوی (PTC تەلەڤزیۆن) بە پیشاندان و پەخشکردنی وێنەیەکی ئەرێنی خێزان و منداڵ، گفتوگۆکردن لەو بابەتانەی کە بۆ خێزان و چاودێری منداڵ و نەوجەوانان گرنگن بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی ڕەنگ و نەتەوەو ئایین و کلتور بەمەبەستی سوودگەیاندن بە کۆی کۆمەڵگەکەیان (M. BalkinJ, 1998)

**٣) سویسرا:**

(دەستەی ئێزگەو تەلەڤزیۆنی سویسری) لەژێر ڕۆشنایی یاسای ئیتحادی تایبەت بە ئێزگەو تەلەڤزیۆن دامەزرا، بەپێی بەندەکانی مادەی (٧١-/ ٩٢-/ ٩٣)ی یاسای ئیتحادی سویسری، کە پاڵپشتە بە یاسای پەیوەندییەکان کە لە (١٩٧١/٤/٣٠) دەرچووە، هەروەها لە دانانی دەستوری سویسری ساڵی (١٩٩٩) وە هەموارکردنەوەی لە (١٤/-٢) کە لە مادەی (١٧)ی تایبەت بە ئازادی میدیا دووبارە ئاماژە دراوە بە قەدەغەکردنی سانسۆڕو ئازادی تەواو بۆ هۆکارەکانی میدیا. (لاریسا، م، بیلر، ٢٠١٦)

لە ڕێساو یاسای ئاماژەپێدراودا چەندین خاڵی گرنگی تێدایە کە تایبەتن بە ئامرازەکانی بینراو، لە رووی پێدانی مۆڵەت بۆ کردنەوەی ئامرازەکانی تەلەڤزیۆن و ڕێنمایی تایبەت بە پەخش و پەیام و ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی تەلەڤزیۆن.

- ((لە مادەی (٦٨)ی بەندی (١)ی یاسای ئاماژەپێکراو تایبەتە بە (خزمەتگوزاری بەرنامەی سویسری)، واتە بەرنامەی تایبەت بە سیادەی حکوومەتی سویسری، هاوکات بەپێی ئەحکامی پەیماننامەی ئەورووپی پەیوەنددار بە پەخشی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کە ئەحکامەکانی پێک دێن لە (خزمەتگوزاری بەرنامەی ئێزگە) و (رسوماتی ئامرازەکانی بینراو و بیستراو) لەخۆ دەگرێت کە لە (٢٠١٤/٩/٢٦) هەموار کرایەوە)) (SWI, 2016)

لە دوای هەموارکردنەوە بڕیار درا ئامرازەکانی بینراو و بیستراو لە رووی خاوەندارێتییەوە سەربەخۆ بن، بەڵام لە رووی پەیام و ناوەڕۆک و کارو چالاکییانەوەی دەبێ پابەندی ڕێنماییەکانی دەستەی ئێزگەو تەلەڤزیۆنی سویسری بن کە لەبەرچاوترین خاڵی ڕێنماییەکانی دەستەی ئێزگەو تەلەڤزیۆنی سویسری) (swissinfo) پێکهاتووە لە:

((رێزگرتن له مافه بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگە ، دروستنەکردنی جیاوازی رەگەزی و نەتەوەیی نەژادی و ئایینی.. هتد. پەیامەکانیان نەبنە هەڕەشە بۆ سەر ئاکاری گشتی، نەبنە هۆی هەڕەشەو توندوتیژی بۆ سەر هیچ چین و توێژێکی کۆمەڵگە ، نەبنە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی ناوخۆو دەرەکی و کانتۆنەکانی وڵات ، رێزگرتن له دەستوورو یاساو بنەماکانی حکوومەتی سویسرا)).

نەبنە هۆکاری کێشەو گرفت و ئازاری دەروونی و مەعنەوی منداڵ و نەوجەوانان ,

شایانی باسە له رێنماییەکانی دەستەی ئێزگەو تەلەڤزیۆنی سویسری ئاماژه به دوو خاڵ کراوه که بەندی یاسایی لەسەر دانراوەو لادان لێی سزای دارایی بەرامبەر دانراوە لەوانە: پابەندبوونی سەرجەم ئێزگەو تەلەڤزیۆنەکان به بڵاوکردنەوەی هەر (بڕیارێکی ئیتحادی سویسری) که نێردرا بۆیان له کات و ساتی خۆیدا بێ دواکەوتن بەپێی مادەی (٧) بڕگەی (٣) له یاسای بڵاکردنەوە که له (٢٠٠٤/٦/١٨) هەموارکراوەتەوە که به (بڵاوکردنەوەی استثنائی) ناوی براوه بەپێی مادەی (٤)ی بڕگەی (٤)ی هەمان یاسا (SWI) سەرچاوەی پێشوو.

هەروەها بەپێی هەمان مادەو بڕگەو یاسا ، بڵاوکردنەوەی خێرای خزمەتگوزارییەکانی پۆلیس له پەخشی پرۆگرامەکانیاندا بەبێ دواکەوتن، به هەمانشێوه ئاگاداری و رێنمایيه فەرمييەکانیش دەگرێتەوە. (اليس ساشوفا كليزلی، ٢٠١٣)

پاشان بەشی (خزمەتگوزاری بەرنامەکان) له دەستەی ئێزگەو تەلەڤزیۆن، کاری چاودێری و تۆمارکردنی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆن دەکەن (مۆنیتێرینگ) وه پارێزگاری کردن و ئەرشیف کردنی تا ماوەی چوار مانگ، لەپێناو بەکارهێنانەوەی له ئەگەری روودانی هەر سکاڵایەک و گازاندەیەک بەپێی یاسای رێگەپێدراو (لاريسا. م. بيلر، ٢٠١٦)

شایانی باسە , لەناو سەرجەم وڵاتە دیموکراسییەکاندا، ئابوونە مانگی تەلەڤزیۆن له سویسرا زۆرترین نرخی هەیە که (٣٨٨) یۆریۆ له ساڵێکدا بەشێوەیەکی زۆرەملێ (أجباري)، هەرماڵێ ئامرازی پەخشی تەلەڤزیۆنی هەبێ دەبێ ئەو کرێیە بدات، بەڵام به لێبوردنی توێژێکی کۆمەڵگە له کرێی تەلەڤزیۆن ئەوانیش (خاوەن پێداویستی تایبەتەکانن بەپێی یاسا). (ريتو غيزيفون فارتبورغ، ٢٠١٨)

**٤) فینلەندا:**

(پەیمانگەی نیشتمانی بینراو و بیستراو)، (National Audiovisual Institute)

نووسینگەیەکی فەرمییە سەر به وەزارەتی خوێندن ورۆشنبیری فینلەندییە،به پێ بیریاری پەرلەمان به مادەی (٦٧١-٢٠١٣) بەرپرسە له سەرپەرشتی و پارێزگاری کردنی

ناوەڕۆکی ئامرازەکانی بینراو و بیستراو فیلمی سینما و (یارییە ڤیدیۆییەکان) لەگەڵ چاودێری بەرنامە وێنەییەکان، هەروەها هاوکارە لە بواری فێرکردنی میدیایی لە فینلەنداو ئەرشیف کردنی بابەتە بینراو و بیستراوەکان بێجگە لە رێکخستنی تۆڕەکانی ئینتەرنێت کە لە ساڵی (٢٠١٤) خرایە پاڵ پەیمانگەی نیشتمانی بینراو و بیستراو، لەگەڵ بەشی (ئەرشیفی فیلمی فینلەندی) کە لە ساڵی (١٩٥٧)وە دامەزرابوو، هەموو کرایە یەک پەیمانگە بە مەبەستی زیاتر رێکخستن و سەرپەرشتی کردنی لەلایەن حکوومەتەوە. (Ficora, 2014)

- وڵاتی فینلەندە ((لە پلەیەکی بەرزی ئەو وڵاتانەدایە کە زۆرترین ئازادی مافی تاکەکەس و ئازادی رادەربڕین تێدا دەستەبەرە، بەپێی ئاماری ساڵی (٢٠١٨)ی رێکەوتننامەی ئەورووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ)) ئازادی رادەربڕین لە فینلەندە پارێزراوە بەپێی مادەی ژمارە (١٢)ی دەستووری وڵات، پیادەکردنی ئازادی رادەربڕین لە هۆکارو ئامرازەکانی میدیا بەپێی قانونی (٢٠٠٣)، تەنها (تەشهیر بە ئایین و نەژاد) بە تاوان لە قەڵەم دەدرێ و رووبەڕووی دادگا دەکرێتەوە (ohchr, 2018)

هەروەها دەستوور مافی ئازادی بەدەستهێنانی زانیاری داوە بەپێی یاسای ساڵی (١٩٩٩) کە تیایدا هاتووە (بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر چالاکییەکانی حکوومەت بۆ کەرتی گشتی). بەڵام بەپێی یاسا کۆت و بەند دانراوە بەدەستگەیشتن بە زانیاری تایبەت بە لێکۆڵینەوەی جنائی و ئاسایشی گشتی و کاروباری دەرەکی تایبەت بە دەوڵەت.

لەگەڵ ئەوەشدا فینلەندا یەکەم دەوڵەت بوو لە ریزی پێشەوەی ئەو وڵاتانەی کە (بەڵێننامەی ئەنجوومەنی ئەورووپای) ئیمزا کرد لە ساڵی (٢٠٠٩)ی تایبەت بە (رێگەدان بۆ بەدەستهێنانی بەڵگەنامەی فەرمی وڵات) کە بەپێی پێوەرەکانی زۆرینەی وڵاتانی دنیا تایبەتە بە سەروەری وڵات و دەبێ پارێزراو بێ لەلایەن دەسەڵاتی گشتییەوە. ( viestintavirasto.fi, 2019)

**٥) نەوریج:**

ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی فراوانی کاری رۆژنامەوانی و چالاکی میدیا لە وڵاتی نەوریج پێشینەیەکی مێژوویی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوو، بەڵام لە ساڵی (١٩٩٧) یاسای (خاوەندارێتی ئامرازەکانی میدیا) دەرچوو کە (دەستەی میدیا ی نەرویجی/ (IPSO) داوایان لە حکوومەت کرد کە بێنە سەر خەت کە کاتێ بەهۆی خاوەندارێتی ئامرازەکانی میدیا (ئازادی رۆژنامەوانی و فرەیی دەزگاکانی میدیا) دەکەوتنە

ژێر هەڕەشەوە، پاشان لە دوای ئەو بانگەوازەی دەستەی ناوبراو، حکوومەت گۆڕانکاری لە یاساکەدا کرد لە نێوان سالآنی (٢٠٠٥-/ ٢٠٠٦)، پاشان لە ساڵی (٢٠١٣) هەموار کرایەوە. هەروەها بنەمای ڕێکخستنی دەزگاکانی میدیا لە نەرویجدا، بۆ بەدەسهێنانی دڵنیاییە بۆ ئازادی ڕادەربڕین کاری ئامرازەکانی میدیا وە فرەیی و جۆراوجۆری لە هەیکەلی میدیا و پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی و پاراستنی مافی منالآن و نەوجەوانان لە ناوەڕۆکی پەیامە زەرەرمەندەکانی ئامرازەکانی بینراو بەتایبەتی. (Krumsvik Arne, 2011)

- (دەستەی میدیای نەرویجی) (IPSO) پێی وایە هەموو ئامرازو هۆکارەکانی میدیان وەکو هێزێکی ئۆپۆزسیۆنن لە بەرامبەر حکوومەت.

بۆ بەدیهێنانی ئەو رۆڵە ژینگەیەکی تەندروست بۆ کاری میدیا بە پێویست دەزانن لە رووی جۆرایەتی و فرەیی ئازادی رادەربڕین، کە حکومەتی نەرویجی مەرجی داناوە لەسەر هۆکارەکانی میدیا بەپێی بنەمای ئیتیکی میدیا و یاساو رێساکانی ئامرازەکانی بینراو بیستراو کە بە پلەیەک (رێکخستن) دەگرێتەوە، هەروەها پێشێل نەکردنی مافی تاک و کۆمەڵگەو منالّ و خێزان. (Mancini ،D ،Hallin, 2004)

**٦) سووید:**

وڵاتی سوید خاوەنی کۆنترین یاسای میدیا و ڕۆژنامەوانییە لە جیهاندا کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٧٦٦) کە بە یاسای (رۆژنامەوانی و بەدەستهێنانی زانیاری) بەناوبانگە.

پاشان هەموارکردنەوەی لە ساڵی (١٩٤٩).

وە خاوەنی دێرینترین دامەزراوەی رێکخستنی میدیاییە کە لە ساڵی ١٩١٦ دامەزرا بەناوی (ئەنجوومەنی میدیا) (riksdagen.s, 2018)

(دەستەی سوویدی بۆ رۆژنامەوانی و ئێزگە) ((دەستەیەکی فەرمی-یە سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری سوویدییە، ئامانجی پشتگیری ئازادی ڕادەربڕین و جۆرایەتی و سەربەخۆیی ئامرازەکانی میدیای جەماوەرییە، وە رووبەڕووبوونەوەی هەر ریگری-یەک لەبەردەم کارو چالاکی هۆکارەکانی میدیا)).

- دەستەی ناوبراو پێکهاتووە لە (٣٥) ئەندام، کە لەلایەن حکوومەتەوە ڕاسپێردراون بۆ ماوەی سێ ساڵی کارکردن، وە لەناو دەستەکەدا دوو بەشی سەربەخۆ هەن لە دروستکردنی بڕیار، وەک: (دەستەی ئێزگەی سوویدی)، (ئەنجوومەنی پاڵپشتی رۆژنامەوانی)، لەگەڵ ئەنجومەنی ڕاوێژکاری کە بەپێی یاسای سوویدی کە لە پەرلەمان

دەنگی لەسەر دراوە کاردەکەن بەتایبەتی یاسای ئێزگەو تەلەڤزیۆنی سووید (ایریک اولینهاج، ٢٠١٦).

- کاری دەستەی سوویدی بۆ ڕۆژنامەوانی و ئامرازەکانی بینراو و بیستراوە پێکهاتووە لە ((پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنی ئامرازەکانی بینراو بیستراو کارکردنی هۆکارەکانی تری میدیا، هەروەها تۆمارکردن و وەرگرتنی رسوماتی ئامرازەکانی بینراو و بیستراو، سەرپەرشتی کردنی پەخشی رادیۆو تەلەڤزیۆن)) دەستەی ناوبراو، هەڵوێست وەردەگرێ لەبارەی ئەو بابەتانەی تایبەتن بە پەخش و بڵاوکردنەوە بەپێی یاسایساڵی (١٩٩١) بۆ ئازادی رادەربڕین، هەروەها چاودێری بڵاوکراوەکان و زانیاری لەبارەی پێشکەوتنەکانی هۆکارەکانی میدیا دەکەن، وە کاردەکات لەپێناو میدیایێکی کراوەو بەرپرس و گشتگیرو فراوان کە لە خزمەت کۆمەڵگەدا بێ. (پیتر انگلوند، ٢٠٠٩)

- هەروەها لە ڕێگەی (ئەنجوومەنێکی راوێژکاری) کارەکانی پەرەپێدەدات لە رووی پیادەکردنی روون و ئاشکرایی و پاڵپشتی زیاتر بۆ دامەزراوە میدیاییەکان و پاراستنی مافی وەرگرو گوێگر، لەم یاسایانەدا ئاماژە کراوە بە قەدەغەکردن و لێپێچینەوە لە هەر پەیامێکی میدیایی کە خۆی لە دروستکردنی رق و کینەو هەڕەشەو پێشێلکاری بۆ سەر مافی تاک و کۆمەڵگە ببینێتەوە. (epra, 2019)

(ئەنجوومەنی ڕۆژنامەوانی سویدی) (ڕێکخستنی خودی) دامەزراند لە ساڵی (١٩١٦) کە پێکهاتبوو لە ئەنجوومەنی دادوەری، دوو نوێنەری پیشەسازی چاپ و ڕۆژنامەوانی، چەند ئەندامێکی سەربەخۆی بواری میدیا. شایانی باسە میدیاو ڕۆژنامەوانی لە وڵاتی سوید بە دەسەڵاتی سێیەم ناودەبرێ نەک چوارەم چونکە جێگەی متمانەی تەواوە چ لای کۆمەڵگە، وەچ لەلای پەرلەمان و حکومەتەوە.

بڕگەو بەندو مادە یاساییەکانی بواری میدیا لە سوید، هەمیشە لە نوێبوونەوەدان بەپێی گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی کۆمەڵگەکەیان لەلایەک، وە گۆڕانکارییە دەرەکییەکان لەلایەک. چونکە میدیا بە تەواوی لە خزمەتی کۆمەڵگەدایە لە سوید، لە هەمانکاتدا میدیا کارو ڕۆژنامەنووسان بە بەرپرسیارێتی مامەڵە دەکەن لەگەڵ پیشەکەیاندا لەگەڵ ئەوەی بەدواداچوون و لێپرسینەوەی خێرا هەمیشە بوونی هەیە بەپێی یاساو ڕێسا ڕێگەپێدراوەکانی بواری میدیا. (منار الرشوانی، ٢٠١٦)

هەربۆیە چاودێری و ڕێکخستنی میدیا تەنها لە چوارچێوەی (ئەنجوومەنی میدیا) نەمایەوە، بەڵکودواتر چەندین شێوازو ناوی جیای لەخۆ گرت کە هەمیشە لە نوێ بوونەوەدان لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنە هاوچەرخەکان (Sakr. N, 2017)

## باسی سێیەم: دەزگای چاودێری لە دەسەڵاتی سستمی تۆتالیتاری و دیکتاتۆرییەکاندا

دیکتاتۆریەت، ئاماژەیە بۆ سستمی دەسەڵاتێک کە ڕێگە بە تاکێک یان پارتێک دەدات ببێتە خاوەنی هێزو دەسەڵاتێک کە کۆنترۆڵی تەواوی دەوڵەت بکات، بە تەنها خۆی بڕیاردەری جوڵەو هەموو کایە سیاسییەکان بێت تا ئەو ڕادەیەی هەژموونی بەسەر کۆی کۆمەڵگە هەبێ وە ملکەچی ئەو بڕیارانەیان بکات کە لەو لایەنەوە دەردەچێت (محمد محمود ربیع، ل٢٨٥).

لەم سستمەدا، تاک دەبێتە قوربانی بەرژەوەندی دەوڵەت یاخود تاکە کەسێک یان تاکە پارتێک، (کەوا ئازادییەکان و مافی تاک و کۆمەڵگەیان لێ زەوت دەکرێت، کە بەپێی یاسا بۆیان دانراوە. (د. محمود عبدالقادر حاتم، ١٩٨٦، ل٢٢)

تایبەتمەندییەکانی سستمی دیکتاتۆری بریتین لە: نائامادەیی ئۆپۆزسیۆنی ڕێکخراو و میدیا و ڕۆژنامەوانی ئازادو لاوازی دەسەڵاتی یاسادانان و دامەزراوە حکومیەکان، هەروەها دەسەڵات لە دەستی کەسێک یان کۆمەڵە کەسێکی کەمدا کورت دەکرێتەوە، وە لە لاوازی و نائامادەیی دەسەڵاتی یاسادا زۆرجار سوپا دەست لە کاروباری سیاسی وەردەدات. (د. حنان یوسف، ١٩٩٢، ل١٨)

### سستمی دیکتاتۆری:

سستمی تۆتالیتاری، بە واتای ئەو سستمە سیاسییە دێت کە تێیدا تاک دەبێتە قوربانی بەرژەوەندی دەوڵەت یاخود تاکە کەس و تاکە حزب (د. محمد عبدالقادر حاتم، ١٩٨٤، ل٢١).
تۆتالیتاری.. چەمکێکە تایبەتە بەو دەوڵەتانەی کۆنترۆڵی چالاکییەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی.. هتد. لەلایەن تاکە پارتی دەسەڵاتدارەوە دەکرێت، هەموو ئاماژەکانی دیموکراسی بونیان نامێنێ (داریوش أشوری، ١٩٨٤، ل٦٥).

دادگای باڵای ئەوروپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، ئازادی ڕادەربڕینی بە یەکێک لە گرنگترین بابەتەکانی سستمی دیموکراسی لەناو کۆمەڵگەدا لە قەڵەم دەدات، کەواتە کۆمەڵگەی دیموکراسی بێ ئازادانە لە دەربڕینی ئازاد نایەتەبوون، هەر لە ڕێگەی ئازادی ڕادەربڕینەوەوە بۆ پیادەکردنی سەرجەم مافەکانی تاک لە کۆمەڵگەدا جارێکی دی جیاوازی لە نێوان سستمی دیموکراسی و تۆتالیتاریدا دەکرێ. (Huttinge. Alexader. M, 2002, p11)
دەزگای چاودێری میدیایی لە سستمی دیکتاتۆری و تۆتالیتاریدا، لەم جۆرە سستمانەدا حکومەت لەسەر بنەمای بەرژەوەندی تاکە کەسایەتیەک یاخود کۆمەڵە کەسیک پێک دێت کە

حوکمی وڵاتیان لەدەستدایە، سەرجەم کایەکانی وڵات بۆ بەرژەوەندیان بەکاردێنن، هاوکات پەراوێزخستنی بەرژەوەندی وڵات و مافی تاک وکۆمەڵگەکەیان. بێگومان لەم جۆرە حوکمرانیەدا ناوەندەکانی میدیا کۆنترۆڵ کراون، لە ڕێگەی سانسۆر خستنەسەر پەیام و ناوەڕۆکی ئامرازەکانی میدیاو کپ کردنی بەدەستهێنانی زانیاری، یاخود لە ڕێگەی بە مۆڵکایەتی کردنی ئامرازو هۆکارەکانی میدیاییەوە یان لە ڕێگەی دامەزراندنی سەرپەرشتیاری سانسۆڕ لەسەر پەیامەکانی میدیاو ئامرازەکانی، هەروەها ڕێگرتن لە فرەیی کەناڵەکانی بینراو و بیستراو و کۆمینیکەیشن، وە لەم جۆرە سستمانە زیاتر ئەگەری سەپاندنی چەمکی گشتگیری هەیە، هەر بۆیە کاتێ ژمارەی هۆکارەکانی میدیا کەم بن یان زیاتر لەژێر کۆنترۆڵی پارت و دەسەڵاتدا بن میدیایش ناتوانێ ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی ببینێ و دواجار هاووڵاتی زەرەرمەندو بێبەش دەبێ لە بووری میدیایێک کە خواستیێتی. (جون میرل، رالف لوينشتاين، ١٩٩٧، ل ٢٤٨)

سستمی تۆتالیتاری و دیکتاتۆری، پێی وایە، ڕۆڵی ناوەندەکانی میدیا لەوە دایە پشتگیری تەواوی هەموو پێشنیارەکانی دەوڵەت بکات، بەشێوەیەک لە میدیا دەڕوانن کە درێژکراوەو تەواوکەری دەسەڵاتەکانیان بن. (د. محمد بن السعود البشر، ٢٠٠٦، ل٦٣)

- لە سەرجەم وڵاتە تۆتالیتاریەکان دەستەو لیژنەو دامەزراوەی چاودێری میدیا بۆ ئامرازەکانی بینراو بیستراو و بڵاوکراوەکان بوونی هەیە، لە هەر وڵاتەو لەژێر ناو و ناونیشانی جیاوازدا، بەڵام لە بنەڕەتدا بۆ یەک ئامانج دروست بوون، کە سانسۆر دانانە لەسەردامەزراوەکانی میدیا و پەیوەندی کردن، هەروەها ئەو وڵاتانە بە مافی دەوڵەت و دەسەڵاتی دەزانن کە چاودێر بن بەسەر سەرجەم دامەزراوە میدیاییەکاندا، بەپێی یاساو ڕێساکانی وڵاتەکانیان کە لە بنەڕەتدا لەپێناو پاراستن و هێشتنەوەی حوکمڕانی و دەسەڵاتیان یاساو ڕێساکانیان لە دەستووری وڵاتەکانیان چەسپاندووە. لەم وڵاتانەدا یەک جۆر دەزگای چاودێری هەیە ئەویش دەسەڵاتی ناوەندە بەسەر هەموو جومگەکانی ئامرازەکانی میدیادا، بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی سەرجەم بیروڕاکان و نەهێشتنی ڕای جیاواز کە لەگەڵ بیروڕای دەسەڵاتی حوکمڕان یەکانگیر نەبێ. (سعدون الجنابی، ١٩٨١، ل١٨٤)

- لە وڵاتانی دیکتاتۆری و تاک جەمسەری، یاساو ڕێساکانی بواری ڕۆژنامەوانی و میدیا و پەیوەندیکردن، بەجۆرێک داڕێژراوە کە لە بەرژەوەندی مانەوەو پاراستنی دەسەڵات بێ، لادان لێی بە سەرپێچی لە قەڵەم دەدرێ و سزای بۆ دانراوە. (هيثم الفقي، ٢٠١٩)

- بەپێی لێکۆڵینەوەی (لیژنەی پاراستنی ڕۆژنامەوانی نێودەوڵەتی) کە ئاماژەی داوە بە ڕیزبەندی ئەو وڵاتانەی لە جیهاندا کە لەژێر ناونیشانی دەزگای چاودێری و ڕێکخستنی دەزگاکانی میدیا زۆرترین پێشێلکاری میدیا لە شێوەی سانسۆرکردن دەردەکەون و ڕێ و شوێن و سزاکانیان زۆر چڕترو توند دەبێت تا ڕادەی زیندانی کردن و کوشتن و داخستنی دەزگاکان کە لە بنەمادا وەک سنووردانان و چوارچێوەی کاری میدیا دەردەکەون.

- هەر بەپێی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی (لیژنەی پاراستنی ڕۆژنامەوانی نێودەوڵەتی) بۆ ئازادی کاری میدیا و ڕۆژنامەوانی لە ڕێکەوتی (٢٠١٥/٤/٢) ڕیزبەندی ئەو وڵاتانەیان ڕاگەیاند لەسەر ئاستی جیهان کە توندترین ئامرازو شێوازی دەزگای چاودێریان هەیە بەسەر کاری میدیاو ئامرازەکانی پەیوەندی کردن و تەلەڤزیۆن و سۆشیال میدیا، لەژێر ناوی دەستەو ئەنجوومەنی ڕێکخستن و سەرپەرشتیاری ئامرازەکانی بینراو و بیستراودا، لەوانە:

١) کۆریای باکوور
٢) چین
٣) سعوودیە
٤) ئێران
٥) سووریا

### ١) کۆریای باکوور:

یەکەم وڵاتە لەسەر ئاستی جیهان بە پێشێلکردنی مافی ئازادی ڕادەربڕین، دانانی سانسۆر لەسەر چالاکی میدیا لە ڕێگەی دامەزراوەیەکی تایبەت بە چاودێری چالاکی میدیا بە سەرپەرشتی سەرۆک (کیم جونگ اون) بۆ چاودێریکردنی سەرجەم دەزگاکانی میدیا و پەیوەندی کردن و سۆشیال میدیا بەپێی ئەم یاسایەی کە لە سەردەمی حوکمی (کیم ایل سونغ) باپیری سەرۆکی ئێستای کۆریای باکوور دانرابوو، وە سەرجەم هەواڵ و زانیارییە بڵاوکراوەکان لە سەرجەم ئامرازە جیاوازەکانی میدیا لە (ئاژانسی هەواڵی مەرکەزی کۆریا)وە وەردەگیرێ کە دەوڵەت بەڕێوەی دەبات. (W.W.P.F, 2017)

- ئامێری رادیۆو تەلەڤزیۆن کە لە بازاڕەکانی کۆریای باکووردا دەکڕدرێن لەلایەن هاووڵاتییانەوە، پێشتر بەرنامەڕێژکراون بە وەرگرتنی تەنها کەناڵە حکومییەکانی وڵاتەکە.

هەر ئامێرێک مۆری لێ دراوە (الختم) بە ئاگادارکردنەوە بە دەستکاری نەکردنی ئامێرەکە لەپێناو وەرنەگرتنی پەخشی رادیۆو تەلەڤزیۆنی دەرەکی، کە بە تاوان لە قەڵەم دەدرێ بەپێی یاسای وڵاتەکە، کە لەساڵی (٢٠٠٣) دووبارە ڕێنماییەکانی تایبەت بە دەستکاری نەکردنی ئامێرەکانی تەلەڤزیۆن و رادیۆو پەیوەندی کردن بڵاوکرایەوە وە گشتاندنی بۆ کرا بە سەرجەم وڵاتدا کەوا بەپێی ڕێنمایی سەرۆکی پارتی دەسەڵاتدار کەوا دەستبکرێ بە پشکنین لە سەرجەم شارو شارۆچکەو لادێکاندا بەمەبەستی دەست بەسەرداگرتنی هەر ئامێرێکی دەستکاری کراو و دەستگیرکردنی سەرپێچی کەران و سزادانیان. (CNNAsia, 2003)

**٢) چین:**

وڵاتی چین لەگەڵ ئەوەی خاوەن پێشکەوتووترین تەکنەلۆجیای زانیاری و تەکنیکی میدیاییە، بەڵام توانیویەتی تا ڕادەیەکی زۆر کۆنترۆڵی چالاکی میدیا بکات هەر لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووەوە، لەگەڵ ئەوەی وڵاتی چین خاوەنی زۆرترین بڕگەو مادەی یاسایی تایبەت بە میدیا و ئامێرەکانی بینراو و بیستراو و ئامێرەکانی گەیاندن و ژمارەییەوە بەپێی ئاماری مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (٢٠٠٨)، چەندین بەڕێوەبەرایەتی و دەستەو شوێنی جیاوازیان هەیە بۆ هەمان مەبەست (کە چاودێری کردنی دەزگاکانی میدیایە)، لەوانە.. (ئەنجوومەنی گەلی چینی/ وەزارەتی پڕوپاگەندەی حزبی شیوعی چینی- نووسینگەی میدیای ئەنجوومەنی دەوڵەت)، هەروەها زیاتر لە (٦٠) یاسای تایبەتی بە ڕێکخستنی تۆڕی ئینتەرنێت. (uschina.org, 2000)

یەکەم وڵاتە کە زۆرترین هەموارکردنەوەی یاسای میدیا و ئامرازەکانی بینراو و بیستراوی تێدا ئەنجام دەدرێ بەمەبەستی زیاتر کۆنترۆڵکردنی، لەگەڵ ئەوەی زۆرترین و گونجاوترین بڕگەو مادەو یاسای بواری میدیا و پەیوەندیکردنی لەخۆ گرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ جۆرە سەربەخۆییەک لەو بوارانەدا لە وڵاتی چین ناتوانرێ پیادە بکرێ بەهۆی بوونی چاودێری توندو بەردەوام لەلایەن حزبی شیوعی دەسەڵاتدارەوە. (Anthony Lewis, 1964, p195)

لەگەڵ ئەوەی (دەستەی پەیوەندییەکان) دەستەیەکی یاساییە کاری پێدانی مۆڵەت و ڕێکخستنی پەخش و پەیوەندییەکانە لە (هونگ کۆنگ) کە لە ساڵی (٢٠١٢) دامەزرا، لە ڕێگەی تێکەڵکردنی (دەستەی پەخش) و (دەستەی مۆڵەتدانی تەلەڤزیۆن)، کە دامەزراوەیەکی تایبەتە بۆ بەدواداچوون و وردبینی سکاڵای تایبەت بە پەیامی تەلەڤزیۆن وە دەرکردنی ئاگاداری نامەو سەپاندنی سزای مادی و هەتا لەکارخستن. (Supchina, 2017)

بەپێی مەرسومی مۆڵەتدانی رادیۆو تەلەڤزیۆن، ژمارە (١٠٦) و مەرسومی پەیوەندییەکان، ژمارە (٥٦٢) مەرسومی پەخش. (usching, 2000)

- (دەستەی رێکخستنی رادیۆو تەلەڤزیۆن) لە رووی هەیکەلەوە سەربەخۆیە کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی (ofca)یە، بەڵام کاری جێبەجێکردنی لە دەستەی پەیوەندییەکانی حکومیەوە وەردەگیرێ کە سەر بە حکومەت و دەسەڵاتە کە پێکهاتووە لە (کارگێڕی نیشتمانی بۆ رادیۆو تەلەڤزیۆن- (NRTA) لەگەڵ (کارگێڕی نیشتمانی بۆ رۆژنامەوانی و بڵاوکردنەوە- (SARFT) وە (فیلم تەلەڤزیۆن- (SAPPRFT) کە ئاژانسێکی جێبەجێکارە لەسەر ئاستی وەزارەت کە راستەوخۆ سەر بە ئەنجوومەنی دەوڵەتە کە کاری سەرەکی سەرپەرشتی کۆمپانیای خاوەن بەرهەمەکانی رادیۆو تەلەڤزیۆنن. (xinhuanet, 1997)

کە دەسەڵاتی راستەوخۆی هەیە بەسەر ئەو کۆمپانیایانەی کە مولکی دەوڵەتن، وەک (تەلەڤزیۆنی مەرکەزی چینی/ رادیۆی ناشنالی چینی-/ رادیۆی ئینتەرناشیونالی چین)، هەروەها ستۆدیۆکانی سینەما.

- لەگەڵ ئەوانەشدا دەستەی ناوبراو بەپرسە لە چاودێری کردنی هەر بابەتێک کە زەرەر بە حکومەتی چین و پێوەرەکانی کلتوورو مێژوو رۆشنبیری و پیرۆزییەکانی میللەتی چین بن. (Xinhuanet, 1997)

حکومەتی چین لە ساڵی (١٩٨٦) هەستا بە تێکەڵکردنی (دەستەی فیلم) کە سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری و ئێزگەو تەلەڤزیۆن بوو بۆ(وەزارەتی سینەماو رادیۆو تەلەڤزیۆن) لە ساڵی (١٩٩٨) وە دووبارە رێکخستنەوەی وەزارەتی ناوبراو بۆ کردنی بە (کارگێڕی گشتی سینەماو رادیۆو تەلەڤزیۆن) لە ساڵی (٢٠١٣). هەروەها لە هەمان ساڵدا حکومەت بڕیاری دا بە تێکەڵکردنی جارێکی دی (کارگێڕی حکومی ڕادیۆو تەلەڤزیۆن و فیلم) لەگەڵ (کارگێڕی گشتی رۆژنامەوانی و بڵاوکردنەوە) وە کردنی بە (کارگێڕی گشتی رۆژنامەوانی و بڵاوکردنەوەو رادیۆو تەلەڤزیۆن و فیلم). (هارکوت، اليسون، بيكارد روبرت، ٢٠١٥)

هەموو ئەم گۆڕانکاری و تێکەڵکردنانە بەمەبەستی بچووکردنەوەی دەستەو بەشی کارگێڕی چالاکی میدیای تا زیاتر بتوانن کۆنترۆڵی بکەن. لە دواگۆڕانکاری لە بەندو رێساکانی میدیا و ئامرازەکانی بینراو و بیستراو لەمیانەی کۆنگرەی نیشتمانی نوێنەرانی گەلی چینی، حکوومەت بڕیاری دا بە هەڵوەشاندنەوەی (دەستەی باڵای رێکخستنی میدیا) کە کارگێڕییەکی حکومی بوو بۆ بڵاوکردنەوەو رۆژنامەگەری، هەروەها (دەستەی سینەماو رادیۆو تەلەڤزیۆن) کە راستەوخۆ بەستنیەوە بە (کۆنگرەی نیشتمانی چینی-یەوە) کە

راستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی حزبی شیوعی حاکمدا بێ وەک دەستەو بەڕێوەبەرایەتیەکی بچووک بەمەبەستی زیاتر توندکردنی چاودێری بۆ سەر چالاکی میدیاو پەیامی ئامرازەکانی. (Supchina, 2017)

**٣) سعوودیە:**

بە سێیەم وڵات لە قەڵەم دەدرێ لە جیهاندا بە پەیڕەوکردنی چاودێری چالاکی میدیا لە شێوەی سانسۆر بە دانانی دامەزراوەی گەورە کە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و میدیایە لەژێر ناوی (دەستەی ڕێکخستنی میدیای بینراو و بیستراو) کە بە بڕیاری ژمارە (٣٠٢) ساڵی (٢٠١٢) کە وەزیری ڕۆشنبیری و میدیا سەرۆکی دەستەی کارگێڕی یە، کە پێکهاتووە لە پێنج ئەندامی نزیک لە دەسەڵات، لەوانە نوێنەری وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی دارایی، وەزارەتی گەیاندن و پەیوەندییەکان، وەزارەتی ناوخۆ، کەسێکی پسپۆرو ئەکادیمی میدیایی کە ئەندامێتیان بۆ ماوەی سێ ساڵەو یەک جار قابیلی دووبارەکردنەوەیە.
لەژێر چاودێری حاکمی وڵات کە شێوازو ئالیەتی چاودێری توند کرد لە دوای هەموارکردنەوەی یاساو ڕێساکانی میدیای بینراو بیستراو لە نیسانی (٢٠١٤). (Freedomhouse, 2017)

لە پاش گرتنەدەستی دەسەڵاتی شاهانە لە سعوودیە لەلایەن (شا سەلمان) لە ساڵی (٢٠١٥)، گۆڕانکاری کرا لە یاسای ڕۆژنامەوانی ساڵی (٢٠١١) بە بیانووی پاراستنی وڵات لە تیرۆرو پاراستنی بەرژەوەندی وڵات و کە بەڕای (هیومان رایتس وۆچ) لە دوای هەموارکردنەوەی یاسای ناوبراو هەر ڕەخنەیەک دەربارەی ئایینی ئیسلام و دەسەڵاتی حوکمڕان بنەماڵەی شاهانە بە تاوان لە قەڵەم دەدرێت. (جزیرە نت، ٢٠١٥)

هەروەها سعوودیە ڕۆڵی گەورەی بینیوە لە جێبەجێکردن و فەرزکردنی یاساو ڕێسا توندەکانی بەسەر ئامرازەکانی میدیا لەناو (ئەندامانی هاریکاری خەلیجی) لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەسەڵات و نفوزیەوە وەبەدەستهێنانی هەماهەنگی تەواو لەگەڵ وڵاتانی کەنداو رازی بوونی ئەندامانی هاریکاری کەنداو (مجلس التعاون الخليجي) بە پیادەکردنی چاودێری بەردەوام بۆ سەر ئامرازەکانی بینراو و بیستراو بە بیانووی لەناوبردن و کەمکردنەوەی تیرۆر بۆ سەر بەرژەوەندی وڵاتەکانیان. (زاید بوزیان، ٢٠١٦)

شایانی باسە ئازادی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەوانی لە قانونی بنەڕەتی وڵاتی سعوودیە ئاماژە پێ نەدراوە، هیچ برگەو بەندو ماددەیەکیان تایبەت بە ئازادی ڕۆژنامەوانی دانەناوە،

بەڵکو یاسای بڵاوکردنەوەو میدیا ئاماژەیەکی لاوازو لاوەکی پێ کراوە لە چوارچێوەی یاساو شاریعەتی ئیسلامی. (gijn, 2018)

بە هەمانشێوە ئەو هەشت وڵاتەی دی کە ناویان لە ریزبەندی (لیژنەی پاراستنی رۆژنامەوانی نێودەوڵەتی) هاتووە لە زۆرترین و توندترین پێشێلکارییەکان بۆ سەر ئامرازەکانی گەیاندن و پەیوەندی کردن. لە دەستوورو یاسای هەریەک لەو وڵاتانەی لەسەرەوە ناویان هاتووە یاساو ریسای تایبەت بە ئازادی کاری رۆژنامەوانی و میدیا بوونی هەیە، هەروەها بنەما ریساو یاسای رێکخستن و چاودێری ئامرازەکانی بینراو و بیستراویان داناوە هەریەک لەژێر ناوی جیاوازدا، بەڵام لە بواری جێبەجێکردندا لە رێگەی دەزگا داپڵۆسێنەرو سیخوڕییەکانی دەسەڵاتەوە چاودێری چالاکی میدیا دەکەن بەشێوەیەک کە دەچێتە چوارچێوەی سانسۆڕو تەسککردنەوەی ڕای جیاوازو لە قاڵبدانی چالاکی میدیا بەو شێوەیەی کە دەسەڵاتە مۆنۆپۆلەکانی وڵاتەکانیان مەبەستیانە. (مركز العربي للبحوث والدراسات، ٢٠١٨)

**٤) ئێران:**

کۆماری ئیسلامی ئێران، لە دوای شانشینی سعوودیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسراوترین وڵاتن بە پەیڕەوکردنی توندترین شێوازی چاودێری (٢٠٠٦) بۆ سەر ئامرازو کەناڵەکانی بینراو بیستراو و کپکردنی ڕای ئازادو نەهێشتنی ڕای جیاواز. (Cpj, 2010)

پیادەکردنی دەستبەسەراگرتنی چالاکی میدیا لە ئێران، شێوازێکی جیاوازی هەیە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی هاوشێوەی لە چاودێریکردنی چالاکی میدیا، جگە لەوەی هەر میدیاکارو ڕۆژنامەنووسێ لە هەر دەزگایەکی میدیا کە کاردەکەن دەبێ سەر بە دەزگای سیخوڕی دەسەڵات بێ، لە هەمان کاتتدا پەیامی میدیاییان جگە لەوەی دەبێ کە خزمەت بەرژەوەندنی دەسەڵاتی حوکمڕانی بێ، هەروەها دەبێ بە بەرگێکی ئایینی توندڕەودا داپۆشرابێت. (د.کازم معتمد نژاد، ١٩٨٦، ل١٣٨)

وەزیری رۆشنبیری ئێران (علی جەنەتی) لە مانگی شوباتی (٢٠١٥) وتی، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای گەیاندن، ئیتر زەحمەتە بتوانین کۆنترۆڵی هۆکارەکانی میدیا بکەین لە بەربەست دروستکردن بۆ هاتنە ناوەوەی ڕاوبۆچوونەکانیان بۆ سەر کۆمەڵگەی ئێرانی و ڕێگەگرتن لە هاووڵاتی ئێرانی بە وەرگرتن و بینینی کەناڵەکانی میدیای دەرەوەی ئێران. (أخبار مهر، ٢٠١٥)

هەربۆیە دەسەڵاتدارانی ئێران ناچاربوون زۆرترین ژمارەی کەناڵ و ئامرازەکانی رادیۆو تەلەڤزیۆنیان هەبێ بە زمانی جیاواز، بێگومان لەژێر چاودێری توندی دەزگای سیخوڕی ئێراندا. کە تا ئێستا (٣٠) کەناڵی ئاسمانیان کردۆتەوە بە پەخشی (٢٤) کاتژمێر لە رێگەی (١٢) مانگی دەستکردی بیانییەوە، لە کردنەوەی (١٣) پەخشی رادیۆی ئاسمانی رۆژانە کە مەودای پەخشی زۆر فراوانەو بە چەندین زمانی جیهانی بڵاودەبنەوە، لەوانە: ئینگلیزی و عەرەبی و فەڕەنسی و رووسی و ئیسپانی و تورکی و کوردی ئۆردوی. (Frerdomhaouse, 2017)

لەوڵاتی ئێران ئەنجوومەنێکیان هەیە بۆ چاودێری و رێکخستن و مۆڵەتدانی ئێزگەو تەلەڤزیۆن بەناوی (ئەنجوومەنی دامەزراوەکانی ئێزگەو تەلەڤزیۆن- (IRIB، بەپێی مادەی (١٩) لە یاسای ساڵی ١٩٧٩دا پاشان هەمواکردنەوەی بە مادەی (١٧٥) بەپێی دەستووری ئێران، ئەم مادەیە (٦٥) بەند لەخۆ دەگرێ کە هێڵە سەرەکییەکانی دامەزراندن و بنەماکانی کاری ئێزگەو تەلەڤزیۆن لەخۆ دەگرێت، ئەنجوومەنی ناوبراو پێک هاتووە لە (٦) ئەندام، یەکەمیان راوێژکاری سەرۆکی کۆمارە، دوو ئەندامیان ڕاوێژکاری سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەرین، وە دوو ئەندامی ئەنجوومەنی شوران، ئەندامێکی پسپۆڕی میدیایی، واتە هەریەک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی ناوبراو، پلەیەکی سیاسی گەورەیان هەیە لە نیزامی حوکمی دەسەڵاتتدا جگە لە ئەندام بوونیان لە ئەنجوومەنی دامەزراوەکانی ئێزگەو تەلەڤزیۆن، مەرجە کە سەرۆکی ئەم ئەنجوومەنە ئەندامی باڵای دەزگای سیخوڕی کۆماری ئیسلامی ئێران بێ(ساواک) بەپێی وتەی (محمد سرأفراز) سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی ناوبراو لە ئێران. (محمد سرأفراز، ٢٠١٢، ل٤٣-٤٥)

رێکخستنی ئامرازەکانی میدیای ئێرانی لە رێگەی ئاژانسی کۆماری ئیسلامی ئێرانیەوە ئەنجام دەدرێ وە ناوەڕۆک و پەیامی هەموو ئەو کەناڵانە لە رێگەی ئاژانسی ناوبراوەوە تێدەپەڕێ. ئاژانسی کۆماری ئیسلامی ئێران (IRIB) بەناو سەربەخۆیە، بەڵام بە سەرپەرشتی (مورشدی باڵای ئێران) دەبرێ بەڕێوە کە هەڵدەستێ بە دانانی سیاسەتی میدیا بەگشتی و چاودێریکردنیان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ئاسایشی نیشتمانی ئێران لەگەڵ ئاژانسی پەخشی کۆماری ئیسلامی ئێران کە هەڵدەستن بە تۆمارکردن و پاراستنی بابەتە میدیاییەکان و ئامرازەکانی بینراو و بیستراو ئەوانەی کە دژ بە سیاسەتی وڵاتەکەن. کە یارمەتیدەرە بۆ چاودێری کردنی زیاتری چالاکی میدیاو لێپرسینەوەیان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە.

هەروەها پرۆسەی سزادان و داخستنی کەناڵ و لێسەندنەوەی مۆڵەتی کارکردن بەپێی یاسای (ڕێکخستنی رۆژنامەوانی) ساڵی (١٩٨٦) کە لە ساڵی (٢٠٠٠) هەموار کرایەوە کە هەندێ گۆڕانکاری تێدا ئەنجام درا، کە بووە هۆی سەپاندنی چاودێری زیاترو دەستکراوەیی زیاتری دەسەڵات بۆ کۆنترۆڵکردنی چالاکی میدیا. (Washington institute, 2001)

**٥) سووریا:**

کۆماری عەرەبی سووریا ماوەی (٥٠) ساڵە لەژێر چەتری (حالة الطورئ) بۆ پاراستنی ئاسایشی قەومی و بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی لەژێر دەسەڵاتی (حزبی بعثی اشتراکي) کۆی چالاکی میدیاو مافی دەربڕینی ڕای جیاوازی دەستبەسەراگرتووە کە بە (بێ دەنگی پێنووسەکان و ژاوەژاوی چاودێری) وەسف دەکرێ لەناو توێژی رۆژنامەوانی میدیاکاندا. (مساعد بن مبروک الحجیلی، ٢٠١٠)

تا ئێستا وڵاتی سووریا لە توانایی دایە کۆنترۆڵی هەموو جومگەکانی دەسەڵات و کۆمەڵگە ومیدیا بکات لە ڕێگەی دامەزراوە حکومییەکانەوە لەژێر سێبەری دەوڵەت و حزبی دەسەڵاتدار بەپێی مادەی (٨) دەستووری وڵات کە تا ئێستا بەردەوامی هەیە لەگەڵ هەندێ گۆڕانکاری و هەموارکردنەوەی هەندێ بڕگەو مادەی یاسایی کە تەنها ڕواڵەتییەو لە ناوەڕۆکدا بە هەمانشێوەی رابردوو دەسەڵات بە موڵکی حزب و حکومەتی دەزانێ و لەژێر کۆنترۆڵی تەواوی دەسەڵاتداران، وەک: هەموارکردنەوەی یاسای چاپەمەنی ژمارە (٥٠) لە ساڵی (٢٠٠١) هەروەها یاسای یەکێتی رۆژنامەوانانی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٠) کە بە خراپترین یاسای سەندیکای رۆژنامەوانی ئەژمار دەکرێ لە جیهاندا بەڕای (ڕێکخراوی پاراستنی رۆژنامەوانی نێودەوڵەتی) بەهۆی ئەو خاڵ و بەندانەی کە یاساکە لەخۆی گرتووە وەک (دان نەنان بە (رۆژنامەنووسی) وەک پیشەگەر لە رۆژنامەیەکی ئەهلی و تایبەت کار بکات) وە بە تەواوی رۆژنامەنووس دەبێ وەلائی بۆ ئامانجی حزبی دەسەڵاتدار هەبێ.. هتد.

هەروەها مەرسومی تشریعی ژمارە (١٥) ساڵی (٢٠٠٨) تایبەت بە دەزگای گشتی چاپکردن هەموارکراوەتەوە بەشێوەیەک کە چاپکردنی رۆژنامە دەبێ لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی پەروەردەو فێرکردندا) بێ، واتە دەبێ لە چاپخانە حکومییەکان چاپ بکرێن بەمەبەستی چاودێری کردنی تەواو. (SCM, 2010)

هاوکات بەپێی یاسای تایبەت بە ئامرازەکانی بینراو و بیستراو بە ژمارە (٦٨)ی ساڵی (١٩٥١) دەسەڵات مافی چاودێری تەواوی هەیە بەسەر جووڵەو ناوەڕۆکی ئامرازەکانی بینراو و بیستراو، پاشان هەموار کرایەوە بە ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٢) کە ڕێگەی دا بە

کردنەوەی ئێزگەی ئەهلی و بازرگانی تایبەت بە بەرنامەی گۆرانی و مۆسیقاو ریکلام و بەرنامەی کات بەسەربردن (الترفيهيه). کۆنترۆڵکردنی ئامرازەکانی بینراو و بیستراو و چاودێری توندی ناوەڕۆکی پەیامەکانیان هەروەک خۆی ماوەتەوە، دەستبەسەراگرتنی کۆی هەواڵ لە ڕێگەی ئاژانسی هەواڵی سووریا (سانا)، شایانی باسە لە یاسای میدیا و رۆژنامەوانی و چاپەمەنی وڵاتی سووریادا، بڕگەیەک نییە بەناوی (یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری). (مساعد بن مبروك، الحجيلي، ٢٠١٠)

**باسی چوارەم: دەزگای چاودێری میدیایی لە دەسەڵاتی حکومەتی ئینتیقالی دا**

حکومەتی ئینتیقالی (گواستنەوەی دەسەڵات)، دەسەڵاتێکی کاتییە بۆ گواستنەوەی بنەماکانی سستمێکی سیاسی شکست خواردوو بۆ سستمێکی دەسەڵاتی نوێ، وەئەرکی لێپێچینەوەیە لە دەسەڵاتی پێشوو، هاوکات دامەزراندنی بنەماکانی دەسەڵاتێکی دیموکراسی نوێ. حکومەتی ئینتیقالی لە ئەنجامی شۆڕش و راپەڕین یاخود خۆپیشاندانی جەماوەری گەورەو فراوان دێتە ئاراوە ، یان لە ئەنجامی کودەتاو دەستوەردانی دەرەکی دروست دەبێت. (عومەر ئیزەدخا، ٢٠١٨)

بەڕای یاساناسان و شارەزایانی بواری سیاسی و دەوڵەتداری ، حکومەتی ئینتیقالی (راگوزەر)، زاراوەیەکی سیاسییە لە بارودۆخێکی ناسەقامگیری ولاتێکدا دروست دەبێت ، کە نوخبەی سیاسی پەنای بۆ دەبەن بۆ رزگاربوون لە قەیرانی سیاسی و شکستی حکومەت لەپێناو گواستنەوەی دەسەڵات بەرەو باشتر پەنای بۆ دەبەن لەو حاڵەتەی شکستی بەڕێوەبردنی وڵات سەرجەم سێکتەرەکان دەگرێتەوە لەنێویاندا بواری میدیا.

لە بارودۆخی قۆناغی حکومەتی ئینتیقالی لە هەر وڵاتێکدا میدیا بەگشتی و ئامرازەکانی بینراو بیستراو بەتایبەتی زۆرترین بەرکەوتەی هەیە لەگەڵ گۆڕانکارییەکان، لەبەرئەوەی دەبنە دەنگ و رەنگی جەماوەرو رای گشتی، ئاشکراکردنی زانیارییە شاراوەکان و دەرخستنی راستی روداوەکان.

لە قۆناغی گواستنەوەی دەسەڵات، هەندێ جار کەناڵەکانی میدیا دابەش دەبنە سەر دوو بەرە بەهۆی نەبوونی باکگراوندی دیموکراسی کاری میدیایی لە وڵاتدا، بەرەیەکیان لە پشتگیری کردنی دەسەڵاتی شکستخواردووی حکومەتی پێشوو بەردەوام دەبن کە ئەمەش جەماوەر تورە دەکات، بەرەکەی تر پاڵپشتی حکومەتی نوێ دەکەن، هەربۆیە زۆرجار رووبەڕووی پێشێلکاری دەبنەوە، هاوکات لەگەڵ دروستبوونی قۆناغی ئینتیقالی دەسەڵات، میدیا ئازادی زیاتر بەخۆوە دەبینێ لەگەڵ پیادەکردنی رای ئازادو دروستبوونی کەناڵی نوێی بینراو و بیستراو و زۆربوونی چاپ و بڵاوکردنەوە، چونکە زۆرینەی ئەو وڵاتانەی قۆناغی ئینتیقالی دەسەڵات تێدا روودەدات حکومەتە تاکڕەو و نادیموکراسییەکانن. (د. عمرو عباس محبوب، ٢٠١٤)

هاوکات لەو وڵاتانەی بە قۆناغی گواستنەوەی دەسەڵات تێپەڕیون لە حکومەتێکی دیکتاتۆری بۆ دیموکراسی، رەوشی بارودۆخی میدیا تێدا جیاوازە، کە میدیا بتوانێ ئازادی زیاتر بە دەست بێنێ و رۆڵی راستەقینەی خۆی بگێڕێ، بەڵکو لە هەندێ لەو وڵاتانە بە

پێچەوانەوە میدیا رووبەڕووی سانسۆڕو پێشێلکاری زیاتر بوونەوەبەهۆی ناسەقامگیری دۆخی ئەمنی. لەگەڵ ئەوەی کەناڵەکانی میدیا رۆڵی بەرچاویان هەیە لە قۆناغی گواستنەوەی دەسەلات، چونکە دەبنە سەرچاوەی یەکەمی هەواڵ و زانیارییەکان دەربارەی گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە ولاتدا، وەک ولاتانی ئەرجەنتین و بۆلیڤیا لە ئەمەریکای لاتینی، کە بەپێی راپۆرتی (پەیامنێرانی بێ سنوور) بەزرترین پلەی پێشێلکاری و بێ کۆنترۆڵی میدیای بەخۆوە دیوە بەهۆی ناسەقامگیری ئاسایشی ولاتەکانیان.

ولاتی ئەرجەنتین لە ساڵی (١٩٨٢) بە قۆناغی ئینتیقالی دا تێپەڕی لە دوای شکستی حکومەتی سەربازی و گواستنەوەی دەسەلات بۆ حکومەتێکی دیموکراسی لە ساڵی (١٩٨٣)دا.

هەروەها لە ولاتی بۆلیڤیا، سەرکردەی ئۆپۆزسیۆن (جانین ئانیز) حکومەتی ئینتیقالی راگەیاند لە ساڵی ٢٠١٩ بۆ گواستنەوەی دەسەلاتی دیکتاتۆری (مورالیس) بۆ دەسەلاتێکی دیموکراسی لە ولاتدا. (BBC.ARABIC, 2019)

پاشان لەو ولاتانەی ئەفریقیا، کە بە قۆناغی گواستنەوەی دەسەلاتی ئینتیقالیدا تێپەڕین، رەوشی میدیا تا رادەیەک هاوشێوەی ولاتانی ئەمەریکای لاتینی بوو، وەک ولاتانی لیبیاو صۆماڵ و سودان.

بەهۆی ئەوەی لەم ولاتانە میدیا بەگشتی بۆ سالانێکی زۆر لەژێر دەسەلات و چاودێری توندی حکومەتی تاک رەویدابوون، لە دوای شکستی ئەو دەسەلاتانەو گۆڕینی بارودۆخی سیاسی ولاتەکانیان، میدیای ولاتانی ناوبراو نەیانتوانی لەو قۆناغە کاتی و نوێیەدا بە ئازادی و سەربەخۆیی مامەڵە بکەن، بەڵکو تا رادەیەک وەک لایەنگری حکومەتی پێشوو دەردەکەوتن، لەبەرئەوە میدیاکارو رۆژنامەنووسان رووبەڕووی بارودۆخێکی ناجۆرو پەلاماردان دەبوونەوە لەلایەن جەماوەرەوە سزا دەدران. (مصطفى بوجعبوط، ٢٠١٩)

وەک لە ولاتی صۆماڵ بەرادەیەکی بەرچاو روویدا، کە هاوشێوەی دەسەلاتی سەرکوتکەری پێشووی صۆماڵ دەنگی ئازادیان کپ دەکردو کەمترین ئازادیان بەخشی بە میدیا، لە ساڵی (٢٠٠٠) حکومەتی نیشتمانی ئینتیقالیان راگەیاند، بەهۆی هەڕەشەی دەرەکی و ناکۆکی حکومەت و میلیشیا چەکدارەکانی ناوخۆی صۆماڵ بارودۆخێکی ئالۆز دروست بوو کە سەرجەم سێکتەرەکانی ولاتەکەی پەکخستبوو، کە بووە هۆی ئەوەی حکومەتی راگوزەر ماوەیەکی زیاتر بخایەنێ تا ساڵی (٢٠٠٤). (جزيرة نت، ٢٠١٦)

هەروەها لە وڵاتی لیبیا لە دوای (٤٢) ساڵ لە سانسۆر بەسەر میدیای ئەو وڵاتەدا، پاش میدیای حکومەتی نیشتمانی ئینتیقالی لە ساڵی (٢٠١٤) ئامرازەکانی میدیا لەگەڵ ئەوەی ئازادبوون لەژێر سانسۆڕی دەسەڵاتی دیکتاتۆری پێشوو، بەڵام رووبەڕووی پشێوی و بێ کۆنترۆڵی بوونەوە بەهۆی لەناوچوون و خاپووربوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە دەزگاو کەناڵەکانی میدیای فەرمی سەردەمی دەسەڵاتی (معمر القزافی) بەهۆی بە ئامانج کردنی هێرشی ئاسمانی ئەمەریکی، هاوکات لە سایەی حکومەتی ئینتیقالی دا میدیای ئەهلی دروست بوو کە خاڵێکی گەشی قۆناغی ئینتیقالی بوو بۆ میدیا، بەڵام بەڕای چاودێرانی سیاسی، میدیای ئەهلی لە وڵاتی لیبیا ناسەقامگیری زیاتر دروست کرد بەهۆی دروست بوونی ململانێ لەپێناو کۆنترۆڵ کردنی میدیای فەرمی و لایەنگیری گرووپە چەکدارەکان کە نەیانتوانی ببنە دەنگی سەربەخۆی جەماوەرو حکومەتی کاتی نوێ. (عبدالفتاح السنوطی، ٢٠١٨)

لە وڵاتی سودان دوای شکستی حکومەتەکەی (عمر بشیر) لە ئەنجامی شۆڕشی جەماوەری گەلی سودان، کۆبوونەوەی سەرجەم حزبەکانی ئەو وڵاتە لە بەرەیەکدا بەناوی (بەرەی نیشتمانی بۆ گۆڕانکاری) حکومەتی ئینتیقالیان راگەیاند لە (٢٠١٩/٨/٢١)تا ماوەی سێ ساڵ، بە دانانی سەرۆک وەزیرانی نوێ (عبدالله حمدوک)، بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری پێشوو، بنیاتنانی دۆخێکی نوێی سیاسی کە سەرجەم سێکتەرەکان لەخۆ بگرێت، یەکێ لەوانە دۆخی میدیایە کە بەرەو نوێبوونەوە بەدیاردەکەوێت لە رووی ئازادی رادەربڕین و گەشەی میدیا بەگشتی، لەگەڵ ئەوەی میدیا وەک سێکتەرەکانی تری حکومەتی ئینتیقالی سودان بە دۆخێکی ناسەقامگیردا تێدەپەڕێ، بەڵام ئەوەی جیای دەکاتەوە لە وڵاتی صۆماڵ و لیبیا ئەوەیە کە سەرۆکی حکومەتە نوێیەکەی سودان پشتگیری میدیای ئازاد دەکات. (France24, 2019)

بەڕای چاودێرانی سیاسی، سەرکەوتووترین قۆناغی گواستنەوەی دەسەڵات و پێکهێنانی حکومەتی ئینتیقالی، نموونەی وڵاتی (توونس)ـە، بەتایبەتی لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی، لە دوای راپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی چەندین وڵات بە قۆناغی گواستنەوەی دەسەڵات و گۆڕینی سستەمی حکومەتی دیکتاتۆری بۆ دیموکراسی تێپەڕین. حکومەتی ئینتیقالی توونس، لەگەڵ میدیا دەسەڵاتی راگوزەر وادەی داڕشتنەوەی دەستوور، پرسی هەڵبژاردنیان دەستنیشان کرد بە مەبەستی هەرچی زووتر رێکخستنەوەی بنەماکانی کارگێڕی سیاسی وڵاتەکەیان، لەنێویاندا بواری میدیا بوو، کەحکومەتی ئینتیقالی پێشنیازی دامەزراندنی (دەستەی نیشتمانی بۆ چاکسازی میدیا و پەیوەندییەکان) کرد کە لە مانگی ئاداری (٢٠١١)

دامەزرا، کە مەرجی سەربەخۆیی بەڕێوەبردن وهەڵبژاردنی ئەندامەکانیان دانا، پاشان ناوەکەیان گۆڕی بۆ (دەستەی باڵای ئامرازەکانی بینراو و بیستراو) حکومەت بڕیاری سەربەخۆیی و هەرچی زوو دەستبەکاربوونی دەستەی ناوبراوی راگەیاند لەگەڵ پاراستنی مافە مەدەنییەکانیان. (ساره میرش، ٢٠١٢).

نزیکترین حکومەتی ئینتیقالی لە هەرێمی کوردستانەوە، حکومەتی ئینتیقالی عێراقە کە لە (٢٨ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٤) پێکهات لە دوای رووخانی رژێمی بەعس لە ساڵی (٢٠٠٣) بۆ گواستنەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری پێشوو وە گۆڕینی بۆ دەسەڵاتێکی دیموکراسی بە سەرپەرشتی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو دانانی حاکمی مەدەنی (پۆل بریمەر).

پاشان لە ساڵی (٢٠١٢) لە دوای کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی لە عێراق، بووە هۆی دروستبوونی بۆشایی ئەمنی و سەربازی و سەرهەڵدانی چەکدارانی تیرۆریستی داعش، جارێکی تر حکومەتی ئینتیقالی پێکهات بۆ رزگاربوون لەو قەیرانانەی کە سەرجەم سێکتەرەکانی گرتەوە. کەیەکێ لە کارە گرنگەکانی حکومەتی راگوزەری عێراق لە سەردەمی حاکمی مەدەنی (ناوبراو) بواری میدیا بوو، کە دامەزراندنی (دەستەی میدیا و پەیوەندییەکان – الهیئة الاعلام والاتصالات) لیکەوتەوە لە ساڵی (٢٠٠٤) کە لە دەستووری عێراق دا چەسپێنرا. (بەهرۆز جەعفەر، ٢٠١٩)

بەهۆی ئەوەی لە سەردەمی رژێمی پێشوو تەنها میدیای فەرمی حیزبی بەعس لە مەیدان دا بوو رێگە بە دەنگ و رەنگی سەربەخۆو جیاوازو و ناڕازی نەدەدرا، ئەوەی هەبوو لەژێر سانسۆرێکی توندی دەسەڵاتدا بوو، لەبەرئەوە هەر لە دوای رزگاربوونی عێراق لە دەسەڵاتی رژێمی بەعس، بواری میدیا پێش سەرجەم بوارەکانی تر ئازادی بەدەست هێنا هەر لە دامەزراندنی کەناڵەکانی بینراو و بیستراو تا رۆژنامەو چاپ و بڵاوکردنەوە بەڕادەیەکی بێ شومار کە کۆنترۆڵ کردنی بەڕای چاودێرانی میدیایی تا ئێستای لەگەڵدابێ زەحمەتە، بەتایبەتی بەهۆی بوونی فرە مەزهەبی و فرە ئایدۆلۆژی دۆخێکی وا هاتۆتە ئاراوە کە هەر کەسایەتی و مەزهەب و تائیفەیەک دەنگ و رەنگی تایبەت بە بەرژەوەندییەکانی خۆی هەبێ لە رێگەی دامەزارندنی ژمارەیەکی زۆر لە ئامرازو کەناڵەکانی میدیا. (موستەفا سەعدون، ٢٠١٩)

بەڵام (دەستەی میدیا و پەیوەندییەکان) تا رادەیەک توانی کار لەسەر رێکخستنی کەناڵەکانی میدیاو رۆژنامەوانی عێراقی بکات بەهۆی ئەوەی چوارچێوەی یاسایی هەیە، دەتوانرێ بوترێت رەوشی میدیا لە عێراق لە سایەی حکومەتی راگوزەر، مافی ئازادی

رادەربڕین و تا رادەیەک مافە مەدەنییەکانیان بەدەستهێناوە، هاوکات لەژێر سایەی دۆخێکی ناسەقامگیری ئەمنیدا مومارەسەی کاری میدیایی دەکەن بەتایبەتی لەگەڵ سەرهەڵدانی خۆپیشاندانە جەماوەریەکان بۆ بەدەستهێنانی مافە سەرەتاییەکانیان لەبەغداد کەلە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری (٢٠١٩)دەستی پیکرد وە بەردەوامی هەیە تا فراوانبوونی خۆپیشاندانەکان بۆ ناوچەو شارەکانی تری عێراق بۆ گۆرینی دەسەڵات و کۆتایهێنان بە حکومەتی (عادل عبدالمهدی) لە (٢٠١٩/١١/٣٠) وە داواکاری پێکهێنانی حکومەتێکی راگوزەری نوێ لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە، کەمیدیارۆڵی گەورەی بینی لەپشتگیری وهاندان وئاراستەکردنی خۆپیشاندەران بەتایبەتی لە بەغدادی پایتەختی عێراق. (د.حسين علاوى، ٢٠١٩)

لەگەڵ ئەوەی پێکهێنانی حکومەتی ئینتیقالی عێراق بە ناڕاستەوخۆ یاخود بەجۆرێک لە جۆرەکان کاریگەری هەیە لەسەر رەوشی سیاسی و ئابووری هەرێمی کوردستان، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە هەرێمی کوردستان حکومەت و دەسەڵاتی سەربەخۆی خۆی هەیە کارناکاتە سەر دۆخی سەقامگیری هەرێم و ڕەوشی میدیای کوردی، هاوکات کەناڵەکانی ئاسمانی هەرێمی کوردستان بوونەتە سەرچاوەی زانینی تارادەیەک ڕاستی رووداوەکانی شەقامی عێراقی. (عبدالله محمود، ٢٠١٧)

ژمارەیەک لە چاودێرانی سیاسی هەرێمی کوردستان رایان وایە کە بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان قۆناغێکی ئینتیقالییە، بە قۆناغی گواستنەوەی ئەژمار دەکەن لە نێوان دەسەڵاتێکی خۆسەپاندن و بێ موئەسەساتی بەرەو دیموکراسی و فرەیی و بە موئەسەسات کردنی سەرجەم کایەکانی هەرێم لەناویاندا بواری میدیایە کە دەنگ و رەنگی جەماورو کۆی دامەزراوەکان و دەسەڵات و حکومەتی هەرێمی کوردستانە. (ئازا حەسیب قەرەداغی، ٢٠١٣)

لەگەڵ ئەوەی تا رادەیەکی باش فەزای میدیا لە هەرێمی کوردستان فراوانەو ئازادی رادەربڕین بەرقەرارە، بەڵام میدیا لە هەرێمی کوردستان بێ کێشەو کەموکوڕی نییە، شایانی ئاماژە بۆ کردنە حکومەتی هەرێم و دامەزراوە پەیوەندارەکانی بە بواری میدیا، رەوشی میدیایان بە هەند وەرنەگرتووە، لە هەموو قۆناغە جیاجیاکانی حکومەت و کابینە یەک لە دوای یەکەکان لایەنی دەسەڵات کاری لەسەر میدیا نەکردووە، ئەوەی هەیە هەریەک لە خاوەن کەناڵە حزبی و ئایدۆلۆژییە جیاوازەکانن میدیا بەکاردێنن لەپێناو بەرژەوەندییەکانیاندا، بۆ ئەو مەبەستە کەسانی یاسایی و پسپۆڕو ئەکادیمی بواری میدیا بە هەماهەنگی ناوەندە ئەکادیمیەکان و سەندیکای رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندارەکان بە بواری میدیا لە هەوڵی بەردەوام دان بۆ پێکهێنانی دامەزراوەیەکی

فەرمی لەژێر چەتری پەرلەمانی کوردستاندا بێ یاخود سەربەخۆ، بە مەبەستی ڕێکخستن و چاودێری کردنی پەیامی میدیا لەپێناو دروستکردنی میدیایەکی پرۆفیشناڵ لە هەرێمی کوردستان- عێراق. (مەم بورهان قانع، ٢٠١٩)

## باسی پێنجەم: دەزگای چاودێری میدیایی لە وڵاتە عەرەبییەکاندا

دەستەی ڕێکخستنی ئامرازەکانی بینراو و بیستراو لە وڵاتانی عەرەبی ئامرازەکانی بینراو بیستراو لە وڵاتانی عەرەبی، بە سەرچاوەی بنەڕەتی لە قەڵەم دەدرێ بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و هەواڵ و بەرنامەی سەرگەرمی و کات بەسەربردن لەلای جەماوەر.

ئامرازەکانی بینین بەتایبەتی جیادەکرێتەوە لە شێوازەکانی تری میدیا بەوەی جەماوەر بە ئاسانی بەردەستی دەکەوێت و جێگەی زۆرترین متمانەیە لەلایان، بەهۆی ئەوەی راستەوخۆ بە دەنگ و ڕەنگ و وێنە بەردەستە بۆیان، بۆیە هەمیشە تەلەڤزیۆن زۆرترین جەماوەر لەخۆی دەگرێت لەگەڵ ئەوەی بوارەکانی تری گەیاندن بەهۆی پێشکەوتنە خێراکانی تەکنەلۆژیاوە هەمیشە لە زۆربووندان. (زاید بوزیان، ٢٠١٦، ل٣)

لەبەرئەوە هەمیشە زۆرترین چاودێری لەلایەن دەسەڵاتەوە لەسەر پەیامی تەلەڤزیۆنە، بە بەردەوامی بیر لە چۆنێتی ڕێکخستنی و دارشتن و هەموارکردنەوەی یاساو ڕێساکانی دەکەن، هەروەها لە ڕێگەی سەپاندنی سیاسەتی حکومەت و دەستوەردان لە سیاسەت و ناوەڕۆکی پەیامی تەلەڤزیۆنەکان. لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکانەوە، هەندێ لە وڵاتانی عەرەبی هەستان بە چاکسازی لە بنەماکانی میدیا بەتایبەتی بەشی رادیۆو تەلەڤزیۆن بە دامەزراندنی (دەستەی ڕێکخستنی ئێزگەو تەلەڤزیۆن) بە ئامانجی دانانی چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ ئازادکردنی کاری رادیۆو تەلەڤزیۆنەکان وە سەرپەرشتی کردنی بە شێوازێکی نوێ. (د. لیلی عبدالمجید، ١٩٨٤)

- هاندان و پێشخستنی بەرهەمی بینراو و بیستراو لە چوارچێوەی کلتوورو بنەما کۆمەڵایەتیی و دانانی بنەماو ڕێسای نوێ بۆ دامەزراندنی رادیۆو تەلەڤزیۆنی نافەرمی و لەچوارچێوەی قانون و سیاسەتی حکوومەتەکانیان وە هەڵسەنگاندنی کاری کەناڵەکان وە چاودێری و سەرپەرشتیکردنی مەرجەکانی مۆڵەتی کردنەوەی کەناڵی رادیۆو تەلەڤزیۆن. (جزیرە. نت، ٢٠١٨)

ئەو وڵاتانە پێکهاتبوون لە:

- جەزائیر، بەحرین، میسر، عێراق، ئەردەن، کوێت، لوبنان، مۆریتانیا، مەغریب، توونس.(Rugh.w.arab massmedia, 2004)

- لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا، هەندێ خاڵی هاوبەش هەیە لە مێژووی میدیای بینراو و بیستراو کە پەیوەندارە بە ڕەوشی سیاسی ئەو وڵاتانەوە کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدان و دامەزراندنی ئێزگەو تەلەڤزیۆنەوە لەلایەن داگیرکەری

وڵاتەكانیانەوە كە وەك هۆیەك لە هۆكارەكانی زیاتر ژێردەستەبوونی ئەو وڵاتانە هاتەكایەوە لەلایەن داگیركەران وەك، فەڕەنساو بەڕیتانیا. (sen. A, 2011)

- پاشان لە دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆی وڵاتەكانیان، داگیركەرانی وەك، فەڕەنساو بەڕیتانیا بەتایبەتی، دەزگاكانی رادیۆو تەلەڤزیۆنەكانیان دایە دەست حكومەتە نوێیەكانیان، بەشداریان كرد لە دانانی یاساو رێسای میدیا بەگشتی و رادیۆو تەلەڤزیۆن بەتایبەتی، كە پێیانوایە میدیا دروست بووە لەپێناو خزمەتكردن بە وڵات، كە ئەمە هۆكارێك بوو بۆ زاڵ بوون و دەستوەردان لە كاری میدیان، كە بەردەوام دەسەڵاتدارانی وڵات كۆنترۆڵی میدیایان كردبوو بە دانانی چاودێری چالاكی میدیا بەگشتی. (زاید بوزیان، ٢٠١٦).

هەروەك لە سەرەتا ئاماژەمان پێدا، كە لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەكانەوە دەستیپێكرد كە هەندێ لە وڵاتە عەرەبییەكان بڕیاریان دا بە پێداچوونەوەی یاساو رێساكانی تایبەت بە ئامرازەكانی بینراو و بیستراو، دامەزراندنی دەستەی تایبەت بە چاودێری و رێكخستنی رادیۆو تەلەڤزیۆن بەهۆی زۆربوونی ژمارەیانەوە. (د. لیلی عبدالحمید، ١٩٨٤)

- لەو وڵاتانە وەك:

* لبنان لە ساڵی (١٩٩٤) (ئەنجوومەنی نیشتمانی میدیای بینراو بیستراو)ی دانا.

* مەغریب (دەستەی باڵای گەیاندنی بینراو و بیستراو) لە ساڵی (٢٠٠٥).

* ئەردەن (دەستەی میدیای بینراو و بیستراو) لە ساڵی (٢٠٠٢).

* العراق (دەستەی میدیا و پەیوەندیكردن) لە ساڵی (٢٠٠٤).

* مۆریتانیا (دەسەڵاتی باڵای رۆژنامەوانی و بینراو و بیستراو) لە ساڵی (٢٠٠٦).

* توونس (دەستەی باڵای سەربەخۆی گەیاندن و بینراو و بیستراو) لە ساڵی (٢٠١١).

* بەحرێن (دەستەی باڵای میدیا و پەیوەندیكردن) لە ساڵی (٢٠١٣).

* كوێت (دەستەی رێكخستنی گەیاندن و تەكنیكی زانیارییەكان) لە ساڵی (٢٠١٥).

* جەزائیر (دەستەی رێكخستنی بینراو و بیستراو) لە ساڵی (٢٠١٦).

* مصر (ئەنجوومەنی باڵای رێكخستنی میدیا) لە ساڵی (٢٠١٦). (زاید بوزیان، ٢٠١٦)

شایانی باسە دامەزراندنی هەندێ لەو دەستانە كە بۆ رێكخستنی ئامرازەكانی بینراو و بیستراو دروست بوون، لە دوای رووداوەكانی شۆڕشی بەهاری عەرەبییەوە سەریان هەڵدا بەهۆی داواكاری شەقامی عەرەبییەوە، هەروەها بە مەبەستی كپكردنەوەی دەنگی ناڕەزایی، بۆ نموونە: (توونس) لە دوای یەك مانگ لە شۆڕشی توونس بە مەرسوومی وزاری لە ٢ی نۆڤێمبەری (٢٠١١) بڕیار درا بە دامەزراندنی دەستەیەك بۆ رێكخستن و ئازادی زیاتر بە

ئامرازەکانی بینراو و بیستراو لە وڵاتەکەدا، هەروەها لە هەموو ئەو وڵاتانەی ناویان برا دامەزراندنی ئەو دەستانە هۆکاری سەرەکی قەیرانە سیاسییەکان پاڵنەری بوون.

- دوو هۆکاری سەرەکی پاڵنەر بوو لە ئەنجامدانی چاکسازی لە بنەماو یاساو ریسای کاری رادیۆو تەلەڤزیۆن لە وڵاتە عەرەبییەکان و بڕیاردان بە دانانی ئەنجوومەن و دەستەی تایبەت بە ڕێکخستن و پێدانی نیمچە ئازادی بە ئامرازەکانی بینراو و بیستراو. (زاید بوزیان، ٢٠١٦)

١) زۆربوونی کەناڵی ئاسمانی هەواڵی لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکان بەرەو سەرەوە، کە بووە هۆی گۆڕینی وێنەو شێوازی پەخش لە وڵاتە عەرەبییەکان، بەتایبەتی کەناڵی (الجزيرة) کە لەو کاتەدا مەیدانی هەواڵی وڵاتانی عەرەبی داگیر کردبوو کە بە سەربەخۆیی و ئازادی هەواڵەکانی دەگواستەوە کە پێشتر نموونەی نەبوو لە ناوچەکەدا کە زۆرجار بنەماو ناوچە قەدەغەکراوەکانی تێدەپەڕاند کە لەسەر میدیای عەرەبی بەگشتی فەرز کرابوو، کردنەوەی دەرگای گفتوگۆی راستەوخۆ لەنێوان لایەنە سیاسییە دژ بەیەکەکان لە ناوچەکەدا. (جزيره. نت)

کە هەموو ئەمانە بوونە هۆی هێنانەکایەی پێشبڕکێ لە نێوان کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەکان و میدیای حکومی، پاشان حکومەتە عەرەبییەکان پەنایان برد بۆ دامەزراندنی دەزگای ڕێکخستن لە چوارچێوەی یاسایی بۆ بەرەو ئازادکردنی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن وە ڕێگەدان بە دامەزراندنی دەزگای رادیۆو تەلەڤزیۆنی نوێ و تایبەت. (Sakr. N, 2011)

٢) دروستبوونی بەشێک لە دەستەکانی ڕێکخستنی رادیۆو تەلەڤزیۆن، لە دوای شۆڕشی بەهاری عەرەبییەوە ئەنجام درا، وەک وەڵامێک بۆ داوای شەقامی عەرەبی کە شەفافیەت و ئازادی رادەربڕین و هەڵگرتنی کۆت و بەند لەسەر پەیامی میدیا بەگشتی.

ئازادکردنی ئامرازەکانی بینراو و بیستراو، ڕێگەدان بە کردنەوەی کەناڵی نوێ و کەناڵی ئەهلی، بێجگە لەو دوو هۆکارە سەرەکییە، هۆکارێکی لەمێژینەی کەڵەکەبوو لە وڵاتانی عەرەبی (قەیرانە سیاسییەکان) رۆڵێکی گەورەیان هەبوو کە پاڵنەر بوو بۆ حکوومەتە عەرەبییەکان کە قایل بن بەو گۆڕانکارییە میدیاییە لەپێناو خامۆشکردنی بەرهەڵستکاران و مانەوەی خۆیان و دەسەڵاتەکانیان. (curran. J, 2002)

- لێکۆڵینەوەکان ئاماژە دەدەن بە کۆت و بەندی ئابووری و سیاسی کە پێکەوە پێکهاتەی ناوەڕۆکی پەیامی میدیا دیاری دەکەن، بەشێوەیەکی گشتی چاودێری حکومی دەبێتە هۆی دانانی کۆت و بەندی یاسایی بەسەر ئازادی رادەربڕین و ناوەڕۆکی پەیامی میدیا. بەڵام

کۆت و بەندی ئابووری پێداگیری دەکات لەسەر چەندێتی کاریگەری مەسەلەی خاوەندارێتی دامەزراوەکانی میدیا وە هەوڵی بەدەستهێنانی قازانجی مادی لە ڕێگەی ناوەڕۆکی میدیاوە. لەبەرئەوە دامەزراوەکانی رادیۆو تەلەڤزیۆن هەندێ جار ڕێگە خۆشکەرن لە پێدانی پاساو (بە حکومەت) بە سەرپەرشتیکردنی کارو چالاکییەکانیان. هەربۆیە دەستوەردانی حکومەت لە کاری دامەزراوەکانی رادیۆو تەلەڤزیۆن، هەمیشە بە مانای دەستەبەسەراگرتنی ناوەڕۆکی پەیامەکانیان یاخود سەپاندنی سیاسەتی حوکمەت نییە، بەڵکو هەندێ جار بە مەبەستی کاری ڕێکخستن و بەکارنەهێنانیانە لەلایەن خاوەن سەرمایەو کۆمپانیا قازانج ویستەکانەوە، بۆ نموونە لە ئەورووپا. (C-Glasser.T ،Christians, 2009)

دەستوەردانی حکومەت لە ئامرازەکانی میدیای بینراو و بیستراو تا ڕادەیەکی دیاریکراو ڕێگەپێدراوە لە وڵاتە دیموکراسییەکانیش بە مانای ڕێکخستن و هاوکاریکردنیان.

- بەڵام کارابوونی دەستەی ڕێکخستنی ئامرازەکانی میدیای بینراو و بیستراو لە وڵاتانی عەرەبی، دەوەستێتە سەر قەبارەی سەربەخۆیی دەزگاکەو چەندێتی دەستوەردانی دەسەڵات لە ئاراستەکردنی پەیام و سیاسەتی نووسینی دامەزراوەکە، بێگومان ئەمەش لە ڕێگەی وردبینی بنەماکانی ڕێکخستنی دەستەکەو دامەزرێنەرانی، هەروەها ئەو پاساو ڕێسایانەی کە لەسەری بنیات نراون و چەندێتی ڕووبەری ئەو ئازادیەی کە پاسا پێی بەخشیون.

**کە لێرەدا ئاماژە بەو وڵاتە عەرەبیانە و دامەزراوەکانی بینراو وبیستراویان دەدەین لەوانە:**

**١) توونس:**

سەربەخۆیی دەستەکانی بینراو و بیستراو (استقلالیة هیئات السمعي البصري)- بە پێی بنەما ناوخۆییەکانی ڕێکخستنی دەستەی پەیوەندیکردن و بینراو و بیستراو لە جیهانیدا، دەریخست کە ئامرازەکانی گەیاندن پێویستیان بە جیابوونەوەو سەربەخۆیی هەیە لە دەسەڵاتی حکوومەت. (مەروە محجوب، ٢٠١٣)

- بەڕای چاودێرانی میدیایی، دەستەی ڕێکخستنی ئامرازەکانی بینراو و بیستراوی وڵاتی توونس، درووسترین دەستەیە لە رووی پێکهاتەی ئەندامانی کۆنگرەی باڵاو چۆنێتی کرداری هەڵبژاردنی ئەندامەکانی بە بەراوورد بە وڵاتانی تری عەرەبی، کە پێکهاتوون لە (٩) ئەندام یەکیان سەرۆکی دەستەکەیە، لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە هەڵبژێردراوە لە دوای ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ ئەندامانی دەستەکە، ئەندامانی تری دەستە پێکهاتوون لە دوو (دادوەر) کە یەکێکیان

پلەی جێگری سەرۆکی مەجلیسی هەیە، دوانی تریان لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان دادەنرێن، دوو ئەندامی تریان لە کۆمەڵەی ڕۆژنامەوانانی پیشەییە، یەک ئەندامیان سەر بە دامەزراوەکانی پەیوەندی و ئامرازەکانی بینراو و بیستراوە، هەروەها یەک ئەندام لە کۆمەڵەی میدیای پیشەییە.بێجگە لە سەرۆکی دەستەکە، ئەندامی تر هەموویان سەر بە دامەزراوەکانی میدیا و دادوەری و تەشریعین. مەرجە لەسەر کۆی ئەندامان، نابێ پلەو پۆستی تری حکومی و پەرلەمانی و حزبییان هەبێ لەو ماوەیەی کە کار لەم دەستەیەدا دەکەن، کە ماوەی ئەندامێتیان شەش ساڵە، هەروەها مەرجێکی دی لەسەر ئەندامانی دەستە، کەوا نابێ بەرژەوەندی مادی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان هەبێ لەگەڵ دامەزراوە میدیاییەکاندا، ئەندامێتیان تەنها بۆ یەک خولە. (محمد المعمري، ٢٠١٨)

- بەنسبەت حکومەت کە دەسەڵاتی جێبەجێکارە، ڕۆڵی لە دەستەکەدا پلە دووە، کاریگەری نابێ لەسەر دانانی بڕیار لە دەستەی باڵای بینراو و بیستراوی وڵاتی توونس، کە مانگێک دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی توونس بڕیاری لەسەر درا بە مەرسوومی وزاری ژمارە (١١٦) لە دووی تشرینی دووەمی٢٠١١. (مەروە محجوب، ٢٠١٣)

## ٢) مەغریب:

(ئەنجوومەنی باڵای دەستەی پەیوەندییەکان و ئامرازەکانی بینراو و بیستراو) لە وڵاتی مەغریب لە ساڵی (٢٠٠٢) بڕیاری لەسەر درا لەلایەن پاشای مەغریب، بەپێی یاسای ژمارە (٣٧٥) لە ساڵی (٢٠٠٥) چووە بواری جێبەجێکردنەوە، کە پێکهاتووە لە نۆ ئەندام کە پێنج ئەندامیان پاشای مەغریب دایان دەنێ بێجگە لە سەرۆکی ئەنجوومەن، دوو ئەندامیان لەلایەن وەزیری یەکەمەوە دادەنرێن، دوانی تریان دادەنرێن لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان. (زاید بوزیان، ٢٠١٦)

دەسەڵاتی جێبەجێکار لە مەغریب پێکهاتووە لە پاشاو سەرۆکی حکوومەت کە حەوت ئەندامیان بە فەرمانی هەردوولا دادەنرێن، هەروەها مەرسومی دامەزراندنی دەستەکە پاشکۆی دامەزراوەی پاشایەتییە، واتە لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی و فەرمانی پاشاو داروودەستەکەی دایە. (ظهیر شریف، ٢٠١٦)

لە مادەی (٢٥)ی دەستووری وڵاتی مەغریب لە ساڵی (٢٠١١) هاتووە کە هەموو هاووڵاتییەک مافی ئازادی ڕادەربڕینی هەیە بە هەموو شێوەیەک، بەڵام لەو ماوەیەی دوای دەستووری (ناوبراو)، دەسەڵاتی حوکمڕانی چەند یاسایەکی پەسند کرد کە ئازادی ڕادەربڕین خستیە چوارچێوەیەکی دیاریکراو لەوانە یاسای ڕۆژنامەوانی ساڵی (٢٠٠٢) و

یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە ساڵی (٢٠٠٣)، هەروەها یاسای پەیوەندی کردن و بینراو و بیستراو لە ساڵی (٢٠٠٥)، لەم یاسایانەدا سزای دیاری کرا بۆ هەر ڕەخنەیەک کە رووبەڕووی بابەتە پیرۆزەکانی وڵات ببێتەوە لەوانە (نیزامی پاشایەتی و ئایینی ئیسلام و یەکێتی نیشتمان)، هەروەها لە یاسای تایبەت بە پەیوەندیکردن و ئامرازاەکانی بینراو و بیستراوی ساڵی (٢٠٠٥) ئاماژە بەوە دراوە کە نابێ لە ڕێگەی بەرنامەکانی رادیۆو تەلەڤزیۆن و ئامێری پەیوەندیکردنەوە رەخنە لە بابەتە پیرۆزەکانی شانشین بگیرێت و بە تاوان لە قەڵەم دەدرێ و رووبەڕووی سزا دەبنەوە. (جزيرة نت، ٢٠١٦)

### ٣) لبنان:

لە وڵاتی لبنان (ئەنجوومەنی نیشتمانی میدیای بینراو بیستراو) دامەزرا، بەپێی یاسای پەخشی رادیۆو تەلەڤزیۆنی ساڵی (١٩٩٤)، کە پێکهاتووە لە مادەی (١٧-/ ١٨) دامەزراوە، کە پێکهاتووە لە دە ئەندام، کە پێنج ئەندامیان لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیران دەستنیشان دەکرێت، ئەندامانی دی لەلایەن پەرلەمانەوە بەپێی مامەڵەی دامەزراندن و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی دەستووری لبنان، بە لەبەرچاوگرتنی لایەنی تایەفەگەریی (الطائفی)، شایانی باسە ئەم ئەنجوومەنە تەنها رۆڵی راوێژکاری هەیە، بەڵکو هەموو بڕیارەکان لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەدرێت. (ciacchitano, 2017)

### ٤) مۆریتانیا:

(ئەنجوومەنی باڵای رۆژنامەوانی و بینراو و بیستراو) لە مۆریتانیا دامەزرا لە ساڵی (٢٠٠٦) پێکهاتووە لە شەش ئەندام، لە نێوانیاندا ئافرەتێک هەیە، بەپێی یاسای ژمارە (٢٠١٠/-٠٤٥).

کە سەرۆک کۆمار سێ ئەندام دادەنێ لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنەکە، دوو ئەندامی تریان لەلایەن (سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانی)وە دادەنرێ، سەرۆکی ئەنجوومەنی پیران یەک ئەندام هەڵدەبژێرێ. (محمد الراجي، ٢٠١٥).

### ٥) جەزائیر:

(دەستەی رێکخستنی بینراو و بیستراو) لە جەزائیر لە ساڵی (٢٠١٦) دامەزرا بەپێی یاسای ژمارە (١٤/-٠٤)ی ساڵی ٢٠١٤. کە لە نۆ ئەندام پێکهاتووە، کە پێنجیان لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە دادەنرێن، بێجگە لە سەرۆکی دەستەکە، هەروەها دوو ئەندامی تریان

لەلایەن ئەنجوومەنی نەتەوەیەوە دادەنرێن، دوانی تریان لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی و میللی-یەوە دادەنرێت. (د. عبدالمؤمن بن صغير، ٢٠١٦)

**٦) کوێت:**

(دەستەی ڕێکخستنی گەیاندن و تەکنیکی و زانیارییەکان) لە ساڵی (٢٠١٥) دامەزرا، کە پێهاتووە لە (٩) ئەندام، کە پێنج لە ئەندامەکانی لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیران دادەنرێت، بۆ هەر چوار ساڵێک، چوار ئەندامی تریان کە ئەندامی یەکێتی ڕۆژنامەوانی پیشەیین لەلایەن وەزیری گەیاندن دادەنرێن بۆ هەردوو ساڵێ جارێک. (فيصل الدويسان، ٢٠١٥)

**٧) ئەردەن:**

(دەستەی ئەنجوومەنی میدیای بینراو و بیستراو) کە وەزیری یەکەم لە ئەنجوومەنی وەزیران هەڵدەستی بە دانان و هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری دەستەی میدیا.

دەستەی ناوبراو دەسەڵاتی مۆڵەتدان و داخستنی کەناڵەکانی بینراو و بیستراوی پێدراوە، هەروەها دەسەڵاتی وەرگرتنی بڕیاری هەیە لەبارەی سزادان و سڕینەوەی هەندێ ناوەڕۆکی میدیایی، بەڕێوەبەری دەستە کارەکانی ئەنجام دەدات لەژێر چاودێری وەزیری یەکەمی دەوڵەت، بەپێی مادەی (١-/ ٨) لە یاسای کاتی ژمارە (٧١) ساڵی (٢٠٠٢)، بەپێی ئەم یاسایە مۆڵەت دەدرێ بە کردنەوەی پەخشی ڕادیۆو تەلەڤزیۆن لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو مەرجانەی لە یاساکەدا دانراوە کە ڕێگە نەدات بە بڵاوکردنەوەی هەر بابەتێ کە ببێتە هۆی کێشەی تایەفی و نەژادی و لاوازکردنی یەکێتی خاکی نیشتمان و هاندانی تیرۆرو تێکدانی پەیوەندی شانشین لەگەڵ وڵاتانی دیدا، پاشان ئەو یاسایە هەموارکرایەوە لە ساڵی (٢٠١٥) بە یاسای ژمارە (٢٦). (مرصد الاعلام الاردني، ٢٠١٦)

شایانی باسە دەستەی ئەنجوومەنی میدیای بینراو و بیستراو لە ئەردەن پێکهاتووە لە (١١) ئەندام کە لەلایەن پاشای وڵات و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکی پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێن. (سوسن زايدة، ٢٠١٥)

**٨) بەحرێن:**

دامەزراندنی (دەستەی باڵای میدیا و پەیوەندیکردن) لە ساڵی (٢٠١٣) بە یاسای ژمارە (٤٧) وەک دەستەیەکی سەربەخۆ لە بەحرێن دروست بوو، کە کاری سەرپەرشتی و چاودێرییە لەسەر هۆکارەکانی میدیا و پەیوەندی کردن، وەپێدانی مۆڵەت بە کردنەوەی کەناڵی تەلەڤزیۆن. دەستەی ناوبراو پێک دێ لە سەرۆک و جێگرێک و حەوت ئەندامی دی لە کەسانی ئەکادیمی و شارەزا، کە بە فەرمانی پاشای بحرین دادەنرێن بۆ ماوەی چوار ساڵ، یەک خول تازەبوونەوەی کاری ئەندامەکان دەتوانرێ ئەنجام بدرێ، وەدەتوانن بیروبۆچوونیان بخەنە بەردەستی دەسەلآت لەسەر پرۆژە یاسای نوێ و تایبەت بە میدیا و پەیوەندیکردن، هەروەها پێدانی مۆڵەت پێدانی کردنەوەی دامەزراوەی بینراو و بیستراو لە ئەستۆ دەگرن. (اخبار الخليج، ٢٠١٣)

**٩) مصر:**

(ئەنجوومەنی باڵای رێکخستنی میدیا) بۆ رێکخستنی ئامرازەکانی بینراو و بیستراو و رۆژنامەی چاپکراو و ژمارەیی، لە مانگی چواری (٢٠١٧) بەپێی بەندی یاسای رێکخستنی دەزگای رۆژنامەوانی و میدیای ژمارە (٩٢)ی ساڵی (٢٠١٦) دامەزا، پاشان هەڵوەشاندنەوەی ئەم یاسایەو هەروەها یاسای ژمارە (٩٦)ی ساڵی ١٩٩٦" دووبارە رێکخستنەوەی بەندەکانی ئەنجوومەنی ناوبراو بەپێی یاسای نوێی ژمارە (١٨٠) ساڵی (٢٠١٨). کە پێکهاتووە لە (١٣) ئەندام بەپێی بەندی یاسایی، بەڵام دواتر کەمکرایەوە بۆ (٩) ئەندام لەگەڵ دەرچوونی یاسای ژمارە (١٨٠)ی ساڵی (٢٠١٨) لەبارەی رێکخستنی رۆژنامەوانی و میدیا و ئەنجوومەنی باڵای رێکخستنی میدیا. (ماريان سيدهم، ٢٠١٩)

شایانی باسە دەستوی ناوبراو، دەستەیەکی سەربەخۆیە لە رووی کارگێڕی و داراییەوە، کاردەکات لەپێناو رێکخستنی میدیای بینراو و بیستراو و ژمارەیی.

دامەزراندنی دووان لە ئەندامەکان لەلایەن سەرۆک کۆماری مصرەوە هەڵدەبژێردرێ کە یەکێ لەوانە سەرۆکی ئەنجوومەنی ناوبراوە، ئەندامەکەی دی، دەبێ کەسایەتییەکی گشتی بێ و خاوەن شارەزایی بوارەکە بێ، ئەندامانی تری ئەنجوومەکە لەلایەن نووسینگەی ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵدەبژێردرێن، بەبێ بوونی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران.

ئەم ئەندامانە مەرجە کە پێکهاتبن لە ئەندامێکی سەرۆکی ئەنجوومەنی وڵات، سەرۆکی دەزگای پاراستنی پێشبرکێ و نەهێشتنی پاوانخوازی، هەروەها ئەندامێکی نوێنەری دەزگای

نەتەوەیی بێ بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکان، ئەندامێکی سەندیکای سەندیکای ڕۆژنامەوانی و سەندیکای میدیا کە لەلایەن سەندیکاوە دەسنیشان کرابێتن. هەروەها نوێنەری ئەنجوومەنی باڵای زانکۆکان بەهەمانشێوە ئەندام دەبێ لەناو ئەنجوومەنی باڵای ڕێکخستنی میدیا. (محمد نابليون، ٢٠١٩).

ئەنجوومەنی ناوبراو، کاردەکات بۆ پاراستنی ئازادی ڕۆژنامەوانی و میدیا، پاراستنی سەربەخۆی و بێ لایەنی و جۆرایەتیان، نەهێشتنی پاوانخوازی و چاودێری سەرچاوەی پاڵپشتی دامەزراوە میدیاییەکان و دانانی پێوەری پێویستی دڵنیایی بۆ پابەندبوونی ئامرازەکانی بینراو و بیستراو و ژمارەیی بە ئیتیکی ڕۆژنامەوانی و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و پاراستنی مافی وەرگرو پێشێل نەکردنی پیرۆزییەکانیان، هەروەها پلان و بەرنامەی تایبەت بە پەخشی ئامرازەکانی بینراو و بیستراو دەخاتە بەردەست بە پێدانی مۆڵەتی کارکردن و پاشان سەرپەرشتی و بەدواداچوون لەپێناو جێبەجێکردنی مەرجەکانی ئەنجوومەنی ناوبراو بۆ چۆنێتی کارکردنیان، لەگەڵ پێشکەشکردنی نەخشەی سیاسەتی گشتی بەرنامەو کاری ئامرازەکانی بینراو و بیستراو کە بگونجێ لەگەڵ هێلە سەرەکییەکانی یاسایی و تشریعی و کۆمەڵگە بەگشتی (صبري عبدالحفيظ، ٢٠١٨)

## باسی شەشەم: دەزگای چاودێری میدیایی لە عێراق

### دەستەی میدیا و گەیاندنی عێراقی:

دەستەی میدیا و گەیاندن (الهیئة الأعلام والأتصالات) (CMC)، دامەزراوەیەکی سەربەخۆی تایبەتە بە ڕێکخستنی میدیا و پەیوەندیکردن لە عێراق کە لە ساڵی (٢٠٠٤) دامەزرا ، بەپێی مادەی ژمارە (٦٥)ی دەستووری عێراق دەستەیەکی سەربەخۆیە سەر بە هیچ لایەنێکی حکومی و حزبی نییە بەپێی دەستووری عێراقی.

کە هەڵدەستێ بە ڕێکخستن و پێشخستنی میدیا و هۆکارەکانی پەیوەندیکردن لە عێراق بەگوێرەی پێوانە نێودەوڵەتییە نوێیەکان. لەگەڵ ئەوەی حکوومەتی عێراق بەرپرسی ڕاستەوخۆیە لە گەشەپێدان و بەدەستهێنانی سیاسەتی ستراتیجی و هۆکارەکانی پەیوەندیکردن وەدەرکردنی یاساو ڕێساکانی، بەڵام دەستەی میدیا و پەیوەندیکردن هەڵدەستێ بە ڕێکخستنی ئەو سیاسەتە ستراتیژییەو گەشەپێدانی سیاسەتی مەیدانی تایبەت بە بوارەکە وەک لایەنێک و دەستەیەکی سەربەخۆی ڕێگەپێدراو. (Parliament.iq, 2005)

– بەرپرسیارێتی دەستەی میدیا و پەیوەندیکردن (CMC):

* ڕێکخستنی پەخش و تۆڕی پەیوەندیکردن و خزمەتگوزارییەکان کە خۆی دەبینێتەوە لە مۆڵەت و نرخ و بەستنەوەی ناوخۆیی، دیاری کردنی مەرجە بنەڕەتییەکان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری گشتی.

* ڕێکخستنی نەخشەی میدیا و گەشەپێدانی ئامرازەکانی ڕۆژنامەوانی.

* لە ڕووی ڕێکخستنی ئامرازەکانی (بینراو و بیستراو) پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنی کەناڵی نوێ و لۆکاڵی و ئاسمانی ، لەپێناو ڕێکخستنی سیاسەت و کاری میدیان.

* سەپاندنی مەرجی ڕێزگرتن لە ڕای گشتی و پیرۆزییەکانی کۆمەڵگە لە ڕووی جۆراوجۆری نەتەوەو ئایین و مەزهەب.

* بڵاوکردنەوەو گەشەپێدانی سیاسەتی پەیوەندیکردن و میدیا ، دەستنیشانکردنی کەموکورتییەکان و پێشنیارکردنی ڕاوبۆچوونی دروستی یاسایی بۆ حکوومەت و لایەنی پەیوەندیدار بە کاری میدیا و پەیوەندیکردن.

* کارکردن لەسەر گەشەپێدانی ئازادی ڕادەربڕین و هاتنەکایەی میدیای سەربەخۆ لە کۆمەڵگەی عێراقی (CMC, 2006).

## دەزگاکانی چاودێریکردنی میدیایی لە هەرێمی کوردستان:

لە هەموو سەردەم و قۆناغە جیاجیاکانی پێشکەوتن و گەیشتن بە سەقامگیری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بوارەکانی تری ژیان، لە هیچ وڵاتێک و بارۆدۆخ و سەردەمێکدا ئازادی رادەربڕین و میدیای ئازاد بە رەهایی ناتواندرێت بەدەستبێت چونکە ئازادی رادەربڕین و چالاکی میدیا وەک ئازادییە مەدەنییەکانی دی رێژەییەو لەگەڵ قۆناغە مێژووییەکاندا لە هەڵکشان و داکشانی بەردەوام دایە, لەبەرئەوە دەکرێ ئەم هاوکێشەیە بۆ ناوەڕۆک و چالاکی میدیا لە هەرێمی کوردستان بەڕاست بزانین ، چونکە رێژەی ئەو ئازادیە لە سەردەمێک بۆ سەردەمێکی دی و لە هەلومەرجێکی سیاسی وئابوری و کۆمەڵایەتی بۆ هەلومەرجێکی دی گۆڕانکاری بەسەر دادێت.

لە هەرێمی کوردستان رێڕەوی کاری میدیایی جۆرێک لە ئازادی بەخۆوە دیوە، هەر لە قۆناغی دوای راپەرینەوە لە ساڵی ١٩٩١ تاوەکو قۆناغی ئازادکردنی عێراق و قۆناغەکانی دواتر، وە هاتنەکایەی میدیای ئەهلی و بازرگانی لە پاڵ میدیای حزبیدا لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو دامەزراندنی کەناڵی ئاسمانی، گەرچی ئاماژەیەک بوون بۆ فراوانبوونی زیاتری پانتایی کاری میدیاو دەربڕینی رای ئازاد ، لەگەڵ ئاشناکردنی خوێنەرو بیسەرو بینەر بە دوایین گۆڕانکارییە جیهانییەکان وەکو پێویستییەکی سەرەکی ژیانی سەردەمیانەی کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانکارییانەدا هێشتا میدیا لە هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە وەک پێویست رۆڵی ڕاستەقینەی خۆی بەرجەستە بکات بۆ هاتنەکایەی کۆمەڵگەیەکی هاوسەنگ و میانڕەو لەبارەی زۆرێک لە پرسەکانی رۆژەوە.

یەکێک لە بنەماکانی کاری میدیایی (هاوسەنگییە) بە واتای کارکردن لە چوارچێوەی ئێتیک و پرەنسیپە ئەخلاقی و مرۆییەکان وەکو سەنگی راستەقینە بۆ هاتنەکایەی میدیایەکی پەسەندو پرۆفیشناڵ لە دیدو هزری تاکی وەرگردا کە هەموو ئەوانە بەبێ بوونی دەزگایەکی چاودێریکردنی میدیایی رەنگە کارێکی ئەستەم بن و نەتوانن ئامانج و ستراتیژی خۆیان بپێکن. قسەکردن لەسەر زەرورەتی بوونی دەزگایەک بۆ چاودێریکردنی میدیایی بە مانای سنووردارکردنی ئازادی ڕادەربڕین و بەرتەسکردنەوەی ئازادی چالاکی میدیایی نییە ، بەڵکو لەبەرچاوگرتنێکی واقعیانەی دۆخی میدیاییە بەتایبەتی بۆ قۆناغی ئێستای گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیی و سیاسی و ئابوورییەکانە کە دەشێت پێویستمان بەوە هەبێت جۆرێک لە چاودێری و فلتەری ناوەڕۆکی پەیام بۆ کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن (بەتایبەتی) هەبێت وەکو هەنگاوێکی پێویست بۆ رێگرتن لەو ناپیشەیی و نابابەتی بوونەی کە بە بەردەوامی

ڕوودەدەن لە ئەنجامی کەمی شارەزایی و پابەندنەبوون بە ئیتیکی کاری میدیایی و کە تا ڕادەیەک کەناڵەکانی میدیاییان خستۆتە نێو گێژاوێکی گەورەوە لە رووی شێوازی خستنە ڕوو و چۆنیەتی کارکردنیان لەسەر پرس و بابەتەکان بەگشتی، ئەمەش دواجار دەچێتەوە خزمەتی دۆسیەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی کە پێویستە لە ئەگەری بوونی هەر کەموکوڕییەک هەڵوەستەی لەسەر بکرێت.

هەڵبەتە شێوازەکانی چارەسەرکردن یاخود میکانیزمی چۆنیەتی ئیشکردن لەم رووەوە دەشێت لە چەندین لایەنەوە کاری لەسەر بکرێت ، کە گرنگترینیان ئەوەیە سەرەتا لەناوخۆی میدیاکانەوە کار لەسەر بوونی  فلتەری پەیام بکرێت بە پێ ی پێویستی بابەتەکە ،. بەو مانایەی خودی کەسی میدیاکار خۆی پێش هەر کەس و لایەنێکی تر دەبێت چاودێر بێت بەسەر ئەداو چۆنیەتی خستنەڕووی کەسی خۆی بۆ ئەو بابەتانەی پەیوەندی راستەوخۆیان بەو بابەتانەوە هەیە کە پەیوەندارن بە کۆی کۆمەڵگە ، چونکە پەیامی کاری میدیایی پەیامێکی ئەخلاقییەو دەبێت لە چوارچێوەی بەهاکانی خێزان و کۆمەڵگەدا کارپێکراو بێت بەشێوازێک لە دواجاردا بچێتەوە خزمەتی کۆمەڵگە.

میدیای سەرکەوتوو، پێویستی بە ستراتیژو باکگراوندێکی مەعریفی و رۆشنبیری پێشکەوتوو کاریگەرە ، خودی ئەو ستراتیژە بەبێ بوونی فلتەرو چاودێریکردنی بەپێی پێویست, سەرکەوتوو نابێت و ئامانجی خۆی ناپێکێت بۆ گەیشتن بە میدیایەک کە چەقی گۆڕانکارییە گەورەکان تێیدا رەنگدانەوەی هەبێت. کوردستان وەک ناوچەیەکی داگیرکراو و دابەشکراو لە مێژووی خۆیدا بە دەگمەن بۆی هەڵکەوتووە دەسەڵات و خۆبەڕێوەبردن ئەزموون بکات. ئەوەشی هەبووە هێندە کورت مەودا بووە پاشخانێکی کلتوری و کارگێڕی و مێژوویی و سیاسی ئەوتۆی جێنەهێشتووە لە نێویاندا بواری میدیا ، هەروەک خودی کۆمەڵگەی کوردی لە رووی پەرەسەندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە لە سەردەمەکان دواکەوتووە. سەبارەت بە هەرێمی کوردستانی-عێراق سەرکوتکردنی زۆری بەخۆوە دیوە بە درێژایی مێژووی خۆی لە سەرجەم لایەنەکانی ژیاری و مرۆیی دا ، بەتایبەتی بواری میدیا کە تا دوای راپەڕینی خەڵکی کوردستان لە ساڵی (١٩٩١)دا هەرێمی کوردستان خاوەن میدیایەکی سەربەخۆی خۆی نەبوو، لەبەرئەوە میدیای کوردی خاوەن ئەزموونێکی سنووردارە دوای بەدەستهێنانی تا رادەیەک سەربەخۆیی لە دامەزراندن و هاتنەکایەی کەناڵەکانی ئاسمانی تەلەڤزیۆن و بوارەکانی تری میدیا پەرش و بڵاویەکی زۆری

بەخۆوە دیوە تا ئێستا بەردەوامی هەیە, لەبەر ئەو مەبەستانە دامەزراوەیەکی چاودێری میدیایی بۆ چاودێریکردنی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن بە پێویست دەزانین.

هەرچەندە لەگەڵ پێش کەوتنی تەکنەلۆژیا , میدیای کوردی لەهەرێمی کوردستان پێش کەوتنی بەرچاوی بەخۆوە دی لەڕووی ئامرازەکانی تەکنیکی و تەکنەلۆژی یەوە بەتایبەتی ئامرازەکانی تەلەڤزیۆن , بەلام ئەوەی جێگەی هەلوەستەیە نەتوانراوە لە ڕووی ئیتیکی کاری میدیایی شان بەشانی ئەو پێشکەوتنە هەنگاو بنێت بەڵکو بە پێچەوانەوە جێگەی سەرنج وتێبینی یە بەڕای چاودێران وپسپۆرانی بواری میدیا . لەبەرئەوە بوونی دەزگاکانی چاودێریکردنی میدیایی وەک ئەرک وبەرپرسیارێتی کاری میدیایی ورۆژنامەوانی چەندە بۆ بۆ جەماوەر پێویستە بە هەمان شێوە بۆ حکومەت و سستمی بەڕێوەبردن و خودی میدیا پێویستە، چونکە زۆرجار پەیامی کەناڵێک بۆتە کێشە بۆ خودی کەناڵەکەو دەسەلاتی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستاندا ، لەم جۆرە بارودۆخانەدا کاتێ خودی میدیا رەخنەی ئاراستە دەکرێ یاخود هەندێ جار ڕووبەڕوی پێشێلکاری دەبێتەوە ، دامەزراوەیەکی فەرمی سەربەخۆی تایبەت بە میدیا نی یە تا لەڕێگەی ووتەبێژی دامەزراوەکەوە بەرگری لێ بکات ، هەر وەک چۆن لە سەرجەم دامەزراوە فەرمی و نافەرمیەکان لە کوردستان بوونی هەیە ، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە بوونی دەزگایەکی چاودێریکردنی میدیا یان لەژێر هەرناوو ناونیشانێکدا بێت بە پێویست دەزانرێت".

لە ئێستادا لەناو (٢٠٠) ولاتی دنیا کە خاوەنی سستمێکی پێشکەوتووی ماس کەمیونیکەیشنن (الأتصال الجماهیری) تەنها کەمتر لە (٦٠) ولات ئەنجوومەنی بالای میدیا یاخود دەستەی چاودێری و رێکخستنی ئامرازەکانی بینراو و بیستراویان هەیە، کە زۆرینەیان ئەنجوومەن و دەستەو بۆردی ناحکومی رۆژنامەوانی میدیایە، بە نوێنەرایەتی رای گشتی پەیڕەوی جۆرێک لە چاودێری پیشەیی و ئیتیکی دەکەن وە هاوسەنگی لە نێوان ئازادی رۆژنامەوانی و مافی تاک و کۆمەڵگە ڕادەگرن , لەبەرئەوە دامەزراندنی دەزگایەکی هاوشێوە بە ئاستەم نابینرێ لەهەرێمی کوردستاندا , بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی ئەو وولاتانەی کە تارادەیەک لێکچونیان هەبێ لە نێوان پێکهاتەی سیاسی و کۆمەلایەتی کوردستان و ئەو وولاتانەدا تا قابیلی جی بەجێکردن بیت .

لەبەرئەوە دامەزراندنی دەزگای چاودێریکردن وەک هەوڵێکی سەرەتایی بە باش دەزانرێت بێگومان دروست بوونی دەزگای ناوبراو بە پاڵپشتی برگەو مادەی یاسایی میدیایی, قابیلی جێبەجێکردنە لەبەرئەوەی لە یاساکەدا میکانیزمی چۆنێتی دامەزراندنی دەستنیشان دەکرێ کە ئایا سەر بەچ دەسەلاتێکی وەک (یاسادانان , جێبەجێکردن ) بێت

یاخود سەربەخۆ بێت بە دیاریکردنی بودجەی تایبەت بۆی کە کارئاسانی دەکات لە پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی.

توێژەر

# بەشی پێنجەم

## لایەنی پراکتیکی

## چاودێریکردنی میدیایی بۆ کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان

لایەنی مەیدانی توێژینەوە بنەمای هەر توێژینەوەیەکی زانستییە" کە خۆی لە بواری شیکردنەوەی خستنەڕووی ئەو زانیارییانەی کە لە ڕێگەی فۆڕمی ڕاپرسی کۆکراونەتەوە، لێرەدا کۆمەڵێک زانیاری لەبارەی گۆڕاوی نموونەی توێژینەوەکە هەن وەک: (ڕەگەز، تەمەن، پسپۆڕی، شوێنی نیشتەجێ بوون، ئاستی خوێندن)، هەموو ئەمانە ڕۆڵی کاریگەر دەبینن لە کۆکردنەوەی زانیاری تایبەتی و گشتی لەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، وە یارمەتیدەرە بۆ بەدەستهێنانی داتاو زانیاری و ئەنجامی دروست.

بەمەبەستی دەرخستنی تێڕوانینی شارەزایانی بواری میدیا و میدیاکارو ڕۆژنامەوان میدیاکاران لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بەرۆڵ و پێگەی دەزگای چاودێری میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا، توێژەر (راپرسینامە) فۆرمێکی راپرسی ئامادەکرد. پاش دابەشکردنی فۆڕمەکە بەسەر بەرتوێژاندا لە هەریەک لە شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە) دوای بەداتاکردنی وەڵامەکان، لە چوارچێوەی چەند خشتەیەکدا، و بەپێی ریزبەندی و بڕگەکانی ناو راپرسییەکە، ئەنجامەکان دەخەینەڕوو:

**کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە:**

توێژەر لەتوێژینەوەکەیدا بەرنامەی(Statistical Package For Social Science (SPSS[*])

وەک کەرەستەیەکی پێشکەوتووی ئاماری بەکارهێناوە بۆ شیکردنەوەی زانیاری و داتاکانی توێژینەوەکە و گەیشتن بەدەرئەنجام.

---

[*] بەرنامەی (spss) یەکێکە لەو بەرنامە پێشکەوتووانەی بواری ئامار کە بەکاردێت بۆ دروست کردن و شیکردنەوە هەموو داتا و زانیارییەکانی نێوتوێژینەوە زانستییەکان.

## تەوەرەی یەکەم: پرسیارە تایبەتەکان

١- رەگەز سامپلی توێژینەوەکە:

**خشتەی ١ رەگەزی سامپلی توێژینەوەکە**

| ژ | رەگەز | دوبارەبوونەوە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | نێر | ١٤٧ | ٧٥.٣٨ | یەکەم |
| ٢ | مێ | ٤٨ | ٢٤.٦٢ | دووەم |
| کۆی گشتی | | ١٩٥ | %١٠٠ | |

ئەنجامەکان ئەوە رووندەکەنەوە، کە زۆربەی بەرتوێژانی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی (نێر)ن و (پلەی یەکەم)یان وەرگرتووە، بە رێژەی لە (%٧٥.٣٨)، و کۆی بەشداربووان ژمارەیان (١٤٧) کەس بووە. ئەوانیتر لەتوخمی (مێ)ن و بە (پلەی دووەم) هاتوون، لە ریزبەندیی ئەگەرەکاندا، کە ژمارەیان (٤٨) بەرتوێژ بووە و رێژەی (%٢٤.٦٢)ی بەشداربوان پێکدێنن.

ئەمەش ئەوە دەسەلمێنی کە زۆربەی زۆری راگەیاندکاران و میدیاکاران لەناو دەزگا و کەناڵەکانی میدیادا لە رەگەزی (نێر)ن.

٢- تەمەنی سامپلی توێژینەوەکە:

**خشتەی٢ تەمەنی سامپڵی توێژینەوەکە**

| ژ | تەمەن | دوبارەبوونەوە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | (٢٥-٣١) | ٨٦ | ٤٤.١ | یەکەم |
| ٢ | (٣٢-٣٨) | ٧٥ | ٣٨.٤٦ | دووەم |
| ٣ | (٣٩-٤٥) | ١٩ | ٩.٧٤ | سێیەم |
| ٤ | زیاتر لە (٤٥) | ١٥ | ٧.٦٩ | چوارەم |
| کۆی گشتی | | ١٩٥ | %١٠٠ | |

خشتەی سەرەوە ئەوەمان بۆ رووندەکاتەوە، کە زۆربەی بەرتوێژان تەمەنیان لە نێوان (٢٥-٣١) ساڵدایە، کە پلەی یەکەمی بەشداربووانیان وەرگرتووە، هەروەها ئەوانەی پلەی دووەمیان وەرگرتووە تەمەنیان لە نێوان (٣٢-٣٨) ساڵدایە، هەروەکو ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (٣٩-٤٥) ساڵدایە پلەی سێیەمیان وەرگرتووە. لە بەرامبەردا ئەوانەی کە تەمەنیان لە (٤٥) ساڵ زیاترە، کەمترین رێژەیان هەیەو لە پلەی چوارەمدان.

ئەوە روونیدەکاتەوە، کە زۆربەی بەشداربووان تەمەنێکی گەنجیان هەیە لە هەردوو گروپی (٢٨-٣٣) ساڵ و گروپی (٣٣-٣٧) ساڵدان.

٣- شوێنی نیشتەجێبوون سامپلی توێژینەوەکە:

**خشتەی ٣ شوێنی نیشتەجێبوونی سامپڵی توێژینەوەکە روونده‌کاتەوە**

| ژ | شوێنی نیشتەجێبوون | دوبارەبوونەوە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | ٨٢ | ٤٢.٠٢ | یەکەم |
| ٢ | سلێمانی | ٦٩ | ٣٥.٣٨ | دووەم |
| ٣ | دهۆک | ٢٦ | ١٣.٣٣ | سێیەم |
| ٢ | هەڵەبجە | ١٨ | ٩.٢٣ | چوارەم |
| کۆی گشتی | | ١٩٥ | %١٠٠ | |

لە خشتەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ روونده‌بێتەوە کە توێژەر توانیویەتی لە هەر چوار پارێزگاکەی کوردستان کەسانی میدیاکار و راگەیاندنکار وەک سامپڵ وەربگرێت، هەولێر بە پلەی یەکەم بە رێژەی (%٤٢.٠٢) سلێمانی بە پلەی دووەم و بە رێژەی (%٣٥.٣٨) و دهۆک بەپلەی سێیەم بە رێژەی (%١٣.٣٣) و هەڵەبجە بەپلەی چوارەم و بەرێژەی (%٩.٢٣).

لەبەر بوونی زۆری کەناڵی میدیایی لە شاری هەولێر بۆیە رێژەیەکی زۆری سامپڵەکە وەرگیراوە لەبەرانبەر شارەکانی تر کوردستاندا.

٤- ئاستی خوێندنی سامپلی توێژینەوەکە:

**خشتەی ٤ بڕوانامەی سامپڵی توێژینەوەکە روونده‌کاتەوە**

| ژ | بڕوانامە | دوبارەبوونەوە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەکالۆریۆس | ٧٤ | ٣٧.٩٤ | یەکەم |
| ٢ | دبلۆم | ٥٤ | ٢٧.٦٩ | دووەم |
| ٣ | ئامادەیی | ٥١ | ٢٦.١٥ | سێیەم |
| ٤ | دبلۆمی باڵا | ٧ | ٣.٥٨ | چوارەم |
| ٥ | ماستەر | ٨ | ٤.١ | پێنجەم |
| ٦ | دکتۆرا | ١ | ٠.٥ | شەشەم |
| کۆی گشتی | | ١٩٥ | %١٠٠ | |

زۆرینەی بەرتوێژوان هەڵگری بڕوانامەی (بەکالۆریۆس)ن، کە (پلەی یەکەم)یان هەیە، بەرێژەی لە (%٣٧.٩٤)، هەروەک دواتر هەڵگرانی بڕوانامەی (دبلۆم) بە (پلەی دووەم) دێن،

که له (٢٧.٦٩%)، هەڵگری بڕوانامەی (ئامادەیی)ن، که (پلەی سێیەم)یان هەیە، بەرێژەی له (٢٦.١٥%)، هەروەک دواتر هەڵگرانی بڕوانامەی (دبلۆمی باڵا) به (پلەی چوارەم) دێن، که له (٣.٥٨%)، هەڵگری بڕوانامەی (ماستەر) (پلەی پێنجەم)یان هەیە، بەرێژەی له (٤،١%) هەروەها (هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا) به کۆتا پلەی ریزبەندیەکه دێن، بەرێژەی له (٠.٥%)ی بەشداربووانی راپرسییەکه پێکدێنن.

زۆرینەی بەرتوێژان خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆسن، بەهۆی بوونی بەش و کۆلێژی بواری میدیا له زۆرینەی زانکۆ حکومی و ئەهلییەکان له ماوەی (١٠) ساڵی ڕابردوودا که ساڵانه ژمارەیەکی بەرچاو دەبنه هەڵگری بڕوانامەی بەشه جیاوازەکانی بواری میدیا، که زۆرینەیان له مەیدانی چالاکی میدیادا دەست بەکارن که دابەش بوون بەسەر کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن و دامەزراوەکانی تری میدیادا.

٥- پیشەی سامپلی توێژینەوەکه:

**خشتەی ٥ پیشەی سامپڵی توێژینەوەکه**

| ژ | پیشه | دوبارەبوونەوە | % | پله |
|---|---|---|---|---|
| ١ | رۆژنامەوان | ١١٤ | ٥٨.٤٦ | یەکەم |
| ٢ | میدیاکار | ٧٢ | ٣٦.٩٢ | دووەم |
| ٣ | مامۆستا و پسپۆری میدیا | ٩ | ٤.٦١ | سێیەم |
| | کۆی گشتی | ١٩٥ | %١٠٠ | |

زۆرینەی بەرتوێژان له (رۆژنامەوان)ن، که (پلەی یەکەم)یان هەیه و بەرێژەی (٥٨.٤٦%) دواتر به (پلەی دووەم) بەشداربووان (میدیاکار)ن، بەرێژەی (٣٦.٩٢%) هەروەها مامۆستا و پسپۆڕی میدیا (پلەی سێیەم)ی ریزبەندییەکه هاتوون و بەرێژەی (٤.٦١%)٠

## تەوەرەی دووەم: پرسیارە سەرەکییەکان

١- ئاستی تەماشاکردنی کەناڵە ئاسمانییەکان:

**خشتەی ٦ ئاستی تەماشاکردنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕووندەکاتەوە**

| ژ | سەیری کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان | دوبارەبوونەوە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەڵێ | ١٦٨ | ٨٦.١٥ | یەکەم |
| ٢ | نەخێر | ٢٧ | ١٣.٨٥ | دووەم |
| کۆی گشتی | | ١٩٥ | %١٠٠ | |

ئەم ئەنجامە ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە زۆرینەی بەرتوێژان بە (بەڵێ) وەڵامی پرسیارەکەیان داوەتەوە و لە پلەی یەکەمدا دێن، بەرێژەی (%٨٦.١٥) و بەوانەی بە (نەخێر) وەلامیان داوەتەوە بە پلەی دووەم دێن و بەڕێژەی (%١٣.٨٥). ئەوە ئەنجامەی سەرەوە ڕاستەوانە لەگەڵ بەرتوێژان و سامپڵی توێژینەوەکە دەگونجێت چونکە بەشێوەیەکی گشتی میدیاکاران و ڕۆژنامەوانان هەوڵی وەرگرتنی زانیاری بەردەوام دەدەم لە کەناڵەکان.

٢- ماوەی چەند کاتژمێر ڕۆژانە سەیری کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی کوردی دەکەی؟

**خشتەی ٧ کاتژمێری ڕۆژانەی سەیرکردنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕووندەکاتەوە**

| ژ | سەیری کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان | دوبارەبوونەوە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | لە (٢ بۆ٤) کاتژمێر | ٨٣ | ٤٩.٤٠ | یەکەم |
| ٢ | لە (٤) کاتژمێر زیاتر | ٥٨ | ٣٨.٥٢ | دووەم |
| ٣ | کەمتر لە دوو کاتژمێر | ٢٧ | ١٦.٠٧ | سێیەم |
| کۆی گشتی | | ١٦٨ | %١٠٠ | |

لە خشتەی سەرەوەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێ، کە زۆرینەی بەرتوێژان لە (٢ بۆ ٤) کاتژمێر سەیرکردنی کەناڵە ئاسمانییە کوردیەکان وەڵامی پرسیارەکەیانداوەتەوە و بە پلەی یەکەمدا دێن، بەرێژەی (%٤٩.٤٠) و ئەوانەی بە (٤) کاتژمێر زیاتر) وەڵامیان داوەتەوە بە پلەی دووەم دێن و بەڕێژەی (%٣٨.٥٢). کۆتا سامپڵی توێژینەوەکە بە (کەمتر لە دوو کاتژمێر) وەلامیان داوەتەوە بە ریژەی (%١٦.٠٧) ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە سامپڵی توێژینەوەکەمان زیاتر و زۆرتر سەیری کەناڵە تەلەفزیۆنە کوردییەکان دەکەن.

لەبەرئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژان کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنیان بە یەکەم سەرچاوەی بەدەستهێنانی زانیاری داناوە.

٣- سەیری چ بەرنامەیەک لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەکەی؟

**خشتەی ٨ سەیرکردنی بەرنامەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان رووندەکاتەوە**

| ژ | سەیری چ بەرنامەیەک لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەکەی | دوبارەبوونەوە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەرنامەی سیاسی | ٦٧ | ٣٩.٨٨ | یەکەم |
| ٢ | بەرنامەی وەرزشی | ٣٢ | ١٩.٠٤ | دووەم |
| ٣ | بەرنامەی ئابوری | ٢٣ | ١٣.٦٩ | سێیەم |
| ٤ | کات بەسەر بردن | ٢٠ | ١١.٩٠ | چوارەم |
| ٥ | بەرنامەی کۆمەڵایەتی | ٩ | ٥.٣٥ | پێنجەم |
| ٦ | هیتر | ٩ | ٥.٣٥ | پێنجەم |
| ٧ | بەرنامەی ئاینی | ٨ | ٤.٧٦ | شەشەم |
| | کۆی گشتی | ١٦٨ | %١٠٠ | |

زۆرینەی بەرتوێژان، هاوڕان لەسەر ئەوەی کە بەرنامە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستاندا زۆرینەی ژیانیان بردووە بۆیە بە پلەی یەکەم هاتووە بە رێژەی (٣٩.٨٨ %) هاتوون، و بەرنامە وەرزشییەکان بە پلەی دووەم دێن بە رێژەی (١٩.٠٤%)، بەپلەی سێیەمیش سەیرکرنی بەرنامە ئابورییەکان دێن بە رێژەی (١٣.٦٩%) پلەی چوارەم کات بەسەر بردن و بەرێژەی (١١.٩٠%)، پلەی پێنجەم بەرنامەی کۆمەڵایەتییەکان و هەڵبژاردەی (هیتر) بەرێژەی (٥.٣٥%) و کۆتا بەرنامەش بەرنامە ئاینییەکانن بە رێژەی (٤.٧٦%).

بەهۆی بوونی قەیرانی جۆراوجۆرو بەردەوام لە هەرێمی کوردستاندا وە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە کەناڵە هەواڵییەکان وای کردووە کە بینەر هەمیشە بەدوای نوێترین هەواڵ و بەرنامەی سیاسیدا بگەڕێ بە مەبەستی زانینی نوێترین زانیاری دەربارەی چارەسەری قەیرانەکان کە کاریگەری بەرچاویان هەیە لەسەر بارودۆخ و ژیانی جەماوەر، ئەمە وایکردووە زۆرترین ژمارە بینەری بەرنامە سیاسییەکان بن.

٤- تا چەند ناوەڕۆکی ئەو بەرنامانە بە گونجاو دەزانی؟ لە ڕووی ئیتیکی میدیایی یەوە؟

**خشتەی ٩ گونجاوی ناوەڕۆکی بەرنامە تەلەڤزیۆنیەکان دەخاتە روو**

| ژ | ئەگەرەکان | دوبارەبوونەوە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | زۆر | ٦٨ | ٤٠.٤٧ | یەکەم |
| ٢ | کەم | ٥٧ | ٣٣.٩٢ | دووەم |
| ٣ | تاڕادەیەک | ٤٣ | ٢٥.٥٩ | سێیەم |
| کۆی گشتی | | ١٦٨ | %١٠٠ | |

زۆرینەی بەرتوێژان، هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئەو بەرنامانەی پەخش و بڵاودەکرێنەوە لە کەناڵەکانی هەرێمی کوردستاندا گونجاون لە ڕووی ئیتیکی کاری میدیایی کە بە پلەیەک هاتووە بە ڕێژەی (%٤٠.٤٧)یان تا ڕادەیەک بە گونجاو دەزانرێ بە پلە دوو هاتووە بەڕێژەی (٢٥.٥٩)، بەڵام بەرتوێژان پێیان وایە ناوەڕۆکی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆن گونجاو نین بە ڕێژەی (%٣٣.٩٢) کە پلە دوو هاتووە تا رادەیەک بە پلە سێ هاتووە بە ڕێژەی (%٤٠.٤٧).

ئەمەش پەیڕەونەکردنی بنەماکانی ئیتیکی میدیایی لە پەیام و ناوەڕۆکی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن پیشا دەدات کە لەلایەن ژمارەیەکی بەرچاو لە کەناڵەکان بە هەند وەرنەگیراوە.

٥- تا چەند هەست دەکەی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن، زیادەڕۆیی دەکەن لە ناڕاستی زانیاریەکان و چوونە نێوژیانی تایبەتی کەسەکاندا؟

**خشتەی ١٠ زیادەڕۆیی و زانیاریەکان و چوونە نێو ژیانی تایبەتی کەسەکان ڕووندەکاتەوە**

| ژ | ئەگەرەکان | دوبارەبوونەوە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | زۆر | ٩٠ | ٥٣.٥٧ | یەکەم |
| ٢ | تاڕادەیەک | ٥٤ | ٣٢.١٤ | دووەم |
| ٣ | کەم | ٢٤ | ١٤.٢٨ | سێیەم |
| کۆی گشتی | | ١٦٨ | %١٠٠ | |

زۆرینەی بەرتوێژان، هاوڕان لەسەر ئەوەی کە زۆربەی بەرنامەکانی ناو کەناڵەکان زیادەرۆیی و ناراستی هەواڵ و چوونە نێو ژیانی تایبەتی کەسەکانیان بەروونی پێوە دیارە

و بۆیە ئەگەری (زۆر) بە ڕێژەی (٥٣.٥٧%) لەپلەی یەکەمدایە و تارادەیەم بە ڕێژەی (٣٢.١٤%) بەپلەی دووەم هاتوو و کەم بەڕێژەی (١٤.٢٨%) لە کۆتا پلەدایە.

٦- نارروونی و نادروستی زانیارییەکان لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن بۆچی دەگەڕێنیەوە؟

**خشتەی ١١ هۆکاری ناروونی و نادروستی زانیارییەکان لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن ڕووندەکاتەوە**

| ژ | ئەگەرەکان | دوبارەبوونەوە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | لاوازی لە چاودێریکردنی میدیایی بەتایبەتی (تی ڤی) | ٦٠ | ٣٥.٧١ | یەکەم |
| ٢ | ئاستەنگی سیاسی | ٤٨ | ٢٨.٥٧ | دووەم |
| ٣ | پەرتەوازەیی میدیا و میدیاکاران | ٢٤ | ١٤.٢٨ | سێیەم |
| ٤ | دەستەبەرنەبوونی مافی دەستگەیشتن بەسەرچاوەکانی زانیاری | ٢٣ | ١٣.٦٩ | چوارەم |
| ٥ | هۆکاری دیکە | ١٣ | ٧.٧٣ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ١٦٨ | %١٠٠ | |

زۆرینەی بەرتوێژان، هاوڕان لەسەر ئەوەی لاوازی یاساو چاودێریکردنی میدیایی بەتایبەتی (تی ڤی) بەپلەی یەکەم هاتووە و بە ڕێژەی (٣٥.٧١%)، هەروەها ئاستەنگی سیاسی بە پلەی دووەم بۆ ئەوەی ناروونی و نادروستی زانیارییەکان لەکەنالەکانی تەلەفزیۆنیدا دەزانن کە بە بەرێژەی (٢٨.٥٧%) هاتوە ئەگەری پەرتەوازەیی میدیا و میدیاکاران بەپلەی سێیەم و بەرێژەی (١٤.٢٨%) و دەستەبەرنەبوونی مافی دەستگەیشتن بەسەرچاوەکانی زانیاری بەرێژەی (١٣.٦٩) بەپلەی چوارەم و کۆتا پلەش هەموو ئەو ئەگەرانەی سەرەوەو هۆکاری دیکە بەرێژەی (٧.٧٣%) هاتووە.

زۆرینەی بەرتوێژان هاوڕان لەسەر بوونی کەموکوڕی و لاوازی لە یاسا بەرکارەکانی بواری میدیاو جێبەجێ نەکردنی یاسای بەدەستهێنانی زانیاری کە بۆتە هۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری ناڕاست، کە لایەنی سیاسی بە هۆکارە دەزانن لەو ڕووەوە.

٧- ئایا چاودێریکردن و فلتەرکردنی پەخشی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لە کوردستان پێویستە؟

**خشتەی ١٢ پێویست بوونی و فلتەرکردنی پەخشی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لە کوردستان ڕووندەکاتەوە**

| ژ | ئەگەرەکان | دوبارەبوونەوە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەڵێ | ١٤١ | ٨٣.٩٢ | یەکەم |
| ٢ | نەخێر | ٢٧ | ١٦.٠٨ | دووەم |
| کۆی گشتی | | ١٦٨ | %١٠٠ | |

زۆرینەی بەرتوێژان، هاوڕان لەسەر ئەوەی کە بەڵێ چاودێریکردن و و فلتەرکردنی پەیامی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لە کوردستان پێویستە بە ڕێژەی (%٨٣.٩٢) هاتووە لە پلەی یەکەمدان لەبەرامبەر بەرێژەی (١٦.٠٨) بە نەخێر لایان پێویست نیە و بەپلەی دووەم دێن. لەبەرئەوەی ناوەڕۆکی پەیامی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن خواست و ئارەزووی جەماوەر بەڕادەیەکی کەم پڕ دەکاتەوە، زۆرینەی بەرتوێژان لە پەیام و چالاکی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن ڕازی نین.

٨- نەبوونی دەزگای چاودێریی لە هەرێمی کوردستان، تا چەند پەرتەوازەیی لە کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن دروست کردووە؟

**خشتەی ١٣ پەرتەوازەیی لە کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن ڕووندەکاتەوە لە نەبوونی دەزگای چاودێریی میدیایی**

| ژ | ئەگەرەکان | دوبارەبوونەوە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | زۆر | ١١٥ | ٦٨.٤٥ | یەکەم |
| ٢ | کەم | ٣٢ | ١٩.٠٤ | دووەم |
| ٣ | تارادەیەک | ٢١ | ١٢.٥ | سێیەم |
| کۆی گشتی | | ١٦٨ | %١٠٠ | |

زۆرینەی بەرتوێژان، هاوڕان لەسەر ئەوەی کە نەبوونی دەزگای چاودێریی لە هەرێمی کوردستان، بووەتە هۆی پەرتەوازەیی لە کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن ئەگەری (زۆر) بەرێژەی

(٦٨.٤٥%) و بەپلەی یەکەم هاتوون لەبەرامبەر (کەم) بەرێژەی (١٩.٠٤%) کە پلەی دووەمی هێناوە و (تارادەیەک) رێژەی (١٢.٥%) کۆتا پلە هاتووە.

زۆرینەی بەرتوێژان ڕاوبۆچوونیان وایە کە پێویستە دەزگایەک هەبێ بۆ رێکخستنی کارو چالاکی میدیایی ، بەتایبەتی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن، چونکە هەر کەناڵەو سیاسەت و پرۆگرام و بەرنامەی بەپێی بەرژەوەندی خۆی پیادە دەکەن کەمتر لە خزمەت جەماوەرو کۆمەڵگەدان.

٩- لە نەبوونی دەزگای چاودێری میدیایی لە هەرێمی کوردستان، کێ زەرەرمەند دەبێت؟

**خشتەی ١٤ لە نەبوونی دەزگای چاودێری میدیایی لە هەرێمی کوردستان، رادەی زیان و زەرەر روونەدەکاتەوە**

| ژ | ئەگەرەکان | دوبارەبوونەوە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دەزگاکانی میدیا | ٩٣ | ٥٥.٣٥ | یەکەم |
| ٢ | رۆژنامەنووسان | ٤٧ | ٢٧.٩٧ | دووەم |
| ٣ | هاولاتی | ١٧ | ١٠.١١ | سێیەم |
| ٤ | یاخود نەبوونی دەبێتە گرفت بۆ هەمووان | ١١ | ٦.٥٤ | چوارەم |
| کۆی گشتی | | ١٦٨ | %١٠٠ | |

لە خشتەی سەروەدا زۆرینەی بەرتوێژان، هاوران لەسەر ئەوەی کە لە نەبوونی دەزگای چاودێری میدیایی لە هەرێمی کوردستان، دەزگاکانی میدیا بە پلەی یەکەم زەرەرمەند دەبن بەرێژەی (٥٥.٣٥%) و رۆژنامەنووسان بەپلەی دووەم هاتوون بەرێژەی (٢٧.٩٧) و هاوڵاتی ئاسایی بەپلەی سێیەم و بەرێژەی (١٠.١١%)، یاخود بەنەبوونی دەزگای چاودێری میدیایی دەبێتە گرفتی هەموان بەپلەی چوارەم و بەرێژەی (٦.٥٤%).

١٠- له بوونی دەزگای چاودێریی میدیایی له هەرێمی کوردستاندا، پێویسته سەر به چ ئۆرگانێک بێت؟

**خشتەی ١٥ دەزگای چاودێریی میدیایی له هەرێمی کوردستاندا، پێویسته سەر به چ ئۆرگانێک بێت ڕووندەکاتەوە**

| ژ | ئەگەرەکان | دوبارەبوونەوە | % | پله |
|---|---|---|---|---|
| ١ | سەربەخۆ | ٩٢ | ٥٤.٧٦ | یەکەم |
| ٢ | حکومەت | ٣٢ | ١٩.٠٤ | دووەم |
| ٣ | یاخود تێکەڵ بێت له هەمووان | ٢٨ | ١٦.٦٧ | سێیەم |
| ٤ | پەرلەمان | ١٦ | ٩.٥٢ | چوارەم |
| | کۆی گشتی | ١٦٨ | %١٠٠ | |

لەخشتەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە که دەزگاکانی چاودێریی میدیایی له هەرێمی کوردستاندا، پێویسته سەر به چ ئۆرگانێک بێت؟ زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە هاوڕان که پێویسته (سەربەخۆ) بن و بەرێژەی (%٥٤.٧٦) و بەپلەی یەکەم هاتووە و (حکومەت) بەرێژەی (%١٩.٠٤) و بەپلەی دووەم و (تێکەڵ) لەنێوان حکومەت و سەربەخۆ و پەرلەمان به پلەی سێیەم و بەرێژەی (%١٦.٦٧) هاتووە و (پەرلەمان) بەکۆتا پله هاتووە و بەرێژەی (%٩.٥٢).لێرەدا ڕووندەبێتەوە که زۆرینەی بەرتوێژان دەزگایەکی چاودێری سەربەخۆ بۆ جوڵەی میدیا بەپێویست دەزانن لەهەرێمی کوردستاندا.

١١- هۆکاری نەبوونی دەزگای چاودێریی بۆ چالاکی میدیاو سەرپەرشتی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لە هەرێمی کوردستان بۆ چ هۆکارێ دەگەڕێنیتەوە؟

**خشتەی ١٦ هۆکاری نەبوونی دەزگای چاودێریی بۆ چالاکی میدیاو سەرپەرشتی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لە هەرێمی کوردستان ڕووندەکاتەوە**

| ژ | ئەگەرەکان | دوبارەبوونەوە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | لاوازی رۆڵی سەندیکاو رێکخراوە مەدەنییەکان | ٦٦ | ٣٩.٢٨ | یەکەم |
| ٢ | دەستوەردانی حزبی | ٤٥ | ٢٦.٧٨ | دووەم |
| ٣ | بەهەند وەرنەگرتنی لەلایەن حکومەتەوە | ٢٧ | ١٦.٠٧ | سێیەم |
| ٤ | نەبوونی هەماهەنگی و کۆدەنگی لەنێوان پسپۆڕانی میدیاو ڕۆژنامەوانان | ٢١ | ١٢.٥ | چوارەم |
| ٥ | هیتر (بنوسە) | ٩ | ٥.٣٥ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ١٦٨ | %١٠٠ | |

لە خشتەی سەرەوەدا و لەوەڵامی پرسیاری (**هۆکاری نەبوونی دەزگای چاودێریی بۆ چالاکی میدیاو سەرپەرشتی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لە هەرێمی کوردستان بۆ چ هۆکارێ دەگەڕێنیتەوە؟**) لاوازی رۆڵی سەندیکاو رێکخراوە مەدەنییەکان بەپلەی یەکەم و بەرێژەی (٣٩.٢٨%) هاتووە و دەستوەردانی حزبی بە پلەی دووەم و بەرێژەی (٢٦.٧٨%) و بەهەند وەرنەگرتنی لەلایەن حکومەتەوە بەپلەی سێیەم و بەرێژەی (١٦.٠٧%) و نەبوونی هەماهەنگی و کۆدەنگی لەنێوان پسپۆڕانی میدیاو ڕۆژنامەوانان بەپلەی چوارەم و بەرێژەی (١٢.٥%) و کۆتا پلەی هۆکاری تریان نوسیوە و بەرێژەی (٥.٣٥%) بەپلەی پێنجەم هاتووە. لێرەدا روندەبێتەوە کە ڕاوبۆچونی زۆرینەی بەرتوێژان وایە کە هۆکاری نەبوونی دەزگای ناوبراو دەگەرێننەوە بۆ کەمتەرخەمی سەندیکای رۆژنامەنووسان ولاوازی ڕۆڵی رێکخراوە مەدەنیەکان , ئەم بۆچونە ئەوەدەخاتە ڕوو کەزۆرینەی بەرتوێژان متمانەیان لاوازە بە بژاردەکانی تر بۆدامەزراندنی دەزگای چاودێری بۆ جولەی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا.

بەڵام ئەو بەرتوێژانەی بە پلەی پێنجەم هاتووە بەڕێژەی (٥،٣٥%) هۆکارەکەیان دەگەڕاندەوە بۆ کەمی و لاوازی لایەنی ڕۆشنبیری و باکگراوندی زانیاری کەسان و لایەنی بڕیار بەدەست بۆ دروست بوونی دەزگای ناوبراو پێیان وابوو بە تەواوی لە گرنگی میدیاو بوونی دەزگایەک بۆ رێکخستنی شارەزا نین.

**تەوەری سێیەم: پرسیارەکانی پەیوەست بە بابەتی توێژینەوەکە**

١٢- نەبوونی دەزگایەکی چاودێری میدیایی وای لە رۆژنامەنووسان کردووە کە ئەرکەکانیان بە شێوازێکی ناپرۆفیشناڵی جێبەجێبکەن:

**خشتەی ١٧ هۆکاری ناپرۆفیشناڵی بۆ نەبوونی دەزگایەکی چاودێری میدیایی لە راپەراندنی ئەرکەکانی رۆژنامەنووسان روونده‌کاتەوە**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | لەگەڵیدام بەتەواوی | ٧٧ | ٤٥.٨٣ | یەکەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ٤٧ | ٢٧.٩٧ | دووەم |
| ٣ | لەگەڵیدانیم بەتەواوی | ١٧ | ١٠.١١ | سێیەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ١٦ | ٩.٥٢ | چوارەم |
| ٥ | دڵنیانیم | ١١ | ٦.٥٤ | پێنجەم |
| | کۆی گشتی | ١٦٨ | %١٠٠ | |

زۆرینەی بەرتوێژان بەپلەی یەکەم لەگەڵیدان بەتەواوی کە (نەبوونی دەزگایەکی چاودێری میدیایی وای لە رۆژنامەنووسان کردووە کە ئەرکەکانیان بە شێوازێکی ناپرۆفیشناڵی جێبەجێبکەن)، کە بەرێژەی (%٤٥.٨٣) هاتووە، هەروەها ئەوانەی لەگەڵیدان بەپلەی دووەم دێن و بەرێژەی (%٢٧.٩٧) ئەوانەی لەگەڵیدا نین بەتەواوی بەپلەی سێیەم بەرێژەی (%١٠.١١) و ئەوانەی هیچ لەگەڵیدا نین بەپلەی چوارەم هاتووە بەرێژەی (%٩.٥٢) و دڵنیانیم بە کۆتا پلە دێن بەرێژەی (%٦.٥٤).

لێرەوە روونده‌بێتەوە کە زۆرینەی بەرتوێژان لەگەڵ ئەوەدان کە نەبوونی دەزگایەکی چاودێری میدیایی وای لە رۆژنامەنووسان کردووە کە ئەرکەکانیان بە شێوازێکی ناپرۆفیشناڵی جێبەجێبکەن، چونکە زۆرینەی سەرپێچییە میدیاییەکان لەلایەن رۆژنامەوان و میدیاکارانەوە ئەنجام دەدرێن کە زۆرجار دەبنە هۆی دروست بوونی کێشە بۆ خودی ئەو کەناڵەی کاری تێدا دەکەن، وە زۆرجار بەبێ پۆزش هێنانەوە بۆ جەماوەرو سزادان بەسەریاندا تێدەپەرێ.

١٣- دابەشبوونی ڕۆژنامەنووسان بەسەر حزبە کوردییەکان وای کردووە کە هەوڵی تەواوەتی نەدەن بۆ دروستکردنی دەزگایەکی چاودێری میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا؟

**خشتەی ١٨ هۆکاری دروستنەکردنی دەزگایەکی چاودێری میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا بەهۆی دابەشبوونی ڕۆژنامەنووسان بەسەر حزبە کوردییەکان ڕووندەکاتەوە**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | لەگەڵیدام بەتەواوی | ٧٦ | ٤٥.٢٣ | یەکەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ٣٨ | ٢٢.٦١ | دووەم |
| ٣ | دڵنیانیم | ٢٤ | ١٤.٢٨ | سێیەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم بەتەواوی | ١٨ | ١٠.٧١ | چوارەم |
| ٥ | لەگەڵیدانیم | ١٢ | ٧.١٤ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ١٦٨ | %١٠٠ | |

زۆرینەی بەرتوێژان بەپلەی یەکەم لەگەڵیدان بەتەواوی کە (دابەشبوونی ڕۆژنامەنووسان بەسەر حزبە کوردییەکان وای کردووە کە هەوڵی تەواوەتی نەدەن بۆ دروستکردنی دەزگایەکی چاودێری میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا)، کە بەڕێژەی (%٤٥.٢٣) هاتووە، هەروەها ئەوانەی لەگەڵیدان بەپلەی دووەم دێن بەڕێژەی (%٢٢.٦١)، ئەوانەی دڵنیانین بەپلەی سێیەم دێن بەڕێژەی (%١٤.٢٨)، ئەوانەی بەتەواوی لەگەڵیدا نین بەپلەی چوارەم هاتوون بەڕێژەی (%١٠،٧١)، لەگەڵیدانیم بە کۆتا پلە دێن بەڕێژەی (%٧.١٤).

لێرەوە ڕووندەبێتەوە کە زۆرینەی بەرتوێژان لەگەڵ ئەوەدان کە دابەشبوونی ڕۆژنامەنووسان بەسەر حزبە کوردییەکان وای کردووە کە هەوڵی تەواوەتی نەدەن بۆ دروستکردنی دەزگایەکی چاودێری میدیایی بۆ کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستاندا. بەهۆی دابەش بوونیان بەسەر ئایدۆلۆژیای جیاوازدا کە هەریەکەو خاوەن ڕاو بۆچوونی جیاوازەو لە بەرژەوەندیەکی هاوبەشی دا یەک ناگرنەوە کە چاکسازی میدیایی یە لەپێناو بەرژەوەندی گشتی دا.

١٤- ئەنجامدانی نائیتیکی لە کارو پەیامی کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی لە هەرێمی کوردستاندا روو لە زیادبوونە؟

**خشتەی ١٩ پیادەنەکردنی ئیتیکی کاری میدیا لەناو کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لە هەرێمی کوردستاندا رووندەکاتەوە**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | لەگەڵیدام بەتەواوی | ٨٤ | ٥٠ | یەکەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ٤٥ | ٢٦.٧ | دووەم |
| ٣ | لەگەڵیدانیم بەتەواوی | ٢٧ | ١٦.٠٧ | سێیەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ١٧ | ١٠.١١ | چوارەم |
| ٥ | دڵنیانیم | ١١ | ٦.٥٤ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ١٦٨ | %١٠٠ | |

زۆرینەی بەرتوێژان بەپلەی یەکەم لەگەڵیدان بەتەواوی کە (ئەنجامدانی نائیتیکی لەکارو پەیامی کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی لە هەرێمی کوردستاندا روو لە زیادبوونە)، کە بەڕێژەی (%٥٠) هاتووە، هەروەها ئەوانەی لەگەڵیدان بەپلەی دووەم دێن بەڕێژەی (%٢٦.٧), ئەوانەی لەگەڵیدانیم بەتەواوی بەپلەی سێیەم بەڕێژەی (%١٦.٧)، ئەوانەی لەگەڵیدا نین بەپلەی چوارەم هاتوون بەڕێژەی (%١٠.١١)، دڵنیانیم بە کۆتا پلە دێن بەڕێژەی (%٦.٥٤).

لێرەوە رووندەبێتەوە کە زۆرینەی بەرتوێژان لەگەڵ ئەوەدان کە پیادەکردنی نائیتیکی لەناو کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی لە هەرێمی کوردستاندا روو لە زیادبوونە. بە هۆکاری جێبەجێ نەکردنی پرەنسیپەکانی ئیتیکی کاری میدیاو بەهەند وەرنەگرتنی لەلایەن بەڕێوەبەرانی کەناڵەکانەوە، وە نەبوونی کارنامەیەکی گشتی لەلایەن دامەزراوەیەکی ئەکادمی تایبەت بە بواری میدیاو گشتاندنی بەسەر سەرجەم کەناڵەکانی تەلەڤزیۆندا، وە کەم ئەزموونی توێژێکی تازە پێگەیشتوو کە ڕۆڵی بڕیار بەدەستیان هەیە لەناو کەناڵەکاندا.

١٥- نەبوونی کەسانی شارەزاو ئەکادیمی لەبواری میدیا لە دەسەڵاتی باڵای حوکمرانیدا هۆکارێکی تری دروستنەبوونی دەزگای چاودێری میدیاییە؟

**خشتەی ٢٠ نەبوونی کەسانی شارەزاو ئەکادیمی لەبواری میدیا لە دەسەڵاتی باڵای حوکمرانیدا ڕووندەکاتەوە**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | لەگەڵیدام بەتەواوی | ٦٩ | ٤١.٠٧ | یەکەم |
| ٢ | لەگەڵیدانیم | ٣٨ | ٢٢.٦١ | دووەم |
| ٣ | لەگەڵیدانیم بەتەواوی | ٣٠ | ١٧.٨٥ | سێیەم |
| ٤ | لەگەڵیدام | ٢٦ | ١٥.٤٧ | چوارەم |
| ٥ | دڵنیانیم | ٥ | ٢.٩٧ | پێنجەم |
| | کۆی گشتی | ١٦٨ | %١٠٠ | |

زۆرینەی بەرتوێژان بەپلەی یەکەم لەگەڵیدان بەتەواوی کە (نەبوونی کەسانی شارەزاو ئەکادیمی لەبواری میدیا لە دەسەڵاتی باڵای حوکمرانیدا هۆکارێکی تری دروستنەبوونی دەزگای چاودێری میدیاییە)، کە بەڕێژەی (%٤١.٠٧) هاتووە، هەروەها ئەوانەی لەگەڵیدانین بەپلەی دووەم دێن بەڕێژەی (%٢٢.٦١)، ئەوانەی لەگەڵیدا نیم بەتەواوی بەپلەی سێیەم هاتوون بەڕێژەی (%١٧.٨٥)، ئەوانەی لەگەڵیدان بەپلەی چوارەم هاتوون بەڕێژەی (%١٥.٤٧)، دڵنیانیم بە کۆتا پلە دێن بەڕێژەی (%٢.٩٧).

لێرەدا ڕووندەبێتەوە کە زۆرینەی بەرتوێژان لەگەڵ ئەوەدان کە نەبوونی کەسانی شارەزاو ئەکادیمی لەبواری میدیا لە دەسەڵاتی باڵای حوکمرانیدا هۆکارێکی تری دروستنەبوونی دەزگای چاودێری میدیاییە. کە ڕایان وایە بوونی کەسانی پسپۆڕو ئەکادمی بواری میدیا لە دەسەڵاتی بڕیار بەدەستدا ڕۆڵی بەرچاو و گرنگی دەبوو، چونکە ئەو کەسانە شارەزان و دەزانن ڕۆڵی میدیا کاریگەری گەورەی هەیە بەسەر سەرجەم سێکتەرەکانداو هەوڵی ڕێکخستنی دامەزراوەیەکی فەرمیان دەدا کە زمانحاڵی میدیا بێت بەگشتی بەمەبەستی گەڕانەوەی پەیامی میدیاو کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن بۆ سەر ڕاستە ڕێگەی خۆی و دەیانخستە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی یەوە.

١٦- ڕێككەوتنی لایەنە سیاسییەكان لە دانانی یاساوریساكانی میدیا وڕۆژنامەوانی لەهەرێمی كوردستان زیاتر كاری میدیاكارانی لاواز كردووە؟

**خشتەی ٢١ لاوازی لە بڕگەو مادە یاساو ڕێساكانی میدیا بەهۆی ڕێككەوتنی لایەنە سیاسییەكان لە هەرێمی كوردستان**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | لەگەڵیدام بەتەواوی | ٧٨ | ٤٦.٤٢ | یەكەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ٤٢ | ٢٥ | دووەم |
| ٣ | لەگەڵیدانیم | ٢٥ | ١٤.٨٨ | سێیەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم بەتەواوی | ١٥ | ٨.٩٢ | چوارەم |
| ٥ | دڵنیانیم | ٨ | ٤.٧٦ | پێنجەم |
| | كۆی گشتی | ١٦٨ | %١٠٠ | |

زۆرینەی بەرتوێژان بەپلەی یەكەم لەگەڵیدان بەتەواوی كە (ڕێككەوتنی لایەنە سیاسییەكان لە دانانی بڕگەو مادەو یاساو ڕێساكانی بواری میدیاو ڕۆژنامەوانی كاری میدیایی لاواز كردووە) كە بەڕێژەی (%٤٦.٤٢) هاتووە، هەروەها ئەوانەی لەگەڵیدان بەپلەی دووەم دێن بەڕێژەی (%٢٥), ئەوانەی لەگەڵیدانین بەپلەی سێیەم و بەڕێژەی (%١٤.٨٨) ئەوانەی لەگەڵیدانین بەتەواوی بەپلەی چوارەم بەڕێژەی (%٨.٩٢) دڵنیانیم بە كۆتا پلە دێن بەڕێژەی (%٤.٧٦).

لێرەوە ڕووندەبێتەوە كە زۆرینەی بەرتوێژان لەگەڵ ئەوەدان كە دەستوەردانی حیزبی لەیاساوریساكانی بواری میدیاو ڕۆژنامەوانی بۆتە هۆی لاوازی لە دانانی بڕگەو مادەی یاساكان كەدواجار بوونەتە هۆی لاوازی كاری میدیایی و میدیاكاران, چونكە لایەنە سیاسییەكان هەروەك زۆربەی بوارەكانی تری دەسەڵات هەندێ بڕگەو مادەی یاساییان لە بەرژەوەندی خۆیان داناوە تا بە ئاسانی بتوانن مامەڵەی لەگەڵدا بكەن.

١٧- زەقبوونەوەو لایەنداری کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی لە کوردستان, موڵکداری کەناڵەکان لەلایەن حزبەکانەوە دروست بوونی دەزگای چاودێری میدیایی دوورخستۆتەوە؟

**خشتەی ٢٢ نەبوونی دەزگای چاودێری میدیایی بەهۆی موڵکداری کەناڵەکان لەلایەن حزبەکانەوە ڕوودەکاتەوە**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | لەگەڵیدام بەتەواوی | ١١٧ | ٦٩.٦٤ | یەکەم |
| ٢ | لەگەڵیدانیم بەتەواوی | ٢٣ | ١٣.٦٩ | دووەم |
| ٣ | لەگەڵیدام | ١٤ | ٨.٣٣ | سێیەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ١٢ | ٧.١٤ | چوارەم |
| ٥ | دڵنیانیم | ٢ | ١.١٩ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ١٦٨ | %١٠٠ | |

زۆرینەی بەرتوێژان بەپلەی یەکەم لەگەڵیدان بەتەواوی کە (زەقبوونەوەو لایەنداری کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی لە کوردستان و موڵکداری کەناڵەکان لەلایەن حزبەکانەوە دروست بوونی دەزگای چاودێری میدیایی دوورخستۆتەوە)، بەڕێژەی (٦٩.٦٤%), هەروەها ئەوانەی لەگەڵیدانین بەتەواوی بەپلەی دووەم دێن, بەڕێژەی (١٣.٦٩), ئەوانەی لەگەڵیدان بەپلەی سێیەم بەڕێژەی (٨.٣٣%)، ئەوانەی لەگەڵیدانین بەپلەی چوارەم بەڕێژەی (٧.١٤)، دڵنیانیم بە کۆتا پلە دێن بەڕێژەی (١.١٩%).

لێرەوە ڕوودەبێتەوە کە زۆرینەی بەرتوێژان لەگەڵ ئەوەدان کە زەقبوونەوەو لایەنداری کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی لە کوردستان و موڵکداری کەناڵەکان لەلایەن حزبەکانەوە دروست بوونی دەزگای چاودێری میدیایی دوورخستۆتەوە.

١٨- بە حزبی بوونی دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە میدیا بوونەتە هۆی سستی لەبەرەوپێشبردنی دامەزراندنی دەزگای چاودێری میدیایی؟

**خشتەی ٢٣ لاوازی دامەزراوە فەرمییەکانی پەیوەندار بە میدیان ڕووندەکاتەوە**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | لەگەڵیدام بەتەواوی | ٦٩ | ٤١.٠٧ | یەکەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ٥٧ | ٣٣.٩٢ | دووەم |
| ٣ | لەگەڵیدانیم | ٣٠ | ١٧.٨٥ | سێیەم |
| ٤ | دڵنیانیم | ٦ | ٣.٥٧ | چوارەم |
| ٥ | لەگەڵیدانیم بەتەواوی | ٤ | ٢.٣٨ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ١٦٨ | %١٠٠ | |

زۆرینەی بەرتوێژان بەپلەی یەکەم لەگەڵیدان بەتەواوی کە (بە حزبی بوونی دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە میدیا بوونەتە هۆی سستی بەرەوپێشبردنی دروست بوونی دەزگای ناوبراو) کە بەڕێژەی (%٤١.٠٧) هاتووە، هەروەها ئەوانەی لەگەڵیدان بەپلەی دووەم دێن بەڕێژەی (%٣٣.٩٢)، ئەوانەی لەگەڵیدانین بەپلەی سێیەم هاتووە بەڕێژەی (%١٧.٨٥)، ئەوانەی دڵنیانین بەپلەی چوارەم بەڕێژەی (%٣.٥٧) هاتووە لەگەڵیدانیم بەتەواوی بە کۆتا پلە دێن بەڕێژەی (%٢.٣٨).

لێرەوە ڕووندەبێتەوە کە زۆرینەی بەرتوێژان لەگەڵ ئەوەدان کە بە حزبی بوونی دامەزراوە فەرمیەکانی پەیوەندار بە کاری میدیا بوونەتە هۆی لاوازی بەرەوپێشبردنی دەزگای چاودێری میدیایی بۆ کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لەهەرێمی کوردستان. لەبەرئەوەی زۆرینەی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن کەناڵی حزبین، بەرژەوەندی حزب و ئایدۆلۆژیان بە پلەیەک داناوە لە کارو چالاکی میدیایدا نەک بەرژەوەندی گشتی، لەبەرئەوە پێیان باش نییە دامەزراوەیەک هەبێ ڕێ و شوێنی کاری میدیایان بۆ دابنێ و لێپرسینەوە لە سەرپێچییەکانیان بکات.

## دەرئەنجام

دوای کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکانی توێژینەوەکە وە خستنەڕوویان بە بەکارهێنانی چەندین ڕێگەو شێوازی شرۆڤەکاری و ئاماری، لێرەدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە لە رووی مەیدانی یەوە پێگەیشتووە، دەخەینەڕوو:

١- زۆرینەی سامپلی توێژینەوەکە , ڕایان وایە بوونی دەزگایەکی چاودێریکردنی بۆ کارو چالاکی میدیا دەتوانێ رۆڵی هەبێ لە ڕێکخستن وفلتەرکردنی ناوەرۆکی پەیامی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان، گەر دووربێت لە دەستوەردانی حزبی.

٢- باڵادەستی لایەنە سیاسییەکان بەسەر ئەدای کاری کەناڵە میدیاییەکانەوە بەهۆی خاوەنداریێتیان بۆ کەناڵەکان , یەکێکە لە هۆکارەکان بۆ دروست نەبوونی دەزگاکانی چاودێریکردنی میدیایی بۆ چاودێری کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لەهەرێمی کوردستان .

٣- نەبوونی یاسای تایبەت بە ئامرازەکانی بینراو و بیستراو, هۆکارێک بۆ لاوازی هەوڵەکان بۆ دامەزراندنی دەزگای چاودێریکردنی میدیایی بۆ چاودێری کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن.

٤- بەربەستێکی تری بەردەم بەرەو پێشەوە نەچوونی دروست بوونی دەزگایەکی چاودێری میدیایی دابەش بوونی رۆژنامەنووس و میدیاکارانە بەسەر حزبە کوردییەکاندا, بۆتە هۆی نەبوونی هەماهەنگی و کۆدەنگی بۆ دامەزراندنی دەزگایەکی چاودێریکردنی میدیایی بۆ کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن.

٥- ئەنجامدانی پێشێلکاری کاری میدیایی لە کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن بەتایبەتی، وە بەزاندنی سنووری ئازادی ڕادەربڕین، بەهۆی لاوازی شارەزاییان لە یاساو ڕێساو ئێتیکی میدیایی.

٦- بوونی زیادەڕۆیی و ناڕاستی لە ناوەڕۆکی بەرنامەکان و پەیامی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن.

٧- زۆرینەی بەرتوێژانی توێژینەوەکە لە توخمی (نێر)ن , (پلەی یەکەم)یان وەرگرتووە , توخمی (مێ) بە (پلەی دووەم) هاتوون، لە ریزبەندیی ئەگەرەکاندا .

٨- زۆرینەی بەرتوێژان تەمەنیان لە نێوان (٢٥-٣١) ساڵدایە ، کە پلەی یەکەمی بەشداربووانیان وەرگرتووە.

٩- زۆرینەی بەرتوێژان، هەڵگری بڕوانامەی (بەکالۆریۆس)ن، کە (پلەی یەکەم)یان هەیە.

١٠- زۆرینەی بەرتوێژان لە (رۆژنامەوان)ن، کە (پلەی یەکەم)یان هەیە.

## ڕاسپاردە

یەکەم: دامەزراندنی (دەزگاکانی چاودێریکردنی میدیایی بۆ چاودێری کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن) لەپێناو ڕێکخستن و فلتەرکردنی پەیامی کەناڵەکان و چالاکی میدیا بەگشتی ، بەمەبەستی پیادەکردنی چاودێریەکی پیشەیی و بابەتی یە لەپێناو دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان ئازادی رادەربڕین و جێبەجێکردنی ئیتیکی کاری میدیایی لە کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان . بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی ووڵاتە پێشکەوتووەکاندا.

دووەم: ئەنجامدانی کۆڕو کۆنفڕانسی زانستی لەلایەن زانکۆو دامەزراوە ئەکادیمییەکانی بواری میدیا، بۆ ناساندن و شرۆڤەکردنی زیاتری دەزگاکانی چاودێری میدیایی خستنەڕووی زیاتری لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی، بە سوود وەرگرتن لە ئەزموون و پسپۆڕی کەسانی ئەکادیمی و پسپۆڕانی بواری میدیاو یاساناسان لە هەرێمی کوردستان.

سێیەم: هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) و دانانی بڕگەوماددەی تایبەت بە ئامرازەکانی (بینراو بیستراو). وە زیادکردنی بڕگەی پەیوەست بە (هەلومەرجی قەیران) لە یاسای ناوبراو, تا رۆژنامەنووسان و میدیاکاران لەکاتی دروست بوونی هەر قەیرانێک مامەڵەیەکی دروستی میدیایی ئەنجامبدەن بەپێی یاسا و رێسا رەچاوی دۆخی هەرێم و ژیانی خەڵک بکەن.

چوارەم: باشترە چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ئیتیکی میدیایی وەک راستگۆیی و بابەتی و پیشەیی و هاوسەنگی لە ناوەڕۆک و پەیامی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن بەهێزتر بکرێت، چ لەلایەن خودی کەناڵەکانەوە لە ڕێگەی دانانی ڕاوێژکاری میدیایی لەناو دامەزراوەکانیاندا، یاخود بەپێی ئەو یاساو ڕێساو ڕێنماییە بەرکارانەی کە لە دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەتی هەرێم تایبەت کراوە بە کاری میدیایی و کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن، دووبارە گشتاندنی بۆ بکرێ، بە ڕێنمایی نوێ یەوە بەشێوەیەک کە گونجاو بێ لەگەڵ بارودۆخی هەرێمی کوردستان دا.

پێنجەم: دامەزراندنی سەنتەری توێژینەوەی میدیایی لە هەرێمی کوردستان، تایبەت بە پرسە میدیاییەکان و ئامرازەکانی بینراو و بیستراو، تا بەردەوام بەشێوەیەکی زانستی لە ڕەوشی میدیای کوردی و پێویستی یە هەنووکەییەکانی بکۆڵرێتەوە.

## پێشنیاز

١- ئەنجامـدانی زیـاتری تـوێژینەوەی هاوشـێوەی ئەم تـوێژینەوەیە, بـە مەبەسـتی زیـاتر شیکردنەوەو خستنەڕووی سەرجەم ڕەهەندەکانی لە پێناو سوود گەیاندن بە میدیاکاران و کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لە هەرێمی کوردستان، تا بتوانرێت هەموو ئەو کەلێنانەی لە ڕەوشی میـدیا دا بونیـان هەیە بەشـێوەیەکی ئەکـادمی و زانسـتی پـڕ بکـرێتەوە, وەخسـتنە ڕووی کاریگەرییەکانیان لەسەر خودی میدیاوکۆمەڵگەی کوردی بەگشتی.

٢- هەسـتکردن بە بەرپرسـیارێتی زیـاتری ڕۆژنامەنووسـان و میـدیاکاران لەبەرامـبەر جەماوەر, بەزیاتر پەیڕەوکردنی ئیتیکی میدیایی لەکارو چالاکییەکانیاندا.

٣- هووشیارکردنەوەی زیاتری تاکەکانی کۆمەڵگە , لەڕێگەی توێژینەوەی زیاتر لەسەر مافی بینـەرو گوێگر , بەمەبەستی کەمکردنەوەو نەهێشتنی پێشێلکارییە میدییایەکان کە لەرێگەی بـابەت و پەیـامی کەناڵەکـانی میـدیاوە بەرامبـەریان ئەنجامـدەدرێن، بـە مەبەسـت بیَ یـان لـە ڕووی نەشارەزایی یەوە.

٤- گرنگـی زیـاتر بـدرێت بەدروسـت کردنـی یـەک گوتـاری و یـەک هەڵوێسـتی لـە پێشـکەش کردنـی هـەر پێشـنیار و گەلاڵەنـامەیەک دەربـارەی دامەزرانـدنی دەزگایـەکی چـاودێریکردنی میدیایی بەلایەنی پەیوەندیدار, وە سوودوەرگرتن لە شارەزایی و ئەزموونی کەسـانی پسـپۆڕ لە بواری میدیا.

# لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: کتێب:**

**آ. بە زمانی کوردی:**


١- امیر نامیق عبدالله (د)، ٢٠٠٥، رادیۆو تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ک).

٢- سامان جلال (د)، ٢٠١٨، هونەرەکانی رۆژنامەوانی، هەولێر، چاپخانەی رۆژهەلات.

٣- سامی زوبیان (د)، ٢٠٠٨، رۆژنامەنووسی رۆژانەو راگەیاندن، سلێمانی، و: مەم بورهان قانع لە کتێبە چاپکراوەکانی رۆژنامەی چاودێر.

٤- شێرکۆ جەبار (د)، ٢٠٠٢، واقع و ئایندەی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان، کرکوک، چاپخانەی شەهید ئازادی هەورامی.

٥- صباح مجید، ٢٠٠٧، تەلەڤزیۆنە کوردییەکان و رۆڵیان لە پێشخستنی کۆمەڵگادا، کرکوک چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی.

٦- غازی حسن، ١٩٩٨، سەرکوتی رۆژنامەی کوردی لە سێبەری یاسادا، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری.

٧- فریبا سەیاد علی، فەرهەنگی ٢٠٠٨، نوریتی رۆژنامەوانی، سلێمانی، وەرگێران، کارزان محمد، بەرێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سەردەم.

٨- کارزان محمد (د)، ٢٠١١، سانسۆری رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

٩- کریم کشاکش، ٢٠٠٨، گرووپەکانی فشارو کاریگەرییان بۆ سەر سستەمە سیاسییە هاوچەرخەکان، دهوک، و. شاهۆ فائق، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریان.

١٠- کمال سعدی، ٢٠٠٥، چوارچێوەی یاسای ئازادی رۆژنامەگەری لە کوردستانی عێراق، توێژینەوەیەکی بەراوردکاریە، سلیمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

١١- محمد فریق حسن، ٢٠٠٧، دەسەڵاتی چوارەم و زمانی تەلەڤزیۆن، سلیمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەرجەم.

١٢- محمود وەندی، ٢٠٠٣، رۆڵی کەناڵە ئاسمانییەکان لە دواندنی کوردانی تاراوگە، کرکوک، و: رابەر رەشید، چاپخانەی کارۆ.

١٣- نعيم البديعى (د)، ٢٠٠٩، رۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی، وەرگێڕان، سلێمانی، کارزان محمد چاپ و پەخشی سەردەم.
١٤- هێرش رسول (د)، ١٩٩٤-٢٠٠٠، رۆژنامەی ئەهلی لە باشووری کوردستان، سلێمانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان.

**ب. بە زمانی عەرەبی:**

١- ابراهيم الداقوقى، ١٩٨٦، قانون الأعلام، مطبعة وزاره الأوقاف والشؤون الدينيه، بغداد.
٢- احمد بدر، ١٩٩٨، الأتصال بالجماهير بين الأعلام والتطويع والتنميه، القاهرة، دار البقاء للطباعة والنشر والتوزيع.
٣- احمد بريدى، ٢٠٠٠، الحرية الصحافة، مطبعة دمشق، سوريا.
٤- اكرم شلبى، معجم المصطلحات الأعلاميه..
٥- باقر أنصارى، ١٩٨٤، حقوق ارتباطات جمعى، كلية علوم اجتماع، جامعه طبا طبايى، أيران.
٦- بير بۆرديو، ٢٠١٣، التلفزيون واليات التلاعب بالعقول، سوريا، ترجمة، درويش الملوجى_ دار كنعان.
٧- تيسر احمد ابوعرجه، ٢٠٠٦، قضايا و دراسات اعلامية، دار جرير للنشر والتوزيع.
